# رایەکی دی

**بیست** ساڵ پێش ئێستا، هەر ماڵە وەزع باشەکان تەلەفۆنیان هەبوو، بەلاّم ئەمڕۆ(2006/11/14) لەبەردەم هوتێلی زەیتونە لەهەولێر، پیرەمێردێك کە بەدەستێك عارەبانەیەکی داری بەدوای خۆیدا دەکێشا، بەدەستەکەی دیکەشی مۆبایلێکی نۆکیای خستبووە بناگوێی و قسەی دەکرد.

دوای شۆڕشی یەکەم( کشتوکاڵی)، شۆڕشی دووەم (پیشەسازی)، شۆڕشی سێیەم هات، کە بە (شۆڕشی زانیارییەکان) ناوزەدکرا.

شۆڕشی سێیەم پێشکەوتنی هۆیەکانی راگەیاندن و پەیوەندییەکانە، کە زۆر چەمکی نێودەوڵەتی و یاسایی، گۆڕانیان بەسەرداهات و هەر لەسایەی ئەو شۆڕشەشدایە ئەمڕۆ جیهان وەك گوندێکی بچووکی لێهاتووەو راگەیاندن دەستێکی بالاّی بڕیار دروستکەری لەهەموو گۆڕانە سیاسییەکان و حکومییەکاندا هەیە. لەهەر شوێنێك پێشکەوتنی پیشەسازی و بازرگانی و تەکنۆلۆژی پێشکەوتووتر بن، راگەیاندنیش رووی تێدەکا و بەرەوپێشتر دەچێ. ئەوەتا سعودیە گەورەترین کەناڵی تەلەفزیۆنیی خۆی(العربیە) لەدوبەی دادەنێ. ئەگەر بڕیارە هەولێریش ببێتە دوبەی، دەبێ ئامادەی پێشوازیکردن و دانانی دەزگای پێشکەوتووی راگەیاندن بێ.

هەر بەهۆی ئەو رۆڵەوەیە، ئەمڕۆ پێشکەوتووترین و سەرکەوتووترین سەرۆك حکومەت و وەزیر ئەوەیە، کە خۆی بەپێویست و بەناچار ببینێ بێتە بەردەم پرسیار و مایکەکانی دەزگاکانی راگەیاندن.

ئەمڕۆ ئاستی پەیوەندیی عارەبانچییەکیش لەولاّتی ئێمەدا چووەتە سەرەوە، ئەگەر هاوشان لەگەڵ ئەوەدا دەزگاکانی راگەیاندن هەست بەوەنەکەن، کە پێویستە ئاستی پێشکەشکردنی زانیاریی ببەنە سەرەوە، ئەوا راگەیاندن ناتوانێ متمانەی دانیشتوانی کوردستان بەدەست بێنێ. ئەمڕۆ وشیاریی خەڵك لەوە تێپەڕیوە هەروا لەبەر خۆشەویستی حیزبەکەی دەست بۆ باخەڵی خۆی بباو رۆژنامە و گۆڤارێکی بەتاڵ لەزانیاری تازە بکڕێ. هەژار موکریانی کاتی خۆی لە نووسینێکیدا نووسیویەتی و دەڵێ گرنگ ئەوەیە بنووسین، هەرهیچ نەبێ بۆ ئەوەی وشەکانی زمانەکەمان لەفەوتان بپارێزین. ئەمڕۆ ئەو مەترسییە نەماوەو خەڵکیش وەك خزمەتگوزارێك تەماشای راگەیاندن دەکا. کام رۆژنامە ئەو خزمەتگوزاریەی فرەترو ئاست بەرزتر بێ، خەڵك بەلای ئەودا دەچێ.

**ئاکۆ محەممەد**

ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتنی دەزگاکانی راگەیاندن زۆرن، بەتایبەتیش لەدەزگا راگەیاندنە حیزبییەکان، هەروەك جارێك بەرپرسێکی راگەیاندن پێیگوتم کۆسپی گەورە ئەوەیە هەندێك لە بەرپرسانی دەزگاکانی راگەیاندنە حیزبییەکان بوونەتە خاوەن بەرژەوەندیی، بەرژەوەندپارێزیی خۆشیان لەبێدەنگییدا دەبیننەوە. ئەگەر حیزب بۆ میللەت بێ، دەبێ راگەیاندنەکەشی دوور لەمیللەت نەبێ. ئەگەرچی ئەوەش دەزانم راگەیاندنی حیزبی لەهیچ ولاّتێك گەشاوە نەبووە، تاوەکو لێرە بریقە بداتەوە.

یان زۆر جار دەگوترێ راگەیاندنی ولاّتی ئێمە دەبێ جیاوازبێ لەهی ولاّتانی دیکە، لێرەدا پرسیارێك دەکرێ ببێتە پێوەری راستی و هەڵەیی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، چ جیاوازییەك لەنێوان یارییەکی تۆپی پێی قەزای سۆران و شاری بەرشەلۆنە هەیە لەرووی بنەما و رێساکانەوە. فاول لێرەو لەوێ هەر فاولە، یارییەکانی ئێرەو ئەوێش بەیانزە یاریزان،...هتد یاری دەکەن، واتە بە کورتی رۆژی هەر کەس لەماڵی خۆی بەسەر چوو.

کۆوار، کۆواری ئێستا و ئاینده

# نامەیەك بۆ خوێنەران



مەریوان فه تحی کەریم

## رۆژباش..

کاتێك  ژیان نازەنینترو رازاوەتر دەبێت، کە مرۆڤەکان لێك حاڵی بن، لێك حاڵی بوونیش ئامانجێکی موجەڕڕەد نییە، دەبێ مەبەست لە لێك حاڵی بوون، بەتەنگەوەهاتنی یەکتری بێو لەبواری پراکتیکیشدا گۆڕینەوەو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی یەکدی بێتە ئارا، بەڵام...

بەڵام ئەم ئافەریدەیەی لەهەر پنتێکی سەرزەوی رەنگو کولتورێکی تری هەیە، خاڵێکی لاوازی زۆر ستراتیژیی هەیە، خاڵێك کە زۆرجاران  وای لێ دەکات رەش بەسپی ببینێو درۆش بەڕاست ببیسێ! تۆ بڵێی ئەو خاڵە سیحر بێ،  یان ئەنترۆبۆمۆرفیا، یاخود زانستی کیمیا بێو  وابکا حەقیقەت بەرەواژی ببێتەوە!، ئەو خاڵە، خاڵێکی زۆر قێزەونو ناشایستەیە بەمرۆ، چونکە خاڵی هاوبەشی مرۆو گیانلەبەرە بێ ئاوەزەکانە، ئەویش غەریزەی خۆپەرستی یە..

لەدارستاندا ئەم غەریزەیە پاڵ بە بەهێزەوە دەنێ، رۆمانسییانە بیر لەهەستو نەستو وجودی جوانی نێچیرەکەی نەکاتەوە، گرنگ ئەو برسییەتیو دەبێ سکی تێر کات، حەڵاڵو حەرامێك لەگۆڕێ نییە، زۆر جاریش لەناو کۆمەڵی مرۆییدا هەمان دیاردە، بەڵام بەشێوازی تر دەبینرێ، تۆ بگەڕێرەوە بۆ دواوەو لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەرەوە، ئاخۆ سەراپای خوێنو کێم نییە؟ ئاخۆ مرۆ چ جیاوازییەکی لەگەڵ گورگدا دەمێنێ؟! باشە بۆچی بەدرێژایی ئەو هەموو سەدەو ساڵانە مرۆ ئاوەزی ناکاتە رابەر؟ بۆچی تا ئێستاش غەریزە ئاراستەی دەکاو سەدان کەتنی نەکردەی پێ ئەنجام دەدات؟! بۆچی دەبێ ئیللا خانووی تۆ لەهی هەمووان بەرچاوتر بێ؟ ئایا تۆ لەوان مرۆتری؟ یاخود غەریزە پاڵت دەدات تۆ خۆتت بەلاوە شێر بێو ئەوانی تریش مێروولە؟!. هیتلەر پێی وابوو نەسلی جێرمەن رەسەنەو دەبێ گەورەی سەرزەوی هەر ئەوان بن، دەیان ملیۆن مرۆی بێ گوناهی کوشتو بەکوشت دا، ئەمە پێناوێکی مرۆیی نەبوو، هیتلەر نوقمی ناو غەریزەو بوغزو خۆپەرستی بوو، لەو ئافەریدانەیە مرۆ بە گوێ بوون لەناوەکەی رشانەوەی دێ.. بەڵام گیانەکەم، مێژوو هەر هیتلەرێکی نەخوڵقاندووە، بەڵکو دەیانو سەدانو ملیۆنان هیتلەر لەگۆڕێن، هەموو ئەوانەی خۆپەرستی دەستی غەریزەی نەوسنن، لەشوێنەکانی خۆیان هیتلەرێکن، تۆ هەر وەختێ بیرت لەوەکردەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئازاری ئەوانی تر بدەیت، بێگومانبە هیتلەرێکی چکۆڵەی، رۆژگار بتکاتە سەرۆکی دەوڵەتێکی دەوڵەمەندو پیشەسازیی گەورە، حەتمەن لەهیتلەر باشترت لێ چاوەنۆڕ ناکرێ. ئەوەتا سەددامێکی پێ پەتیو خۆپەرست چی نەکرد؟ ئەی ئەوەنییە سالح موتلەگیش پرۆڤەی ئەو رۆڵە دەکات! هەر خۆی بە شایانی جێنیشینی دیکتاتۆرەکەی پێشووی دەزانێ، لای ئەو کورد لەنەسلی جنۆکەنو دەبێ بەردەوام بیسمیللایان لێ بکرێ، ئەو عارەبەش کە بەکوردێك بڵێ مەرحەبا شیری دایکی حەرام دەکات، ئەمەش تیۆری عروبەیەو هەر کەسێ لێی لابدات دەبێ سەری بێتە قوتکرن..

عەزیزەکەم.. لەسەر ئەم هەسارەیە وڵاتی زۆر جوانو رەنگین هەن، کوردستانە بەردەوام خاپوورکراوەکەی ئێمەش هێشتا هەر بەپێوەیەو یەکێ لەو پنتە جوانو دڵگرانەیە، بەڵام خاك بەبێ مرۆی کراوەو ژیر، هەر خاکێکی جامدو موجەڕڕەدە، وڵاتی ئێمەش وەك وڵاتانی دی پێویستی بەگەنجی تێگەیشتوو هەیە، پێم سەیرە زۆرجار داواکاریەکانمان لەهی منداڵێکی وڕك گرتوو دەچێ! ناکرێ تۆ هەر بخوازیو بخوازیو بەردەوام بخوازی، ئەی ئەرکی مرۆیی تۆ لەسەر ئەم زەمینە دڵڕفێنە چییە؟ کوا چەند گەنجی ئێمە داهێنانیان لەبوارەکانی زانست ئەنجام داوەو پشتگیرییان نەکراوە؟ ئایا ئێمە هەر هۆڵەکانی دیسکۆو کافتیریا بێ بەرهەمو داهێنانەکانمان دەوێ؟ یاخود ئەو دەزگایانەمان دەوێ کە پەرە بەلایەنە ژیرییو مرۆییو زانستیەکانمان دەدەن؟ ئایا مرۆی وڵاتی ئێمە چیان لەمرۆی یابانو کۆریاو.. .. کەمترە؟ بێگومان هیچ، بەڵام جیاوازیەکە هەر ئەوەیە ئەوان ئیرادەی بنیاتنانو داهێنانیان زیاترە، چونکە کولتوری ئەوان کولتوری ژیانە نەك مەرگ.. عەزیزەکەم..

چاوەکەم.. کولتوری ئەوان بەئاوەز کراوە، دەمێکە ئاوەز بەسەر غەریزەیاندا زاڵ بووە، غەریزە لەپەنهانەکانی هۆشی ئێمەدا بەردەوام ئامادەیە، ناهێڵی بەئاوەز بیربکەینەوەو بڕیار بدەینو کاربکەین، توێژینەوە زانستیەکان پێمان دەڵێن ئاوەزی مرۆ زۆر بەتوانایە، بەڵام کاتێ بخرێتە گەڕو بەرامبەرەکەی کە غەریزەی خۆپەرستییە سەرکوت بکرێ.

ئایا چۆن دەتوانین ئەم غەریزە نەعلەتییە سەرکوت بکەینو خۆمان لە کولتوری مەرگ رزگار بکەین؟ بەڕای من پێویستییمان بەوەرزشی رۆحییو رۆژانەیە، دەبێ دروشمی وەرزشەکە خستنە پێشی بەرژەوەندییە گشتییەکان بێ لەبەرابەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، ئینجا ئێمە دەیسەلمێنین تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەین، کە قوربانی بۆ دەدەینو پێیان دەگوترێ مرۆ، دەبا داواکاریەکانمان لەو سنوورانە دابێت کە بابەتین، نەك پێمان وابێت دەشێ دەسەڵات فانۆسەکەی عەلائەددین بێتو هەر کاتێكو هەرچیمان بوێ بەچاو تروووکانێك بۆمان جێ بەجێ دەکات، دەبا بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئاوەزو پرسێك بەو بکەین، ئاخۆ خاڵە لاوازەکانمان چیین تا بەسەریاندا زاڵ بین؟ لەکۆتاییدا دەستەکانتان دەگوشم.

# ئەگەر ڕێگات کەوتە سوێد

## پارک تیاتر



د. سەپان

**ڕۆژی یەکەم**
**ماگی منداڵان**

**بەگوێرەی** ئەو ڕێکلامەی لەڕۆژنامە بلاّوکرابوّوە، دەمانزانی ئەمڕۆ پێنج شەممە ڕێکەوتی 1-8- 2006 کاتژمێر 12.15 چالاکییەکی کولتووری لەباخچەی Kungsträdgården بۆ منداڵان پێشکەش دەکرێت.

ئەگەر وشەی "کونگستریدگۆردن" لەزمانی سویدی بۆ کوردی بگۆڕین، دەکاتە "باخچەی پاشا". لەڕاستیشدا تا بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم باغە سەر بە کۆشکی پاشا بوو، تەنیا خۆی و میوانەکانی بۆیان هەبوو تێیدا پیاسە بکەن، یان قاوەی تێدا بخۆنەوە. یانی خەڵکی لابەلا بەهیچ شێوەیەك بۆی نەبوو بچێتە ناوی یان پیاسەی تێدا بکات. تا لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو کرا بەشوێنێکی جەماوەریی و دەرگای بۆ خەڵك کرایەوە.

باخچەی پاشا، یەك لەشوێنە هەرە بەناوبانگەکانی شاری ستۆکهۆلمەو دەکەوێتە ناوەڕاستی شار. لەم باغە، ڕۆژانە چالاکی جیا جیای کولتوری ئەنجام دەدرێت. وەك یاری شەترەنج، گۆرانی گوتن، یاری منداڵان، تادوایی.

چوونی ئەمجارەمان بۆ پارکی پاشا، تەواو بەئامانجی دیارو جیا لەجارەکانی تر بوو، چونکە ئەمجارەو ئەمڕۆ بۆ بینینی ماگی منداڵان "MAGI" "سحر" چووبووین. ئێمە نزیکەی 10 خولەك پێشتر لەشوێنی مەبەست ئامادەبووین، بەڵام دیار بوو پێش ئێمەش زۆربەی کورسییەکان گیرابوون.

هەموو ئەوانەی بۆ بینینی ماگی هاتبوون، بەتەنیا نەهاتبوون و منداڵیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، چالاکییە کولتورییەکەش بە سێ کەس بەڕێوە دەچوو. کچێك بەرپرسی دەنگ بوو، پیاوێکی Filijokus Fredrik بە بینەران و ئامادەبووان ناساندو ئاهەنگی کردەوە. فرێدریك فیلییۆکوس کوڕێکی گەنج بوو، بەرنامەکەشی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر تایبەت بە ماگی منداڵان بوو. هەمان بەرنامەی لەهەمان شوێن لەکاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ دووبارە دەکردەوە. بینینی ماگییەکانی فرێدریك بەخۆڕایی و پێویستی بەکڕینی بلیت نەبوو. هەر ئەم هەفتەیەش نزیکەی 2500 ساحیری هەموو جیهان، بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ساحیران بۆ ستۆکهۆڵم هاتبوون.

ئەگەر باس لەشوێنی پێشکەشکردنی بەرنامەکە بکەین، ئەوا شانۆکە لەخیوەت دروست کرابوو، واتە شانۆی جێگیر نەبوو، بەڵکو بگۆڕو گەڕۆك بوو. لەپشت شانۆ، گۆمێك هەیەو زۆرجار ئاوی تێدەکرێت، بەڵام ئەمجارە ئاوی تێدا نەکرابوو، چواردەورەی شانۆش بە باڕ، کافیتێریا، ساردیی و دۆڵدرمەفرۆش پەرژین کراوە.


قارەمانی شانۆ، وەك نووسیمان ناوی فرێدریك بوو، دیارە لەکاری خۆی تەواو پسپۆڕ بوو. ئەو لەماوەی ئەم نیو کاتژمێرە، توانی نەك تەنیا منداڵ بهێنێتە پێکەنین، بەڵکو ئێمەی دایك و باوکیش کەمتر لەمنداڵەکانمان پێنەکەنین!

ئەگەر بەکورتی باس لەدەستپێکردنی ماگییەکەی ئەو بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

"میزڵدانێکی درێژی "دەب دەبە" لە تورەگەیەك دەرهێناو بەپەمپێکی پاسکیل پڕ لەهەوای کرد، تا دەب دەبەکە نزیکەی 80 سەنتیمەتر درێژ بوو. فرێدریك بێئەوەی گرێی لێبدات، دای بەمنداڵێك و ڕووی خۆی وەرگێڕا. منداڵ پێش ئەوەی میزڵدانەکە وەربگرێت، فرێدریك ڕووی بۆ سەر شانۆ وەرگێڕاو لەهەمان کاتیش منداڵەکە دەستی بۆ دەب دەبەکە درێژ کرد، تا وەری بگرێت. پێش ئەوەی وەری بگرێت، فرێدریك دەستی شل کردو میزڵدانەکە بەرەو ئاسمان فڕی. هەمووومان بەم کردەوەیە بەدەنگی بەرز قا قا پێکەنین. منداڵەکە لەجیاتی تووڕە بێت، لەئێمە زیاتر پێکەنی. سێ جار ئەم کردەوەی لەگەڵ سێ منداڵی جیا دووبارە کردەوە، هەر سێ جار هەمووومان بەدەنگی بەرز پێدەکەنین".

بەهەندێك جووڵەی تر، فرێدریك لەسەر شانۆ بەردەوام بوو، قاقای ئێمە لەوسەر دەبیستر. لەهەموو چالاکییەکانی ئەو هونەرمەندە گەورەیە، بینەر تێیدا بەشدار بوو.

منداڵەکان فێڵەکانیان دەبینی و زۆرجار هاواریان دەکردو بۆ فرێدرکیان ڕاست دەکردەوە. ئەمجارەیان فرێدریك گوتی






بڕیارمداوه بچمه سوید:
– تۆ لەسوێدی! زۆربەی منداڵەکان هاواریان کرد.
ئەمجاره گوتی:
– دەچمە ستۆکهۆڵم!
دیسان هاواری منداڵان بەرز بۆوەو بەیەك دەنگ گوتیان تۆ ئێستا لەستۆکهۆڵمی! هە هە هە...
بەم شێوەیە چەند جارێکی تر هەموویان قاقا پێدەکەنین، ئێمەی گەورەش پێدەکەنین. لەوانەیە پێکەنینی ئێمە زۆرتر لەبەر ئەوە بووبێت، چونکە منداڵەکانمان زەوقیان هەبوو، بەختەوەریی لەسەر ڕوویان دەباری، لەوانەشە ئێمەش زۆر بەجددی پێکەنیبین، چونکە خۆمان لەبیر کردووە، کە ئێمەش جیاوازی زۆرمان لەگەڵ منداڵ نییەو لەناخدا هەر بەمنداڵی ماوینەتەوە. من بەخۆم بەدڵەوە پێدەکەنیم، چونکە بەمنداڵی لەم جۆرە شانۆیانەم نەبینیبوو، بینینیشیان وەك دەزانین قەت درەنگ نییە. ئەگەر بڵێم هەر ئەمڕۆ تۆڵەی هەموو ژیانی منداڵیی خۆم کردەوە، لەڕاستی لام نەداوە.
پێش ئەوەی فرێدریك دەست بەپێشکەشکردنی بەرنامەکەی بکات، ئاوو هەوا خۆش بوو، بەڵام دیار بوو بەرەو خراپی دەڕۆیشت. لەناوەڕاستی بەرنامە، بارانێکی خۆش دایگرت. من ترسام لەوەی ئەم ناوە لەبەر باران چۆڵ بکەن و کاك فرێدریك بەتەنیا لەسەر شانۆ بێ بینەر بمێنێتەوە، چونکە هەموومان جگە لەئاسمان، لەژێر هیچ تاقێك کۆنەبووبووینەوە، بەڵام بۆچوونی من هەڵە دەرچوو، کەس لەشوێنی خۆی هەڵنەستا و لەدانیشتن و سەیرکردنی فرێدریك و بەرنامەکەی بەردەوام بوون. هەندێکیش لەبینەران و دانیشتووان چەتریان پێ بوو. بۆ ئەوان ئاسانتر بوو، چەترکەیان دەرهێنا و بەهۆیەوە خۆیان لەڕێژنەی بارن پاراست. ئێمە چەترمان پێنەبوو، لەگەڵ ئەوەش وەك ئەوەی باران نەباری لە سەیرکردن بەردەوام بووین. ئەگەر (نۆنیا)ی کچم، کە تەمەنی دووساڵ و نیوە، نەگری و لەسەیرکردن بەردەوام بێت، من چۆن ئەتوانم بەجێیان بهێڵم! نیو کاتژمێر لەوانەیە هەندێك جار زۆرو درێژ بێت، بەڵام ئەم جارەیان زۆر کورت بوو.
بە تەواوبوونی بەرنامە لە (نالی و نان)م پرسی:
– ڕاتان لە ماگی فرێدریك بوو؟
زۆر بەدڵخۆشیەوە بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە. نالی لەوەش دوورتر ڕۆیشت و دەیگوت دەمەوێت ببم بە ساحیر!

## ڕۆژی دووەم
## ڕینکەبی
## دەهۆڵ و زوڕنا

ئەمڕۆ بەدرێژایی ڕۆژەکە، هەموو کارمەندانی تیاتری گەڕۆك لەگەڕەکی ڕینکەبی، یانی گەڕەکی ئێمە بارگەیان دانابووو خەریکی دانانی شانۆ بوون، چونکە بڕیارە ئێواریێ چەند هونەرمەندێکی گۆرانی بێژ گۆرانیمان بۆ بڵێن.
ئەم ئاهەنگە لەناوەڕاستی گۆڕەپانی سەنتەری ڕینکەبی بوو. ئەگەر باشترو نزیکتر باس لەم گۆڕەپانە بکەین، وەك لاکێشەیەکی گەورە دێتە بەرچاو. چەند دوکانێك وەك تانۆك چواردەورەی ئەم گۆڕەپانەیان گرتووەو نافوورەیەکی گەورە لەلای چەپ هەیە. لەپێش هەندێك لەدوکانەکانیش، چەند کورسییەکی لە دار دروستکراو بۆ خەڵك داندراون و خەڵك لەسەری دادەنیشن.
بەردەوام ئەم سەنتەرەی ئێمە جمەی دێت لەخەڵك، بەگشتی هەمووشیان ڕوویان خۆشەو مڕو مۆن نین. ئەوەی مرۆڤ پێویستی بێت دەتوانێت لێرە بیکڕێت، بێئەوەی پێویست بکات بۆ ناوشار بچێت وەك: گوڵ، داو و دەرمان، خواردن،

قاپ و قاچاغ...

من بەیانی بینیم کرێکارەکان خەریکی دانانی شانۆن، بۆیە ئێوارە نزیک کاتژمێر حەوت، بۆ لایان چووم. سەنتەری ڕینکەبی، لەماڵی ئێمە نزیکەی 300 مەتر دوورە، ئەگەر ئەم خانووە بەرزانە لەنێوانمان نەبن، دەنگی مۆسیقاو زوڕنا بەئاسانی لەماڵمان دەبیسترێت. لەو کاتەی من گەیشتم، سێ گۆرانیبێژی سوێدی لەسەر شانۆ بوون‌و خەریکی گۆرانی گوتن بوون. کە من گەیشتم، سێ گۆرانی تریان گوت، دواتر بەرنامەی ئەوان کۆتایی هات‌و هەموومان هەستی خۆمان بە چەپڵەلێدان بۆیان نیشان دا. لەم ئاهەنگە خەڵکێکی زۆر دانیشتبوون‌و گوێیان لە گۆرانییەکان دەگرت، لەو شانۆیەی لە دەستەچەپ بۆ سەمایان دروستکردبوو خەڵك سەمایان لەسەر دەکرد. ئەو ڕۆژە لە ئاوو هەوا شانسی هەموو لایەکمان باش بوو. ڕۆژ لەدەرەوە بوو، زۆربەیان بە تای کراس یان فانیلەیەك بۆ گوێگرتن هاتبوون. دوای هونەرمەندە سوێدییەکان چوار هونەرمەندی تر بەسەر شانۆ کەوتن. یەك کچ و سێ پیاو. لە دەستەڕاستی بینەرو



لەسەر شانۆ، کوڕێکی گەنج دەهۆڵی لەگەڵ مۆسیقاکە لێدەدا. ئەو کەسەی ئەم گرووپەشی پێشکەش بە بینەران کرد، لەناو ئەو گۆرانیانەی لەبەرنامە دابوون‌و ناویان هات، چەند گۆرانییەکی کوردیشی تێدا بوو. گرووپەکەیان ناوی "ئەنەتۆلیا" بوو. پاش پێشکەشکردنی دوو پارچە مۆسیقای زۆر خۆشی ڕۆژهەڵاتی، من بۆلای بەڕێوەبەری بەرنامە چووم و پرسیم:

– ئەم گرووپە کوردن؟

– کوردو تورکن، وەڵامی دامەوە.

من هەستم نەدەکرد لەستۆکهۆڵم و ڕینکەبیم، بەڵکو زیاتر بیرم لەڕۆژهەڵات و ئیستەنبوڵ دەکردەوە، بەتایبەتیش لەکاتی ئەوەی هونەرمەندە کچەکە بەدەنگە ناسکەکەی گۆرانی بۆ دەگوتین. ئەو بەئارەزووی خۆی، بێئەوەی بشێوێت یان پەلە بکات، لەسەر گۆرانی گوتن بە زمانی تورکی بەردەوام بوو. لەگەڵ مۆسیقاکەش، لەشانۆی دەستەڕاست، کە تایبەت بوو بۆ سەماکردن دروست کرابوو، چەند کەسێك لەتەمەنی جیا، دەستی یەکتریان گرت‌و ڕەشبەڵەك دەستی پێکرد. ئەم سەمایە نە کوردی نە یۆنانی نە عەرەبی‌و نەتورکی بوو. بەڵام لەهەر نەتەوەییێك جوولەیەکی تێدا بەدیار دەکەوت‌و دەناسرایەوە. هەموومان بە شایی خۆمان لەقەڵەم دەداو بەهی خۆمانمان دادەنا، چونکە لەڕاستیشدا هەوێنی هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی پێوە دیارو تێدا بوو. ئەوانەی سەماکەشیان دەکرد، پێك هاتبوون لەنوێنەرانی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات. ئەو چوار هونەرمەندە لە پێشکەشکردنی بەرنامەکەیان بەردەوام بوون‌و هێشتا گۆرانییەکانیان تەواو نەبوون، دەبوایە لەگەڵ منداڵەکان بۆ شوێنێکی تر بچین.

ئێمە بەرەو شوێنی تر ڕۆیشتین‌و ئەم ئاهەنگەمان بەجێ هێشت. چەند دوورتر دەکەوتینەوە، دەنگی مۆسیقا کزتر دەهات. کاتژمێر بووە نۆو نیوی ئێوارەو هێشتا لە ڕینکەبی ڕۆژ ئاوا نەببوو. نزیکەی 300 مەتر دوور لەئاهەنگ‌و سەنتەری ڕینکەبی، بارگەی چەرخوفەلەك بۆ منداڵان لەشوێنێکی خۆشی ئەم گەڕەکە داندرابوو. نالی و نازە بەپاسکیلە نوێکانیان لەدەورم دەخولانەوەو بەختەوەریی دەموچاویانی گرتبۆوە. چەند وێنەیەکی بارگەی نوێشم گرت، بەڵام بۆم ڕوونبۆوە، ناکرێ لەسەر هەموو چالاکییەکانی شانۆی گەڕۆکی شاری ستۆکهۆڵم بنووسرێت، چونکە ژمارەیان ئەوەندە زۆرە، دەبێت لە جیاتی نووسینی ڕیپۆرتاژێك، کتێبێك بنووسرێت!

تشرینی دووەمی

2006



ماوەتەوە بڵێم، ئەگەر بەهاوین ڕێگات کەوتە سوێد، دیارە تۆ بەختت میوانەو باش بیپارێزە. زۆربەی چالاکییەکانی فەرهەنگیی لەستۆکهۆڵم بەهاوینان ئەنجام دەدرێت. بۆ ئەوەی سێ مانگی هاوین، بەخۆشی بەرنەسەر، بە تایبەتیش بۆ ئەوانەی نەیانتوانییوە پارە بۆ گەشتی دەرەوەی وڵات پاشەکەوت بکەن، شارەوانی ستۆکهۆڵم ئەوانی لەیاد نەکردووەو ڕۆژانە چەندین چالاکی لەزۆر شوێنی ستۆکهۆڵم ئەنجام دەدرێت. جگە لە کۆنسێرت و گۆرانی گوتن، تیاتر بایەخی زۆری پێدراوە. بۆ ئەوەی بزانیت لە چ پارکێک چ شانۆیەك پێشکەش دەکرێت، ڕۆژنامە بخوێنەوە یان سەیری ئینتەرنێت بکە.

سوێدیەکان شانازی بەوە دەکەن، کە لەوڵاتەکەیان چوار وەرز هەیە. هاوین، پایز، زستان لەگەڵ بەهار، بەڵام بۆ ئەوانەی لەوڵاتی گەرمەوە بۆی هاتوون، وەك کابرای ئەفریقی گوتەنی تەنیا یەك وەرز، ئەویش وەرزی زستان لە سوید هەیە، زستانێك سەوز ئەوەی تر سپی.

## چەند ڕاستییەك لەسەر پارك تیاتری ستۆکهۆڵم

– لە نێوان مانگی (6 و 8) لەستۆکهۆڵم، 24 تیپی شانۆیی جیاجیا لەشوێن‌و پارکی جیاجیای ستۆکهۆڵم بەرنامەیان پێشکەش دەکەن. زۆر لەوانە چەندین جار بەرنامەکانیان لە پارکی جیاجیا دووبارە دەکەنەوە.

– لەمانگی حوزەیران 21 تیپی جیاجیا بەرنامەیان لەپارکی جیاجیای ستۆکهۆڵم پێشەکەش دەکەن.

– (کەبارێت لێدەرلاپن) لەمانگی حوزەیران 7 جار لە شوێنی جیاجیا، شانۆی خۆی پێشکەش دەکات.

– (کلاونێن مانێ) لەهەمان مانگدا 14 جار بەرنامە پێشکەش دەکات.

– (مێنیشو ئی سولێن) 17 جار بەرنامەی پێشکەش دەکات.

– مێنیشور ئی سولێن لەمانگی تەمموز 8 جاری تر بەرنامەکەی دووبارە دەکرێتەوە.

– لەمانگی حوزەیران 38 شانۆ لەپارکی جیاجیا لەلایەن تیپی جیاجیاوە پێشکەش بەجەماوەر دەکرێت.

– لەمانگی حوزەیران 34 شانۆ پێشکەش دەکرێت.

– لەمانگی ئاب 60 چالاکی شانۆ لەستۆکهۆڵم لەپارك و گەڕەکی جیا ئەنجام دەدرێت.

– هەموو ئەو چالاکیانە لە 24 گەڕەکی ستۆکهۆڵم، لەلایەن تیپی جیاجیای شانۆ بەخۆڕایی پێشکەش بەجەماوەر دەکرێن.

بۆ ئەوەی بزانیت چ شانۆیەك لە چ گەڕەکێك‌و لە چ کات‌و ڕۆژێك پێشەکەش دەکرێت، یان بەهۆی کەتەلۆگی چاپکراو، یانیش بەهۆی ئەم سایتە www.stadsteatern.stockholm.se زانیاری تەواوو پێویستت دەست دەکەوێت.

# پۆرترێتەکانی ژیان

## بەراوردکارییەکی سیستەمی ژیان، لەنێوان هەولێرو بیلەفێلد



زانا خەلیل

- 1 -

### خۆشەویستیی و ئیرۆتیک

**مرۆڤــەکانی** بیلەفێلــدیش وەکــو مرۆڤــەکانی هــەولێرو هــەموو شــوێنێکی تــری جــوگرافی ســەر ئــەو ئەســتێرەی ئێمــە خــەریکی خۆشەویــستین، لێــرەدا مەبەســتمان لەخۆشەویــستیی بێگومان (خۆشەویستی نێوان نێرو مێیە )، بەڵام بەداخەوە چەند جیاوازییێکی گەورە هەیە لەنێوان پرۆسەو چۆنیەتی ئەنجامدان و بــەڕێوەبردنی  خۆشەویــستی لــەنێوان هــەردوو شــاری هــەولێرو بیلەفێلد..

لەبیلەفێلد بەدەگمەن ڕێك دەکەوێ تۆ لەســەنتەر یــا کووچــەو کۆڵانەکانــدا لەڕێگای نیگای سەرنجڕاکێش بتوانی ئافرەتێــك دەســـتەمۆ بکــەیت، یــا ئافرەتێك بتوانێ لـەڕێگای ئەو جۆرە نیگایانـە تـۆ دەستەمۆ بکـات، کـە لـە شــەقامو بــازاڕو ســینەماو ســاونەو مەلەوانگەکانـدا زەمـەن تێدەپـەڕێنیی و گوزەردەکــەی، ناتــەوێ یــاخود ئــاوا ڕاهاتووی،کــه ســـەرنجی ئیرۆتیـــك ئـــامێزو ســـەرنجی دروســـتکردنی پەیوەنــدیی خۆشەویــستیی نەگریتــە کەسانی دی، لەبەر چەند هۆکارێك کە ڕەنگــە گرینتریــان ئــەوە بــێ، بەشــی زۆری دانیـــشتوانی ئـــەو شـــارە بەکەسـێکی دیــەوە گرێـدراون، واتــە: پەیوەنــدیی خۆشەویــستییان هەیــە، بۆیـە نیگـای سـەرنجڕاکێش ناگرنـە کەسانیدیو هـەر کـەس بـەبێ ئازاردانی ئەویدی هەنگاو دەنێ، زەمەن تێدەپەڕێنێ و پێدەکەنێ.

لەهــەولێر، تــۆ نــاتوانی لەگــەڵ خوشـکەکەت یـاخود خێزانەکـەت پیاسەیەکی ناو بازاڕ بکەیت، لەبەر نیگـای شـەهوەت ئامێزی ئـەو هەموو پیاوە بێکارانەی، کە تـەنیا بۆ خـاتری ئـەو نیگا شـەهوەت ئامێزو ئیرۆتیك ئامێزانە ڕوو لەسەنتەرو ئەو شوێنانە دەکـەن، کـە بۆ خاتری حەسانەوەی خێزانـی دروست کراون، پێچەوانەکەشی راســتە، زۆرجــار لەهــەولێر دەبینــی ژنێــك لەتەنیــشت مێردەکــەی لــەناو ئۆتۆمبێلێــك دانیــشتووە و منــداڵێکی لەســەر کۆشــەو دووانــیش لەپــشتەوەی ئۆتۆمبێلەکــەدان، کەچــی ژنــە هێنــدە شــەهوەت ئامێزانــەو هێنــدە ئیرۆتیکیانــە نیگاکــانی وەکــو تیرێــك ئاراستەی تۆ دەکا، دەگەیتە ئەو حاڵەتەی بەدوای بکەویت..

ئەگـەر ئێمـە خۆمـان بخەینـە نێـو ئـەو هاوکێشەی بەراوردکارییـە، لەنێوان نیگای شەهوەت ئـامێزی دانیـشتوانی بیلەفێلـدو هـەولێر، ئــەوا مــن یــەقینم کــە ئــەو دیاردەیــە لەهــەولێر ســەد ئەوەنــدەی بیلەفێلد زیاترە.


لەبیلەفێلــد شــوێن هەیــە بــۆ یەکترناســین، نزیکــەی هــەموو ئــەو شوێنانەی کە مرۆڤ کاری تێدا دەکا شوێنی یەکتر ناسینن، هەموو ئــەو شــوێنانەی کــە پیــشەی تێــدا ئــەنجام دەدرێ خــاڵی نــین لەئافرەت، کرێکار بیت لەکارگە ئافرەت هەیە، فەرمانبەر بیت لـە فەرمانگــە ئــافرەت هەیــە، قوتــابی بیــتو لەهــەر قۆناغێکــدابیت ئــافرەت هەیـــە، ڕۆژنامـــەنووس بیـــت لەتـــەك تـــۆدا ئـــافرەتی ڕۆژنامـەنووس هەیە، لەهـەموو شـوێنێك ئافرەت هەیـەو لەهـەموو شوێنێکیش پیاو هەیە، خۆ ئەگەر واش ڕێککەوت لەشوێنکاری تۆدا ئافرەت نـەبوو، ئەوا نایت کلەپو کافتریای تایبـەت بەیـەکتر ناسینو دیسکۆتێكو ئینتەرنێت هەیە.



بیلەفێلد

لەهەولێر شوێنی یەکترناسین یەکجار کەمە، کێشەکە ئافرەتە، لەهەندێ شوێنی کەمدا نەبێ ئافرەت شان بەشانی پیاو کار ناکات، تەنیا یەکترناسین لەرێگای رۆیشتنی سەرشەقامو بەکۆلاندا تێپەرینو هەندێ جاریش لەئاهەنگێکدا، کە ئەوانەیش سەرەتا هەمووی لەرێگای نیگا ئیرۆتیەکانە، ئینجا دەچێتە سەر مۆبایل و پاش ئەویش چارەنووسێکی نادیار.

کاتێ تۆ یەکێك دەدۆزیتەوەو هەردووکتان رازین بەو چارەنووسەی، کە دەبێ پەیوەندییێکی خۆشەویستی لەنێوانی ئێوەدا هەبێ، ئێمە لێرەدا رووبەرووی کێشەو جیاوازییەکی تر دەبینەوە لەنێوان بیلەفێلدو هەولێر..



هەولێر

لەبیلەفێلد، ئەو کاتەی تۆ یەکێك دەدۆزیتەوە ئیدی کێشەی کۆمینیکاتسیۆنو بە یەکگەیشتنت نییە، هەموو شوێنێك و هەموو بوقعەیەکی ئەو نەخشە جوگرافیەی کە ناوی بیلەفێلدە بۆ تۆ جێژوانە، حەز دەکەی دۆستەکەی خۆت ببە لەناو پارکێکدا بخەون، بەسەر بەفر هەڵبخلیسکێن و سەما بکەن، لە کنایپەیەکدا بخۆنەوە، بەدەنگی بەرز گۆرانی بۆ عەشق بڵێن، لەناوەندی قەرەباڵغییەکانی نێو سەنتەری شاردا پێبکەنن و فرمێسك هەڵوەرێنن، حەزدەکەی لەناو وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەردا تا ئاستی نەمانی خوێن لەلێوەکانتان، لێوەکانی یەکتری بمژن، هەرچی دەکەن بیکەن تەنیا هێرش مەکەنە سەر ئازادیی کەسانی دی..

لەهەولێر کێشەی دۆزینەوەی دۆست کۆتایی پێبێ، ئینجا کێشەی هەرە گەورە دەست پێدەکا، کێشەی بێ شوێنیی، هەولێر وەکو گوند وایە، هەموو خەڵکەکەی یەکتری دەناسێ، زۆرجار کە ئۆتۆمبێلێك بەشەقامێکدا تێدەپەرێ هەموو خەڵکەکەی دەزانێ ئەو ئۆتۆمبێلە هی کێیەو بەچەند کریویەتی! ئەگەر لەگەڵ ژنی خۆت پیاسەیەك بکەیت بە ئۆتۆمبێل، کەسانێکی زۆر هەن نیگایەکت ئاراستە دەکەن و بزەیەك دەکەن و بەزمانی چاو پێت دەڵێن: تێگەیشتین. بە حیسابی خۆیان هەموو کۆدەکانیان ئاشکراکردو دەزانن ئەوا تۆ یەکێکت برد.

زۆرجار گوێمان لە گەنجەکانمان دەبێ دەڵێن: هەموو شتێ هەیە جێ نەبێ.. قسەکانیان راستە، هەموو شتێ هەیە جێ نەبێ.

با جێش هەبێ، لەبیلەفێلد جێ هەیە، هەموو شەقامێك و هەموو بستە خاکێك شوێنی عەشقە بۆ عاشقان، هەموو سانتیمەترێك جێژوانێکە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئازادیی هەیە، کەس ناتوانێ سنووری ئازادیی کەسیدی ببەزێنێ، کاتێ ئافرەت بە پیاوێك و کاتێ پیاوێك بە ئافرەتێك رازیبێ، ئەوا هەموو دنیا لەگەڵیان پێدەکەنێ و هەموو دنیا بە بەختەوەریی ئەوان بەختەوەر دەبێ، باوك و دایك وەك چۆن بە کورەکەیان ئارام دەبن کاتێ دۆستێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێ، هەر ئاواش بەختەوەر دەبن کە دەزانن کچەکەیان دۆستێکی هەڵبژاردووە، یەکێ لەو گرفتانەی کە دایك و باوك هەندێ جار بۆ منداڵەکانیان دروستی دەکەن ئەوەیە، کە دەبێ منداڵەکانیان چەند جۆرێك لەپەیوەندی خۆشەویستیی ببینن، ئەگەر نا رەنگە تووشی هەڵە بن لەهەڵبژاردن.

لەهەولێر دارو بەردو شەقام و دراوسێ و خزمو ئامۆزاو هەموو مەتریالێکی سەر ئەو خاکە پۆلیسە، بۆ ئەوەی جاسوسیی لەسەر خۆشەویستیی نێوان دوو عاشق بکا، خۆشەویستی تاوانێکە لەکوشتن و دزیی و گەندەڵیی و تاوانەکانی تر گەورەترە، بۆیە حەق وایە بەلافیتەو تابلۆی گەورە گەورە لەهەموو شوێنەکان بنووسن (خۆشەویستی بەقەد تاوانی کوشتن گەورەیە، سزای کوشتنیش هەر کوشتنە).

بەکورتی جیاوازیی دۆزینەوەی دۆست و پرۆسەو مومارەسەکردنی خۆشەویستیی، لەنێوان خۆشەویستەکان و جێژوان و ئازادی و.. تاد، لەنێوان هەولێرو بیلەفێلد ئاسمان و رێسمانە، یا باشترە بڵێم بەراورد ناکرێ، لەگەڵ ئەوەش ئەوان رووبەرووی هیچ کێشەیەك نابنەوە لەئەنجامدان و مومارەسەکردنی خۆشەویستی، کەچی لێرە هەزاران گرفت رووبەرووی کۆمەڵگا دەبێتەوە، من دەڵێم: با هەموومان بیربکەینەوەو ئازاد بین، ئازادبوون مانای ئەوە ناگەیەنێ بەرەڵلا بین، چونکە لە بیلەفێلد کاتێ ئافرەتێ پیاوێ هەڵدەبژێرێ تەنیا ئەو پیاوەی هەڵبژاردووە کە خۆی ویستوویەتی، نەك لەیەك کاتدا لەناو دە پەیوەندیدا بژیێ کە لەهەولێر دەیبینین، ئازادبین بۆ ئەوەی یەکترمان خۆشبوێ، نەك یەکتری ریسوا بکەین، ئێمە هەموومان پێویستیمان بەئازادی هەیە، ئازادییەك تاسەرئێسقان، بۆ ئەوەی چیتر رۆژانە سەردێرو مانشێتی رۆژنامەکانمان بە هەواڵی خۆسووتاندنی ئافرەتێك پڕ نەکەینەوە.

**بیلەفێلد: شارێکە دەکەوێتە ناوەراست بەری خۆرئاوای ئەڵمانیا، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 350000 کەسێك دەبێت، لە هەرێمی نۆرد راین ڤێستفالنە.**

# له چیرۆكی عاشقان دا شتێك ناوی هەرەسە

## كاتێک ڕۆتینی ژیان و مەیلی گۆڕان، كۆتایی بە عەشق دێنن

كەژاڵ حوسێنی

با وای دابنێین، گەڕان بەدوای كەسی شیاو بۆ پێكهێنانی ژیانی هاوسەریەتی، گەڕانە بەدوای نیوەی دووەم، بەڵام جێی خۆشیەتی ڕووی پرسیار ئاراستەی چۆنیەتی دۆزینەوەو پێكهێنانی ئەو ژیانە نوێیە بكەین، بە واتایەكی دیكە، وەسواس بوون لەدۆزینەوەی نیوەی دووەم، هەر بەتەنها ترسان نییە لە بە بەهەشت كردنی دوا ڕۆژ، كە ئەگەری بوونو نەبوونی هەیە، بەڵكو ترسانە لە دروست بوونی كۆی ئەو هەموو جیاوازیانەی لەسەرەتاو نێوەڕاستی ئەو ژیانە نوێیە دروست دەبنو هۆكاری هەرە سەرەكیشی لێك تێنەگەیشتنە، بەڵام با جارێكی دیكە بپرسین، ئەو كەسە كێیە دەیكەینە نیوەی دووەم؟؟ ئایا كاتێك بەدوای ئەو خاسیەتە جوانانە دەگەڕێین كە بەرهەمی خەیاڵمانە، دەتوانین لەو گەڕانەمان نیوەی دووەم بدۆزینەوە؟؟ ئەی ئەگەر نەیدۆزینەوە چی بكەین؟ ڕەنگە سادەترین وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ بەسەرهاتی ئەو پیاوەپیرەی تاران بگەڕێنینەوە، كاتێك تەمەنی دەگاتە 80 ساڵو بەعازەبی دەمێنێتەوەو لەبەردەم وەڵامی پرسیارێك، كە بۆ بە ڕەبەنی ماویتەوە؟ گوتی "من بەدوای ئافرەتێك گەڕام كۆی ئەو خاسیەتانەی تێدابێت كە بەدوایدا دەگەڕێم.. تا دواجار لە 40ساڵیدا دۆزیمەوە، بەڵام كاتێك لێی چوومە پێش، ئەویش بەدوای پیاوێك ئەگەڕا كۆی ئەو خاسیەتانەی تێدابێت كە بەدوایدا دەگەڕێت، ئیدی من لەوم دۆزییەوە، بەڵام ئەو لەمنی نەدۆزیەوە"..

ئەو نموونە پێمان دەڵێت مەرج نییە لەگەشتی گەڕانماندا بەدوای نیوەی دووم، كۆی خاسیەت و مەرجەكانمان بدۆزینەوە، بەڵكو گرنگە گرنگترین خاسیەت بدۆزینەوە كە لێك تێگەیشتنە، ئەگەرنا پێكهێنانی ژیانی هاوسەریەتی جگە لەدروست بوونی دۆزەخو گرفتی گەورە هیچی دیكە نییە.. بۆیەشە ڕەنگە ئاسایی بێت كاتێك دەبیستین فلانە هاوسەرگیریو فلانە خێزان هەڵوەشانەوە، یانژی فلانە ژنو مێرد پاش پەیوەندییەكی زۆری خۆشەویستیی، ڕۆژانە دەیان كێشەو مشتومڕی جیاوازیان هەیە..

"كاتێك بۆ یەكەمجار داوای تەلاقم لێیكرد، شەوێكی تووڕەو تووشی پڕ باران و هەورە برووسكە بوو، (ز)ی مێردەكەم قژی گرتمو بەدوای خۆیدا رایكێشام، منیش دەگریامو دەپاڕامەوە، تا ئەو كاتەی لەسەر پەیژەكانی ماڵەوە خلۆری كردمەوە.. ئیدی ناچار بووم داوای تەلاقم كردو ئەمیش هەر ئەو كات رازی بوو، بەو مەرجەی لە دادگا تەنازول لەهەموو شتێك بكەم.. بەڵام ئەڵێی چی؟؟ كاتێك ژیان پڕ بوو لەدۆزەخ، ماڵو موڵك چ مانایەكی هەیە؟؟".



بێ لێكگەیشتن، پێكهێنانی ژیانی هاوسەریی جگە لەگرفتی گەورە هیچی دیكە نییە

ئەمە چیرۆكی خاتوو (ب) بوو، كە پاش پەیوەندیەكی دوورو درێژی لەگەڵ (ز)دا، ژیانی هاوسەریەتی پێكدەهێننو دوو مناڵیش دەنێنەوە، بەڵام وەك ئەوەی لەسەر زاری (ب) گوێمان لێبوو، (ز)ی هاوسەری بەر لەپێكهێنانی ژیانی هاوسەریەتی زۆر جیاواز بوو وەك لەئێستا.. ئەو دەیگوت، "هەر مانگێك دوای هاوسەریەتیمان، هەموو شتێك گۆڕا، ئەو كەسە نەبوو كە پێشتر لەتەلەفۆندا قسەی دەكرد، پیاوێكی درۆزنو خۆپەرست، هەموو ئەو شتانەی كە پێشتر دەیگوتن، بۆ ڕازیكردنی دڵی من بوو، پیاوێكە شەو تا بەیانی بەدیار فیلمی سێكسی دادەنیشێتو دەخواتەوەو كاتێكیش سەرخۆش دەبێت، بە منەوە دەگرێو تێم هەڵدەدات.. كەچی پێش ژیانی هاوسەریەتی دەیگوت رقی دونیام لەخواردنەوەیە!!"

ڕەنگە بۆ ئێمە بیستنی ئەو چیرۆكە گەلێك قورس نەبێت، هەروەكو چۆن بیستوومانە هەرەس هێنانی ژیانی هاوسەریەتی پاش پەیوەندیی خۆشەویستی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سۆز تێكڕای ژیانی ئەو دوو عاشقە داگیر دەكاو بۆ ساتێكیش بیر لە دواڕۆژیان ناكەنەوە، تا ئەو كاتەی كە جیاوازیی لەنێو ژیانی هاوسەریەتییان دروست دەبێت، بۆیەش بەلای (ه)ەوە، كە ساڵێكە بەپەیوەندی خۆشەویستییەوە شووی كردووەو ئێستا كێشەی لەگەڵ مێردەكەی هەیە (من پاش ئەوەی یەكەم نامەی (ك)م پێگەیشت، حەپەسام، بەردەوام دێڕە ناسكەكانی دڵیان

# مێردەکەم درۆزن‌و خۆپەرستە، پیاوێکە شەو تابەیانی بەدیار فیلمی سێکسی دادەنیشێت‌و دەخواتەوە، کاتێکیش سەرخۆش دەبێت، بە منەوە دەگرێ‌و تێم هەڵدەدات، کەچی پێش ژیانی هاوسەریەتی دەیگوت رقی دونیام لە خواردنەوەیە

دەبردم، من پێش ئەو نامەیە کچێکی بەهێزو هەرگیز باوەڕم بەعەشق نەبوو، بەڵام ئەڵێیت چی؟ زۆر جار قسەی ناسك‌و جوان دڵی مرۆڤ نەرم دەکات.. ئیدی نازانم چۆن بوو رازی بووم، زیاتر لە 2ساڵ لەپەیوەندی عەشقدا ماینەوەو دەیان نامەمان بۆ یەك نووسی، تا ئەو کاتەی هاتنە پێشەوەو شەڕی باوکم کرد تا رازی بوو.. بەڵام مخابن.. سەد جار مخابن، هەر لەشەوی سێیەم زانیم کە ئەو بە باشی نازانێت بخوێنێتەوەو سەرجەم ئەو نامانەی کە بۆی نوسیبووم، بە برادەرێکی بۆی نووسیوم.. ئیدی رەنگە ئەوە دەلیل بێت کە (ك) پیاوێکی درۆزن بووەو ناتوانین لێك تێبگەین)..

هەڵەیەکی گەورە دەکەین، کاتێك پێمان وابێت سەرجەم ئەو چیرۆکانەی کە بەعەشقەوە دەست پێدەکەن کۆتاییەکەیان بەهەدەر دەچێ، بەڵکو وەك (ھ) گوتەنی "کە عەشق دێت، لەکاتێکی نادیارەوە دێت، بێ سڵاوو بەتەنهاو بێ ویستی تۆ دێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەگەڵی راستگۆ بین، هەرکاتێك ئەو چیرۆکەمان بەڕاستی بردە نێو ژیانی هاوسەریەتیەوە، ئەوا ژیانمان دەبێتە بەهەشت، وەلێ کاتێك لە عەشقەوە درۆمان بۆ یەکتری کردو نەمانتوانی پردی لێکتێگەیشتن بدۆزینەوە، ئەوا بێگومان دۆزەخ مەئوامانە".

ئەوەی کە هەمیشە عاشقان دەترسێنێ، بێهودەییانە لەمەڕ ژیانی هاوسەریەتی‌و دڵڕاوکێیانە بەرامبەر هەرەسی خێزانیی، ئەوان دەیان چیرۆکی جۆراوجۆریان هەیە کە دەیانگیەنێتە هەرەس، ئەوان واهەست دەکەن لەگەڵ تەواوبوونی شەوی پەردەیی، هاوکێشەی نامەی جوان‌و دێڕی شیعریی، دەبێتە کڕینی تەماتەو نەوت‌و مەسینە!! ئەوەتانێ (ج)، کە قوتابی دوا پلەی زانکۆیەو بۆ ماوەی 4 ساڵ کچێکی خۆش دەوێ‌و نامەو شەونخوونی بۆ یەکتری دەکەن، هەروەکو خۆی وتەنی (شەونییە خەونی پێوە نەبینم)، بەڵام دەترسێ وەك برادەرەکانی لەژیانی هاوسەریەتی، رۆتینی رۆژانە بیکوژێ، وەك خۆی وتەنی " من لەوە دەترسم رۆتینی ژیانی هاوسەریەتی ژیانی عەشقمان تێك بدات.. ئاخر ئەترسم رۆژێك بێت بێزاربم لەژیانی هاوسەریەتی‌و هەموو شتەکان بگۆڕدرێن، هەرچەندە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت تەواوی حورمەتی ئەو عەشقەم بەخاوێنیی پاراستوەو راستگۆ بوومەو زۆربەی شەویش بەتەلەفۆن باسی دواڕۆژمان کردووەو هەوڵماندراوە تێگەیشتن هەموو شتێکمان بێت.. بەڵام دیسان دەترسم رۆتینی ژیانی هاوسەریەتی‌و غاردان بەدوای نان، عەشق لەناو ببات".



که ژیان پڕ بوو لەدۆزەخ، ماڵ‌و موڵك چ مانایەکی هەیە؟

ئەگەر لێرە وردتر لەو هەرەسهێنانی ژیانی هاوسەریەتییەی دوای پەیوەندیی خۆشەویستی بدوێین، ئەوا هۆکارەکەی دەگەڕێنینەوە بۆ هەبوونی بۆشاییەکی گەورە، کە ئیدی ئەو بۆشاییە لەگەنج هێندە بەگەورەیی خۆی نمایش دەکات، تاقەتی تەنهایی نامێنێت‌و بەدوای نیوەی دووەمی دەگەڕێت، ئیدی بێگوێدانە کێ‌و چۆن، نیوەی دووەم بارگاوی دەکا بەخۆشەویستی‌و پاشانیش دەیباتە نێو ژیانی هاوسەریەتی.

دواجار، دەبێت ئەوە بزانین، گرنگترین خاسیەتی نیوەی دووەم، تێگەیشتنە، کاتێك توانیمان لێك تێبگەین، ئەوا ژیان پڕ دەبێت لەجوانی‌و هەر دەمێکیش لەژێر فشاری تەنهایی‌و بۆشاییەوە بەدوای نیوەی دووەمدا گەڕاین‌و نەمانتوانی بە راستگۆییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین‌و هەموو پلانێکمان پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو، ئەوا لەکاتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتییدا، ژیانمان نوقمی زوقم دەبێت.

تشرینی دووەمی
2006

# دۆڕان، تراژیدیای ژیان و کۆتایی خەونەکان


## من کەسێك نیم خاوەن خەونی تایبەتیی خۆم بم، من کەسێکم دەستم لەئایندە شوشتووە

لاڤە محەمەد

**هاوڕێکەم** دەیگوت"حەزدەکەم گوێم لێبگریت، حەزدەکەم خەمەکانی خۆمت بۆ هەڵڕێژم، دڵنیام  تۆ هیچت لەدەست نایەت، وەلێ ڕەنگە گەر گوێم لێبگریت، کەمێك دەروونم ئارام ببێتەوەو هۆشم بێتەوە بەرخۆم. ئەزانی من کەسێکی دۆڕاوم، ژیان کوشتوومی، رابردوو ئازارم دەدات" ئەو هەمیشە ئەو وشانەی لەدەم دەردەچوون و ڕووبەڕووی منی دەکردنەوە، بەهەناسەیەکی ماندوو، رووخسارێکی شێواو، دوو چاوی کز، چیرۆکی پڕ لە کۆڵەمەرگی ژیانی خۆی دەگێڕایەوە. من هەرچەند لەمنداڵییەوە ئارەزووی ئەوە ناکەم خۆم لەقووڵایی ژیان و شتە تایبەتییەکانی کەس ببینمەوە، حەزدەکەم هەرکەسەو نهێنیی ژیانی تایبەتیی خۆی بۆ خۆی بێت، ئاخر من لەبەرامبەر سەختی و نالەبارییەکانی ژیانی تۆ چیم لەدەست دێ، دەتوانم چیت بۆ بکەم؟ بەهەمان شێوە تۆش لەبەرامبەر خەمو ناسۆرییەکانی من چ دەسەڵاتێکت هەیە؟ ئیدی ئەوە وام لێدەکات، حەز نەکەم ئاشنای تایبەتمەندییەکانی هیچتان بم.

(ئازاد)ی هاوڕێی منداڵیم، هاوڕێی ڕۆژانی یاریی و ڕاکەڕاك و بگرەو بەردەی نێو کۆڵان و باخچەکانی گەڕەك، هاوپۆلی خوێندنی قۆناخی سەرەتایی ناچاری کردم، بەگەرمو گوڕییەکی زۆرەوە نەك هەر گوێ لەخەمو مەینەتییەکانی بگرم، بەڵکو چەند دڵۆپە فرمێسکێکیشی بۆ بڕێژم. ڕەنگە تاڕادەیەك ژیانی زۆربەیان لەژیانی ئەو بچێ، وەلێ بەوێنەی جیاوازو جۆرێکی تر.

حەز دەکەم بەر لەوەی قسەکانی ئازاد دووبارە بکەمەوە، تۆزێك لەچیرۆکی پڕ  تراژیدیای ژیانی ئەو نزیك بکەومەوە. ئەو کە لەدایك بوو، سێ مانگ بوو باوکی بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل مردبوو، دایکیشی کە ئامینەی ناوبوو، بەهۆی ئەوەی دوو ساڵ و نیو بوو شووی بەو پیاوە کردبوو، لەهەڕەتی گەنجی دابوو، ئامینە دوو منداڵی لەو پیاوە هەبوون، کە هەردووکیان کوڕبوون. ئەو ژنە تەنها شەش مانگ دوای مەرگی مێردەکەی، لەگەڵ منداڵەکانی دەمێنێتەوە، ئامینە هەردوو منداڵەکە، کە یەکێکیان لەتەمەنی یەك ساڵ و نیوی و ئەوی دیکەشیان سێ مانگە دەبێ شوو دەکاتەوە. سوهەیلەی دراوسێی ماڵی ئازاد، ئەیگوت هەرچەندە ئەو منداڵە ساواو بێ باوکانە هیچ گوناهێکیان نەبوو، بەڵام ئامینە ناهەقی نەبوو شوو بکاتەوە، چونکە لەگەڵ ئەو پیاوە رۆژێکی خۆشی نەدی، ژیانی ئەو لەگەڵ مێردەکەی پڕ بوو لە گرفت و ئاڵۆزیی. ئازادیش نهێنیی ئەوەی پێگوتین، کە دایکی لەبەدەل خوێن درابووە باوکی و بەزۆری زۆرداری و بەنابەدڵی ئەو شووکردنەی قبوڵکردبوو. کە ئامینە منداڵەکانی جێدەهێڵێ، داپیرەیان دەیانگرێتە خۆ. لەوێشەوە تا بەئێستا دەگات، بیست و پێنج ساڵ بەسەر ڕووداوی مردنی باوکی ئازاد تێدەپەڕێ. ئەمڕۆ 2006/11/20 برینەکانی ناخی ئازاد، بیرۆکەی ئەم ڕیپۆرتاژەیان لای من گەڵاڵە  کرد، کە ئەکرێ نزیك بوونەوە بێت لەتراژیدیای ژیانی خودی ئازادو هەندێك کەسی دیکەش، کە قسەمان لەو بابەتە دەکرد (ئەحمەد مستەفا)ی قوتابی کۆلێژی ئاداب پێی گوتم" من دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی، کە ژیانی ئینسان پەیوەندیی بەشانسەوە هەیە، ئەگەرنا من بۆ بوومەتە کوڕی هەژارێك، ئەوی تر بۆ بووەتە کوڕی کابرایەکی دەوڵەمەند، ئەو بۆ لەخانەوادەیەکی هوشیار گیرساوتەوە، من لە خانەوادەیەکی نەخوێندەوار، بۆچی تەمەنی باوکی ئەو خۆی لە(80) ساڵ دەدات و هێشتا نەکەوتووەو بەتاقەتە، کەچی باوکی من لەتەمەنی(45) ساڵی دووچاری ئیفلیجی دەبێ و دواجاریش بەهەژاریی و کەساسیی سەردەنێتەوە، ئەوەی بۆ چەند منداڵێکیشی جێدەهێڵێت قەرداریی و بەدبەختییە". ئازاد کە لەتەمەنی(25) ساڵی دایە، شوفێری کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتە، ئەگەرچی مانگانە (200) دۆلار وەردەگرێ، بەڵام تەنها بەشی کرێی خانووەکەی دەکات، ئەو چوار ساڵە ژنی هێناوەو منداڵێکی هەیە، کەچی هێشتا قەرزو قۆڵی خەرجی ژنهێنانی نەداونەتەوە. ئازاد دڵی بەو ژیانە خۆش نییەو هەست بەئازارێکی زۆری دەروونیی دەکات، نازانێ بیر لەچی بکاتەوە، زۆرجار لەبەر خۆیەوە دەڵێت" توخوا من کەی هی ئەوەبووم خێزان دروست بکەم؟ ئاخر منێك، کە ئەو هەموو تراژیدیایەم بەچاوی خۆم بینیبێ، ژن هێنانم بۆچی بوو؟ مردنی باوك، ونبوونی دایك،



تشرینی دووەمی
2006



**كـوژرانی هــەردوو مامــەكانم لەشــەڕی نــاوخۆ، ئیفلیجبــوون‌و دواتریش مردنی داپیرەم.. لە بنەماڵـەی ئێمـە تـەنها من‌و جەماڵی برام مابووین، هەرچەند ژیانمان هەر بەناو ژیان بوو، بەڵام دڵمان بەیەكتر خۆشبوو، یەكترمان خۆشدەویست. ئاخر چی لـەو ژیانـە بكەیت، كە ئەو برایەشم بە چەشنی باوكم بە رووداوی ئۆتۆمبێل لەدەســت چــوو".** ئـازاد لەڕەوشـێكی خراپـی ئابووریـدا دەژیـت، سەرەڕای ئەمەش رابردووی پڕ تراژیدیای خێزانەكەی، فشارێكی بـەهێزی دەروونـی بـۆ هێنـاوەو هەمیـشە ئازاری دەدات. ئـازاد لـە بەرامبـەر تـاڵیی‌و ناخۆشـییەكانی ژیـان دەڵێـت **"ژیـانی مـن ژیـان نییـە، مردنێكی لەسـەرخۆییە، دۆڕانێكی بەردەوامـە، حەزدەكـەم ئێوە بزانن من كەسێك نیم خاوەن خەونی تایبـەت بـەخۆم بم، من كەسێكم دەستم لەئایندە شوشتووە".**

سیروان بـە سەرسوڕمانەوە، باسـی دراوسێیەكی خـۆی بـۆ كـردم، لەبەر ئەوەی بارامی هاوسێی سیروان بەو خەونە نەگەیشتووە، تا سەرئێــسقان لــەژیان بێــزارە. بــارام گــەنجێكی بەژندرێــژی خوێندەوارە، دەرچووی كۆلێژی پەروەردەیە، هەرچەند سـێ ساڵە زانكـۆی تــەواوكردووە، بــەڵام بــێ ئومێــدیی وایكــردووە وەك مامۆسـتای دواناوەنـدی بـیر لەدامەزرانـدن نەكاتـەوە. ئێوارەیـەك ســیروان دەرفــەتی دیــدارێكی لەگــەڵ بــارام بــۆ مــسۆگەركردم. حــەزمكرد بــەر لــەوەی چیرۆكی خەمــەكانی بــارام لــەزمانی خــۆی ببیــسم، هەنــدێك زانیــاریم دەربــارەی ئــەو هــەبێ. ئیــدی بــەر لــەو دیدارە زانیم خەمی ئـەو پەیوەنـدیی بـە عیـشقەوەیە، حـەوت ساڵە گیرۆدەی خۆشەویستییێكی بێ ئاكامە، بارام كاتێك لەدوا قۆناخی ئامــادەیی دەخوێنێــت، عەشــق‌و خۆشەویــستی لەگــەڵ ســاوینی هــاوپۆلی كۆیدەكاتــەوە، ئێــستاشی لەگــەڵ دابــێ ئــەوان یــەكتریان خۆشدەوێ، خۆشەویستیەك بارام وتەنی، رەنگە لـەدنیادا وێنـەی كـەمبێ. بـارام كاتێـك زانكـۆ تـەواو دەكـات كەسـوكاری دەنێرێتـە خــوازبێنی ســاوین، بــەڵام بـاوك‌و كەسـوكاری رازی نـابن. ئـەوان دەڵـێن ئێمـە كچی خۆمـان نادەینـە بێگانـە. داواشـی لێدەكـەن واز لەداخوازی كردنـی كچەكەیان بێنێت‌و بۆخۆی بـەدوای كەسـێكی دیكەدا بگەڕێت. بارام هەموو رێگاكان تـاقی دەكاتـەوە، خـەڵكێكی زۆر دەنێرێتـە لایـان، ئـێ بـەڵكو دڵـی بەردئاسایان نـەرمببێ، وەلێ هــەموو رێگاكــان ئەچــنەوە مــاڵی بــێ هــوودەیی. بــارام ســوێند دەخوات یان ئـەوەتا ئـەو عەشقە پاكـەیان ئەنجامی دەبـێ، یـان تـا مردن بێ ئومێدیی دەكاتە میوانی هەمیشەیی. ئێستا كـە هەشـت ساڵ بەسـەر پەیوەنـدیی بـارام‌و ساوین تێپـەڕیووە، بارام لەسـەر بەڵێنەكـەی دەڕوات، ئـەو رۆژەی لەگـەڵی دەدوام خەفەتبارییـەكی زۆرم بەروخـساری خوێنـدەوە، ئـەو بـە پەشـۆكاوییەكی زۆرەوە دەدوا، جارجار لەخۆیـەوە هەڵدەچوو، وەك عاشقێكی دڵبرینـدارو كەسـاس، باسـی لەبەسـەرهاتی ئـەو عیـشقە دەكـرد، دەیگـوت **"عەشـقی ئێمـە عەشـقێكی پاكـە، دڵنیـام بڕیارەكەشـم هـیچ ئاكـامێكی نـابێ، چـونكە سـاوین رۆڵـەی خێزانێكـی دڵڕەقـە، خێزانێك هێشتا بەخـەمی گـەورەبوونی عەشـیرەت‌و بنەماڵەكـەیان دەژیـن، لای ئـەوان و شـوورەییەكی گەورەیـە گـەر كچەكەیان بـە كوڕێكی غـەیرە عەشیرەتەكەیان بدەن"** خێزانـی ساوین نـەك هـەر بـەوە نەوەسـتاون، بـەڵكو چـەند هەفتەیـەك لەمەوبـەر بـۆ دواجـار بارامیــان ئاگــادار كردۆتــەوە، ئەگــەر دەســت لەخەونەكــەی هەڵنەگرێت رووبەڕووی كوشتن دەبێتەوە، هەمدیس لەبـەر ئـەوەی رازییـە شـوو بـە ئـەو كـوڕە بكـات، هەڕەشـەیان لـە كـچەكەشیان كردووە.

بارام جارجار دانی بەوە دادەنا، كە ئەو بڕیارەی كە داویـەتی بـۆ ئەوەی دەستبەرداری یارەكـەی نـەبێت، بڕیـارێكی گـران‌و دژوارە، وەلێ دەیـەوێت لەگـەڵ عەشق‌و بەڵێنـەكانی راستگۆبێت، نایـەوێ درۆ لەگـەڵ نـاخی خـۆی بكـات، نایـەوێ شـتێكی قبووڵبێـت، كـە لەرۆحەوە دژایەتیی‌و ململانێی دەكاو دەیەوێت بیڕوخێنێ.

بەفرین سەرگەردانیی‌و بەدبەختیی خۆی بۆ باس كردم، ئەو كە كچێكی( 26) ساڵەیە، هەرچەندە ئێستا تاڕادەیەك ژیـانێكی ئارام بەڕێـدەكات، بـەڵام سـەردەمی منـداڵی خـۆی بەكارەسـات دەزانـێ، ئـەو تـەنها تـا پـۆلی چـوارەمی سـەرەتایی خوێنـدووە، دوو سـاڵە شـووی كـردووە‌و منـداڵێكی هەیـە. ئـەوەی هـەردەم لای بـەفرین دەمێنێتەوە تاڵیی‌و ئازارە سەختەكانی قۆناخی منداڵییە، چونكە ئەوپـەڕی هـەژاریی‌و كەمدەرامـەتی بەشـی خانەوادەكـەیان بـووە، تەمــەنی ئــەو شــەش ســاڵان دەبــێ، كــە دایكــی دووچــاری نەخۆشـییەكی درێژخایـەن دەبـێ‌و دواجـاریش ئـەقڵی لەدەسـت دەدات. دوای نزیكـەی دوازدە سـاڵ ململانـێ لەگـەڵ نەخۆشـی‌و تێكچوونی بـاری دەروونیـی، گوڵنـازی دایكـی بـەفرین ماڵئـاوایی دەكـات. وەك بـەفرین ئامـاژەی بـۆكرد، بـاوكی پیـاوێكی تابلێیـت وەفادارو ئینساندۆست‌و پاكبووە، لەگەڵ منداڵەكانی كە لـە دوو كوڕو سێ كچ پێكهاتوون، زۆر مهرەبان‌و باشبووە، حـەزی دەكـرد ئـەوانیش وەك منـدڵانی دیكـە بەئاسـوودەیی‌و خۆشـگوزەرانی بـژین، بـەڵام هـەژاریی‌و بەدبـەختیی‌و نەخۆشـیی خێزانەكـەی رەوشێكی نالـەباری دروست كردبوو، بەفرین ئێستاش كە باس لـەو قۆناخـەی ژیانیـان دەكـات، رۆنـدك بەچاوانیدا دێنـە خـوارێ. ئـەو دەیگـوت **" بـەهۆی نەخۆشـیی دایكـم هـەر لەمنداڵییـەوە ئـەركێكی زۆر قورسـم كەوتـە سەرشـان، ئـەویش خزمـەتكردنی دایكی نەخۆشم‌و هەندێك لەخوشك‌و برایەكانم بوو، بڕواتان هەبێ زۆرشەو تا رۆژ بۆتەوە بەدیار دایكم دانیشتووم‌و ئەملاو ئەولام پێكردووە، خەو نەچۆتە چاوانم‌و لەخۆم بێزار بوومە، بەڵام لـەوە زیاتر چارەیەكم نـەبوو".** بەفرین پەنجە بۆ بارودۆخی سەخت‌و ئازاردیـدەی رابـردووی خێزانەكـەی رادەكێـشێ‌و بەئەسـەفەوە دیمەنە تاڵەكانی ئەو رۆژگارە دەگێڕێتـەوە، باسیش لـەوە دەكات كـە یەكێكـە لـەقوربانیانی ئـەو رەوشـە، چـونكە بـەو هۆیـەوە لەخۆشـییەكانی منـداڵیی‌و سـۆزو خۆشەویـستی خێـزان‌و خوێندن‌و ئایندەیەكی گەش بێ بەش بووە. ئەو ئافرەتە ئێستاش كاریگـەری ئـەم بارودۆخـەی بەسـەرەوەماوە، كـە لـە روخـساری رادەمێنی، پیریی‌و هیلاكییەكی زۆری پێوە دیارەو لە ژنێكی چل ساڵی دەچێ.

تشرینی دووەمی

2006

# سەرکردەی تاقانە

شوان رەشید

**ئەگەر** لەڕووی بەڕێوەبردنەوە کۆمەڵگا دابەش بکەین، رەنگە سادەترین دابەشکاری ئەوەبێت کە ژمارەیەکی بچووک رابەرایەتی ژمارەیەکی گەورەی ناو کۆمەڵگا دەکات یان بەڕێوەی دەبات . ئەمە لەسەر ئاستی گرووپە کۆمەڵایەتییە نارەسمییەکانیش هەر راستە. بیرمەندانی قوتابخانەی پەیمانی کۆمەڵایەتیش ( هۆبز، رۆسۆ ولۆك ) بەڕوونی ئاماژەیان بەدیاردەی بەسەرکردەکردن کردووە، بەرەچاوکردنی جیاوازیی بیروڕای هەر یەکێك لەم بیرمەندانە لەسەر سروشتی پەیوەندیی نێوان رابەرو خەڵك و ماف و بەرپرسیارێتی هەر یەکێکیان.

کاتێکیش بیر لەبەڕێوەبردن دەکرێتەوە، بەزەرورەت بیر لە بەڕێوەبەرو هەڵبژاردنی کەسێك دەکرێتەوە بۆ وەرگرتنی ئەم ئەرکە. ئەمەش بەپێویست کۆمەڵێك توانا ولێهاتوویی و مەرج دەخاتە بەردەم پرۆسەی بەسەرکردەکردن یان بەڕابەرکردن .

دیارە سەرچاوەو توێژینەوە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەکانیش پشتگیری ئەو بڕوایە دەکەن، هیچ دوو مرۆڤێك سەد دەرسەد وەك یەك نین و جیاوازیە کەسییەکان لەڕووی هێزی جەستەو هۆش و دەروون و هیتر، دیاردەیەکی سروشتییە. لەسەر ئەم بنەمایەش لێکۆڵینەوە لە سەرکردەو سەرکردایەتیکردن، وەك دیاردەیەك بووە بەبابەتی چەندین زانستی وەك کۆمەڵناسیی ودەروونناسیی و سیاسەتناسیی و هیتر .

ئەگەر جاران بڕوا وابوو سەرکردە هەڵدەکەوێت و دروست ناکرێت، ئێستا نەك هەر بڕوا وایە سەرکردە دروست دەکرێت، بەڵکو چەندین ناوەندی زانستیی و ئەکادیمی، بەپەیڕەوکردنی میتۆدو راهێنانی تایبەت سەرقاڵی بەرهەمهێنانی سەرکردەو رابەرو بەڕێوەبەرن لەبواری جیاجیادا، بەڵام ئەمە تەنها لەو وڵاتانەدا رەواجی هەیە، کە بڕوایان بەتواناکانی ئەقڵ هەیەو بەپشت بەستن بەزانست ژیان دەکەن. بەمانایێکی تر لەوڵاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکاندا مۆدێلی سەرکردایەتی ئەقڵانی باوەو لەوڵاتە نادیموکرات و دواکەوتووەکانیش، مۆدێلی کۆنی سەرکردایەتیکردنی نەرێتی. ئەمە لەسەر ئاستی گرووپە کۆمەڵایەتییە ئەتنی و ئایینی و چینایەتیەکانیش هەر راستە.


مەبەست لەمۆدێلی سەرکردایەتی مۆدێرن، بڕوابوونە بەتوانای ئەقڵ و دروستکردنی کەسایەتی بەوجۆرەی ویستراوە لەرێگای راهێنان و فێرکردنەوە، کەچی مۆدێلی کۆنی سەرکردایەتی ئەوەیە، کە سەرکردەو رابەر بەشێوەیەکی سروشتی سەرهەڵدەدات و هەڵدەکەوێت، کە رەنگە ئەم هەڵکەوتنە هاوکات بێت بە رووداوێکەوە، یان لە چرکەساتێکی مێژوییەوە کەسێك وەك رابەرو سەرکردە کەشف ببێت، بەبێ ئەوەی هیچ پێشمەرجێکی سەرکردایەتی بۆ دەستنیشان بکرێت. یان هێندێ جار کەسێك لەبەر نەبوونی ئەلتەرناتیڤی تر دەبێتە سەرکردە، وەك ئەوەی گرووپەکەی یان هاوڕێکانی پێویستیان بەکەسێك، نوێنەرێك یان رابەرێك بێت بۆ نوێنەرایەتی کردنییان و رابەرایەتی کردنییان بۆ ماوەو قۆناغێکی دیاریکراو، ئیدی بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەیەك هەڵدەبژێرن نەك لەبەر ئەوەی لێهاتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەسێکی لەو باشتریان دەستنەکەوتووە. ئەوەش مانای ئەوە نییە لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا سەرکردەو رابەرێك هەڵناکەوێت پشتبەستوو بەتوانا فیکریی و ئەقلیی، یان توانا سەربازیی وجەستەییەکانی خۆی. مەترسی گەورەش لەوەدانیە سەرکردەیەك دەبێتە


سەرکردەی تاقانە، دەسەڵاتێک بۆ هەمیشە

سەرکردەو رابەر، بەبێ کەمترین مەرج و پێداویستییەکانی سەرکردایەتی، بەڵکو مەترسی ئەوەیە ئیدی هەم سەرکردەو هەم سەرکردایەتی کراوەکان، باوەڕ بهێنن لەو رابەرترو سەرکردەتر بوونی نییە، ئەمەش لە زۆربەی وڵات و هەرێمە نادیموکراتەکان و رۆژهەڵاتیەکاندا دیاردەیەکی چاوەڕوانکراوە. لێرەشەوە ئەوە روودەدات کە پێی دەوترێت سەرکردەی تاقانەو تاکە سەرکردە. کاتێکیش سەرکردەی تاقانە دەبێتە مۆدێل، ئیدی شیعری سەرکردەو رۆمانی رابەرو گۆرانی سوپاسالار مۆدێلی دوای ئەوەن، کە سەرجەمیان لەپێناو پیرۆزترکردنی سەرکردەن. لەسەردەمی رابەرو سەرکردەی تاقانەشدا بەربەرینترین بواری فاشیەت و دیکتاتۆریەت بەرهەمدێت .

ئەو کاتە نەك هەر بواری سەرکردەی ترو رابەربوونی تر نییە، رەنگە دەرفەتی شیعری ترو گۆرانی ترو تابلۆی تریش نەمێنێتەوە.

بانگەشەکردن بۆ سەرکردەترین سەرکردەو رابەرترین رابەر، بانگشەکردنە بۆ کوشتنی هەر هەوڵێك، کە ئەم مەقولەیە دەخاتە بەردەم گومان و بەردەم روناکیەکانی کاڵبونەوەو هەر هەوڵێکیش، کە دەیەوێت مۆدێلی فرەسەرکردەو فرەڕابەر لەکۆمەڵگادا بخاتەوە، ئەوکاتەی نازناوی تاکەسەرکردەو تاکەڕابەر لەو وڵاتدا دەبەشرێتەوە، خیانەت هەرئەوە نییە دەست لەگەڵ دوژمندا تێکەڵکەیت، بەڵکو خیانەت ئەوەیە بیر لە سەرکردایەتی بکەیتەوەو بتەوێت رۆژێك تۆش سەرکردە بیت .



له کۆمەڵگەی داخراودا، ئەوانی دی ئەخرێنە قەفەزەوە

زۆربەی کات لەمۆدێلی سەرکردایەتی نەریتیدا، کە کەسێك دەبێتە سەرکردەو رابەر، یان دەکرێتە سەرکردەو رابەر، ئیدی ئەم شەرەفە بۆ چەندین پشت و نەوە دوای نەوە لەناو یەك خێزان و بنەماڵەدا دەگوازرێتەوە. مەترسی گەورەش ئەوەیە بتکەن بەڕابەرو سەرکردە، تەنها لەبەر ئەوەی نەجیبزادەی ئەو بنەماڵە یان ئەو خێزانەیت، نەك لەبەرئەوەی شایستەی ئەو ئەرك و شەرەف و نیعمەتەیت. چونکە ئەوانەی دەکرێنە رابەرو سەرکردە زۆر نازبارترو دڵتەنکترن لەوانەی خۆیان دەبن بەڕابەرو سەرۆك، واتا پشتبەستوون بەتوانا ئەقڵی و لێهاتووییەکانیان. ئەوانەی چاوەڕێن بکرێن بەڕابەرو سەرۆك، چاوەڕێی ئەوەشن هەر لەمنداڵیەوەو بەر لەڕابەربوونیان لە ئەتمۆسفێری رابەرایەتی و نیعمەتەکانی سەرۆکایەتی بووندا بژین. بۆیە زۆرجار برای سەرۆك یان کوڕەکەی یان برای ژنەکەی وهیتر دەسەڵاتیان هیچێکی ئەوتۆی کەمتر نییە لەدەسەڵاتی خودی سەرۆك و رابەر. یان رەنگە کوڕە هەرزەکارەکەی سەرۆك جورئەتی ئەو بکات ئەندامێکی باڵای حزبەکەی باوکی، یان وەزیرێکی حکومەتەکەی برای، بداتە بەر شەق و کەڕامەتی بشکێنێت .

هێندێ جار شێوازی مۆدێرن لەدروستکردنی رابەری تەقلیدیدا پەیڕەو دەکرێت، وەك ئەوەی باوەشێك بڕوانامەو نازناوی زانستی و ئەکادیمی وەهمی لەماوەیەکی کورتدا دەخرێنە پاڵ ناوی سەرکردە، یان ئەوەی لەبەرنامەدایە ببێتە سەرکردەو رابەرێکی تری ئەو بنەماڵەیە، دیارە بەشێك لەزانکۆکانیش هەمیشە بڕوانامەی شانازیی وفەخرییان بۆ ئەم بۆنانە ئامادەکردووە .

هەموو ئەو شێوە سەرکردایەتی کردنە نەریتیانە، دەکرێ بچنە نێو هەموو کایە ئەکادیمی و رۆشنبیریی و ئیداریی وسیاسیەکانیش و لەهەر یەکێك لەم ستراکتۆرانەدا، نموونەی رابەرو سەرکردەی پیرۆزکراو دەدۆزرێنەوە، لەهەر کوێیکدا نموونەی رابەری تاقانەو سەرکردەترین سەرکردە بووە مۆدێل.

Shwanrwan2002@yahoo.com

تشرینی دووەمی
2006

# سواڵکەر... لەنیگایەکی دیکەدا

ڕێبەند سەعدوڵڵا ئەحمەد

**پێشووەچوونی** تەکنەلۆژیا و جەنجاڵبوونی ژیان و کزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دارمانی کیانە ویژدانییەکانی لێ هاتۆتە ئاراوە، لەم زەمەنەی ئێمەدا بژێو هێند قورس بووە، پەیوەستی بنەماڵەو سۆزی نێو خێزانەکان ڕوو لەکزییە، هەر کەسەو خۆی بەخاوەنی تەنها خۆی دەزانێ و هەستکردنیش بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەوانی تر لەئارادا نییە. ئەمانە کارەکتەری دژەهاوکارییین. لەزەمەنی ئێرەماندا، گەلێ کێشەی کۆمەڵایەتی ڕوو لەزیادبوونن..

بێ ویژدانیی مرۆڤە زەنگین و سەرمایەدارەکان، لا لێنەکردنەوەی دەسەڵات لەچینی هەژارو نەدار، بوونەتە هۆی زۆربوونی ژمارەی خێزانی بێ نەواو فراوانبوونی چوارچێوەی پرسی بێ کاری و بێکاری شاردراوە لە ترۆپك دایە!

ئەم هەژارییەو نەبوونی سەرچاوەیەکی بژێوی ژیان و نەبوونی دەزگایەك بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی، نەبوونی گرەنتییەك بۆ لەبرسان نەمردنی مرۆڤی ئێرە، ناشیرینترین و نەویستترین دیاردەی لێ کەوتۆتەوە، ئەها ئەوانەی سواڵدەکەن بەئاستەم نەبێت، سەریان بڵند ناکەن! ئایا ئەوە مانای ئەوە نییە، کە خۆشییان لەم حاڵەیان نایەت؟ ئەگەر سواڵکەر ئەم ڕەفتارەی پێ خۆش بێت، ئەوا بەشانازیەوە دەیکات! سواڵ بەکارو وەزیفە لەقەڵەم نادرێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکدا، کە شەڕەف و کەرامەت پەیوەندییەکی نەپساوەی هەبێت بەهەژاریی و نەداریی! سواڵ دیاردەیە، دیاردەیەکی نەویستراو و ناشرین! من پێش بیرۆکەو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەم، زۆربەی ئەو جارانەی ڕووبەڕووی دەستکردنەوەی کەسێك بوومە بۆ پارە یان خواردن، ئەوا پرسیارێکم لێ کردووە لەوەی بۆ وا دەکات؟ هەست بەچی دەکات لەم کردەوەیەی؟ شەرم ناکات؟ یان شانازی پێوە دەکات! لێرە لەم ڕیپۆرتەدا ڕاو بۆچوونی ئەم سواڵکەرانەی قسەم لەگەڵ کردوون، لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان ئامادە نەبوون بەرامبەر تۆماری دەنگیی قسەبکەن، بەڵام من لەکاتی دەمەتەقێ و پرسیارەکانم، ڕام لێ بەدی کردوون و بۆتانی دەخەمەڕوو. دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە زۆر سواڵکەرمان هەن بەهۆی کەمئەندامی و ناتەواوی جەستەو عەقڵیی، تووشی ئەم حاڵەتە بوونە، لەهەمان کاتیشدا خێزان و کەسوکاریان بێ ڕەحمانە بەشەقام و کۆڵانە ساردو گەرمەکانیان سپاردوون! با ئەوەش بڵێین کە حکومەتی هەرێم مانگانەیەکی ڕەمزی بۆ هەندێ کەمئەندام بڕیوەتەوە، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێ بڕوا بەوە بێنێ، کە ئەم مانگانەیە بەشی هەفتەیەکی ژیانیان دەکات، نەك مانگێك!

* ئافرەتێکی پیر، لەبن دیوارێکی شەقامی پزیشکانی هەولێر بەدانیشتوویی دەستی لەسەر کۆشی ساردی دانابوو، ناولەپی هێڵی سەدەیەك تاڵیی ژیانی لەسەر نەخشابوو، گاسنی قەدەر ڕووە نوورانیەکەی کێڵابوو، سەیرم پێ دێت کە پیرێك لەم





بۆ دەبێ کەمئەندامەکان، سواڵکەریش بن؟!

حاڵەیدا نامرێت! دەنگە کزەکەیم گوێ لێ بوو: (ڕۆرە فەقیرم، خێرەکم پێ بکەن...) سەری بۆ ژوور بەرز کردەوە، وای زانی بۆ ئەوە وەستاوم خێری پێ بکەم... نەمویست کەسمان شەرمەزار بین، پارەیەکم خستە دەستی و لێیم پرسی: کەست هەیە بەخێوت بکا و شەو لەلای بمێنیەوە؟

لەم پرسیارەم ناڕەحەتی پێوە دیار بوو، وەك پێم بڵێ پارەکەت دەدەمەوەو وازم لێ بێنە! ئاخر ژنێکی پەککەوتەی پیری ئەوها چۆن ئەگەر کەسێکی هەبێت، سواڵ دەکات؟! خۆ کەسوکارەکەی دڵیان نایەت دەربەدەری بکەن، پرسیارەکەی منیش بێ مانا مابوو!

نا لەو ڕایەم بەهەڵەدا چوومە، بەڵکو کەسوکاری ئێستامان بەشی ئەوەندەش ویژدانییان نەماوە، دەزانن ئەم ئافرەتە پیرو پەککەوتەیە تاقانە کوڕێك و چوار کچیشی هەیە؟ ئەو گوتی: (پیاوەکەم لەمێژە بەنەخۆشی مردووە، دوای ئەو کوڕەکەم کرێکاری دەکردو من و چوار خوشکەکەیشی بەخێو دەکرد، بەڵام کاتێ ژنی هێنا، هێواش هێواش لێمان جودابۆوە، وای لێهات خانووەکەی فرۆشتین و گوتی دوو خانوو دەکڕم، یەك بۆ خۆم و ئەوی دیش بۆ ئێوە، دوو خانووی خراپی کڕی و یەکێکیان بۆ خۆی، ماڵێکی ساردو بێ پیاویشی بۆ ئێمە بەجێ هێشت! ئێستا من بەتەنهام. کچەکانم شوویان کرد، ئەوانیش کێشەی خۆیان هەیەو بەمن ڕاناگەن، کوڕەکەم بەجێژنان سەردانی دەکردم، کچەکانیشم جاری وا هەیە مانگی جارێك دێنە لام، بەڵام ئەوانیش نەدارن و مێردەکانیان کرێکارن، کوڕەکەم ئێستا بۆتە وەستای دیوار، بەڵام پێناچێت ژیانی خۆش بێت، ئەگەرنا حاشای لێ نەدەکردم و بەخێوی دەکردم! ئەم جەژنە نەهاتە لام، تەنها جارێك ژنەکەی و منداڵەکەیان هاتبوون، نازانم چۆن بوو بەبیریان هاتبوومەوە، هێندەی پێم گوتن بۆ موخلیسی کوڕم دیار نییەو سەردانم ناکات، بووکەکەم گوتی: مەجالی نییە، ئیشی زۆرە، خۆ تا شەوێ درەنگ نایەتەوە ماڵێ. هێشتا جەرگم بۆ موخلیس دەسووتێ، هەموو کات دوعای بۆ دەکەم و حەز دەکەم هەزارجار بمرم و کوڕەکەم سەری نەیەشێت، موخلیس تاقانەمەو چۆن لێی تووڕە بم، قەیناکە نایەتە لام، بەڵام خۆ کوڕمەو لەمنە، ئەو هەر کوڕی خۆمە).

ئەگەر ئەم ئافرەتە پیرەی باسمان کرد، هەناسەیەکی کزی بەبەرەوە ماوەو زەحمەتە بتوانێ بەری سەرمای ئەم زستانە ساردە بگرێت و گریمان کوڕە بێ وەفاکەشی ناچێتەوە لای و چاوەڕێی مەرگ و بردنە قەبرستانی دەکات، ئەی چی بەگەنجێکی بیست و پێنجساڵی دەڵێیت! کوڕە گەنجێکی کەمئەندام لەچاوەڕوانی چیدا لەژێر سەرما وسۆڵەی زستان و گڕی سووتێنەری هاویندا سواڵ بکات!؟

* شێروانی کەمئەندام لەنێو بازاڕی هەولێر، هەر جارەو لەگۆشەیەك دەبیندرێت، ئەو لەمنداڵییەوە قاچەکانی بەر مین کەوتوون و ناتوانێ بەبێ داردەستەکەی هەنگاوێکیش بنێت، کار لەم وڵاتەی ئێمە بەدەست لەشساغەکان ناکەوێت، چ خاسمە کەمئەندام! شێروان زۆری پێ خۆش بوو قسەم لەگەڵی کرد، ئەو دەردی زۆر گران بوو، بەڵام ڕووخۆشی و قسە شیرینەکانی غەمەکانی منیشی بەباکرد! کاتێ شێروان دەبینم، هەست دەکەم ئێمە مرۆڤی لەخۆبایی و سەرلێشێواوین!

ئەوەتا شێروانی هاوتەمەن و هاوڕێمان وەکو ئێمە حەزی هەیەو هەمان هزرو عەقڵی ئێمەی هەیە، کەچی لەبێ چارەییدا سواڵ دەکات، کێ بەهانای شێروانەوە دێت؟ خۆ ئەویش مرۆڤە، مرۆڤێکە لەتەمەنی لاویی دایە، ئەو هەموو کات تەماشایەکی جوان و ڕەنگینی بۆ ژیان هەیەو لەگەڵ هەمووان ڕووخۆش و دەم بەپێکەنینە، شێروان فەلسەفەیەکی زۆر جوانی هەیە بۆ ژیانی مرۆڤ و ئەو تەمەنەی بەهۆیەوە لەژیان دەگوزەرێت، ئەو دەڵێ: (من هەموو خەڵکم خۆش دەوێت، خەڵك لەگەڵم زۆر باشن، من هەر کەسێك ببینم خۆشم دەوێت، قەت داوای پارەش لەکەس

# پیرەکان پێویستیان بە حەسانەوە و ڕێز لێگرتن هەیە، نەك سواڵکردن و ڕیسوابوون





ناکەمو لێشیان ناپاڕێمەوە، هەندێ کەس بۆ خۆیان دێنە لام و پارەم دەدەنێ، خەڵکیش هەیە سەردانم دەکەن بۆ ئەوەی قسەی خۆشیان بۆ بکەم، زۆر کەسی وەکو تۆ هاتوونە لامو دڵیان بەقسەکانم خۆش بووەو هەر جارەی بەلامدا تێپەڕن لادەدەن و لەئەحواڵم دەپرسن، یان هیچ نەبێت دەڵێن (شێروان کووی؟) ئێ خۆ دونیاش کاول نەبووە! دونیا چییە؟ ئەوە نییە خەڵك خۆشیان دەوێم و کەس لێم تووڕە نییە، لەهەر شوێنێکیش دابنیشم پێیان ناخۆش نییەو کەس ڕقی لێم نابێتەوە. جاری وا هەیە منداڵ بەلامدا تێدەپەڕن و فشەیەکم پێ دەکەن، بەڵام ئەوان منداڵن، هێشتا هیچ نازانن، گەورەکان دڵیان پێم دەسووتێ، چەندجار وابووە دووسێ کچ قسەی خۆشیان لەگەڵ کردوومو دڵیان داومەتەوە، ئەگەر کچێك پارەم بداتێ یان شەربەتو میوەیەکم بۆ بێنێ، لەخۆشیان خۆم بەکەس نادەم، جاری وا هەبووە کچێکی جوان خێری پێ کردووم، چەند هەفتە پارەکەم لەماڵێ هەڵگرتووەو نەمتوانیوە خەرجی بکەم، بەیادگاری لای خۆمم داناوە!)

شێروان فێرمان دەکات، کە ژیان بریتی نییە لەو ململانێ هیچەی هەمووما ن ڕۆژانی خۆمانی پێ بەفیڕۆ دەدەین، لەلای شێروان ژیان کێبڕکێی بازرگانە قۆڵبڕەکان نییە، خۆ ئەو وەك پزیشك و دەرمانسازەکانی دراوسێشی بێ ویژدان نییە، شێروان درۆو فێڵیش لەخەڵکی ناکات! سوێند بەنەخۆشی و کەمئەندامییەکەیشی ناخوات، وەك ئەوەی حاجییەکانی بازاڕ سوێند بەکەشیدەی سەریان دەخۆن و فێڵ لەخۆیان و خودایان دەکەن! شێروانی کەمئەندامو سواڵکەر زۆر لەدەوڵەمەندێکی بێکەڵك شکۆدارترە.

ئەگەرچی سواڵکردن لای زۆربەمان بەپیشەیەکی نەویستراو دادەندرێتو لەکۆمەڵگەی ئێمە سواڵکردن ڕەفتارێکی ناشرینو قەبووڵ نەکراوە، بەڵام کە هیچ کام لەزەنگین و پارەداران ئامادە نەبن پەنای هەژاران بدەن، کە حکومەتیش خانەیەك بۆ پیرەکان نەکاتەوەو شوێنی نیشتەجێبوونو بیمەی ژیان بۆ گەنجان دابین نەکاتو بێ کەسییو بێ پەنایی باڵ بەسەر ژیاندا بکێشێت، ئەوانەی ژیان بەجێیان دێڵێت چی بکەن؟ خۆ سواڵ لەخراپەکارییەکانی تری وەك دزیو دەستدرێژییو ستەمکردنو گەندەڵیو بێ ویژدانیی باشترە، وا خەڵکی دەوڵەمەندو سەرمایەدار فێڵ و دزی دەکەن، جا هەژارو بێ نەوایەك چی بکات؟

* لە قەرەباڵغی ناو بازاڕی هەولێردا، پیرەپیاوێك بەدەنگی نووساوەوە دەیگوت: خوا خێرتان بنووسی، فەقیرم...ئەگەر هەیتتان خێرەکم پێ بکەن...

. خاڵەگیان تۆ تەمەنت گەورەو پێویستیت بەحەسانەوە هەیە، نەك بەم شێوەیە پارە پەیداکردن، کەست نییە بەخێوت بکات؟

پیرەپیاو: من ماڵو منداڵیشم هەیە، کوڕەکانم گەورەن و هەر یەکەیان خۆی بەخێو دەکات، دونیا هەر ئەوها بووە، پێویستە هەر کەسەمان بچینە ڕێی خۆمانو نانی منداڵەکانمان پەیدا بکەین، من لەمنداڵییەوە هەر کارم کردووە، هەرگیز تەمبەڵییم نەکردووە، وا ئێستاش دەمبینی پەکم کەوتووەو توانای کارم

# سواڵکەرێك: جاری وا هەبووە کچێکی جوان خێری پێ کردووم، چەند هەفتە پارەکەم لەماڵێ هەڵگرتووەو دڵم نەهاتووە خەرجی بکەم، کردوومەتە یادگاری!



نەماوە، بۆیە ناچارم ئەو ڕۆژانەی سحەتم باش بێت، لێرە دابنیشمو بژێوی خۆمو خێزانەکەم پەیدا بکەم. من بەگەنجی ڕەنجی زۆرم دا، بەڵام نەخوێندەواریی نەیهێشت ببمە خاوەنی هیچ، ئەگەرنا بۆ خۆشم دەزانم کە ئەمە حاڵ نییە تێی دام، لەژیانمدا لەخانووی خۆمدا نەبوویمەو هەرگیز خاوەنداریی بستێ خاکیشم بەخۆوە نەدیوە. کە بشمرم کەس نایەتە تازیەکەمو کێ دەڵێ ئەو کاتیش بستە ئەرزێکم بەنسیب دەبێت!

* ئافرەتێکی پیر لەسەر عەرزی بەردەم شەقامی باتەی هەولێر دانیشتبوو، ئەو چاوەکانی کوێر بوون، بەڵام ئەو دوو منداڵە جوانو پۆشتەیەی لەتەنیشتی دانیشتبوون زۆرتر سەرنجیان ڕاکێشام، بۆیە یەکسەر ڕووم لەمنداڵەکان نا و لێم پرسیین: ئێوە چ دەکەن لێرە؟ ئەو ئافرەتە چی ئێوەیە؟ یەکێکیان خێرا وەڵامی دامەوە: داپیرمە، چ ئیشت پێیە؟

من پێشتر وامزانی منداڵەکان لەلای ئەو پیرە ئافرەتە دانیشتوونو چاوەڕێی کەسوکاری خۆیان دەکەن، بەڵام بەهەڵەدا چووبووم، لە پیرەکەم پرسی بۆ ئەم کارە دەکەیت؟ ئەویش گوتی:(ئەدی چ بکەم، نابێ نانێك پەیدا بکەم، کوڕەکانم بەماڵو منداڵی خۆیان ڕاناگەن هەتا منیش بەخێو بکەن! یەکێ لە کوڕەکانم شوفێرەو ماوەیەکە ئیشی ڕاوەستاوەو کەس ئیشی پێ ناکات، کوڕەکەی تریشم شۆفێری دەڕاسەیەو ساڵێ مانگێك ئیشی هەیە. چی دیکەت دەوێ؟ ئەوەندە قسەیەت بەس نییە؟ ئەمن مێردەکەشم کوێرەو ئەویش لەشوێنێکی تر کار دەکات، هەردووکمان مانگێ دووسەد دینار وەردەگرین، بەشی هیچ ناکات، تۆ چیت پێ دەکرێ بۆمان بکەی؟ قسەی من و ڕسمت بۆ چییە؟ هیچ شتەك سوودی نییە! لێمان بگەڕێ هەر کەسەو بەڕێی خۆی!).

لە کۆتاییدا دەپرسم ئاخۆ کێ لەدەوڵەمەندەکان ویژدانی هەیە؟


ئەگەر لەهەولێرێکی گەورە حکومەت بەهانای سواڵکەرانەوە چووبێتو هەر یەکەو مووچەیەکیان بۆ بڕابێتەوە، ئەی زەنگینەکانی هەولێر خەریکی چیین؟ لەکاتێکدا لەسایەی خەباتی هەمووان بەم ئارامییەی ئێستا گەیشتوونو خەریکە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە خۆشییەکانی سەردەمی تازە تەنها بۆ بازرگانو بەرپرسە حکومیەکانە، بەداخەوە لەوڵاتی خۆمان ئەمە ڕووی پایتەختە! سواڵکەرەکان لەجیاتی ئەوەی پەنا بدرێنو هاوکاری بکرێن، سزا دەدرێنو دەستگیر دەکرێن! ناڵێم با شەقامەکان پڕبن لەسواڵکەر، بەڵکو دەڵێم با سواڵکەر نەمێنێت، ژمارەیەکی کەمیانم لەبازاڕی هەولێر دیت.. دیارە پۆلیس قەدەغەی کردوون، تا ئێستا دیاردەی بێکاریی شاراوەمان هەبوو، بەڵام ئەو جارە دیاردەی سواڵکردنی شاراوەش سەری هەڵدا! دوو پاکەتی جگەرە، دووسێ بنیشت بەدەستەوە دەگرنو دێنە بەردەمت، ئەمەیان سواڵە، بەڵام سواڵێکە لەترسی پۆلیس بەشاراوەیی دەکرێت، تکایە پۆلیسەکان ئەمەش قەدەغە مەکەن، خۆ ڕاستی ناشاردرێتەوە، ئەگەر ڕێیان پێبگرن ئەوا ڕاستەوخۆ دیاردەی ترسناکتر دێتە ئاراوە، دیاردەی دزیو کوشتنو ئیشی قەدەغەکراو و خۆکوشتنو لادانی کۆمەڵایەتیو گەلێ شتی دیکە دێنە پەیدابوون!

تێبینی: ئەم وێنانەی لە ڕیپۆرتەکەدا داندراون، هی ئەو کەسانە نییە، کە قسەیان بۆ کردووم، چونکە هیچ لەوانەی قسەیان بۆ کردم ئامادە نەبوون وێنەیان بگرم، بەڵام دیسانەوە وێنەکانی دامناون هی سواڵکەرو کەمئەندامە سواڵکەرەکانی پایتەختی هەرێمنو بەحاڵ ڕێگەیان داوم وێنەیان بگرم!

rebandkhoshnaw@yahoo.com

# واعیز

وایــــــدادەنێین ئـــــەو واعیزانـــە، نەســیحەتی خـــوارەوەن بـــۆ ســـەرێ، نـــەک واعیـــزەی پیـــاو ماقووڵ بۆ هاوڵاتییان..



**کامیل فەخرەددین**

(1)

**لەم خەڵکە بەدبەختە بڕوانن ئێوە چیتان بۆ کردوون ؟**

ئەمە پرسیارێکە ئاراستەی رۆژنامەنووسێك کرابوو .. رۆژنامەنووسەکە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ **"بەلای کەمەوە من هیچم لە بەدبەختی خەڵکی بەدبەخت زیاد نەکردووە"** (ڕوو دەکاتە وەعز دەران) و دەڵێ" **بەڵام کێ لەئێوە دەتوانێ ئەم قسەیەی من بکات ؟"**

(2)

تۆ ئەگەر نەتەوێ لەبەرامبەرەکەت بگەی، یان نەتەوێت رایەکانی ئەو پەسەند بکەی، پاساو زۆرە.

تۆ ئەگەر لەگەڵ بەرامبەرەکەت لەکاتی گفتوگۆدا نەگەیشتیتە ئەنجام، یان لە گفتوگۆکەتاندا تێگەیشتنێك دروست نەبوو، دڵ ساردیەکت لا دروست دەبێ یان بێزار دەبی .

خۆ ئەگەر تێنەگەیشتنەکەتان کەوتە دەمەقاڵێ ( شەڕ دروست دەبێ ) !

**یەکەم قوربانی شەڕیش ( حەقیقەتە ).. وەعزدەرەکان ئەمە باش دەزانن، وەڵێ هەمیشە ئاگرخۆشکەری بوون..**

( 3 )

بیرمەندێك لەپێناسی رۆژنامەنووسدا دەڵێ :

ئەوەی هەست ڕادەگرێ بزانێ ( با ) لەکام لاوە دێ و پاشانیش بەخەڵکی رادەگەیەنێ، ئەوە رۆژنامەنووسە .

( ولسن ) یەکێك بوو لەسەرۆکەکانی پێشووی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەوەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەنووسێکدا دەڵێ : ئەگەر من سەرپشك بکرێم لەمابەینی دەوڵەتێکی سەربەخۆو رۆژنامەیەکی ئازاد، رۆژنامەکە هەڵئەبژێرم، چونکە رۆژنامەی ئازاد دەوڵەتێکی سەربەخۆم بۆ دروست دەکات..

( ئێوارە گولان ) یەکەم رۆژنامەی ئێواران بوو، کە لەکوردستان بەئێواران دەردەچوو (577) ژمارەی بە بەردەوامی لێ چاپ کرا، ئێوارەیەك دەرنەچوو، سەرنووسەرەکەی لەنووسینێکی خێرادا، کە لەدوا ژمارەیدا بلاویکردەوە نووسیبووی **"( دوای دوو ساڵ بەردەوامیی دەرکەوت، بۆ کوردستان فەرقی ئێواران‌و سبەینان نییە )**. کەچی نەمانی ئێوارەی گولان پرسیار، یان گومانی لای کەس دروست نەکرد، ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەزموونی رۆژنامەی ئێواران لەکوردستاندا نەهاتەوە .

(4)

دەڵێن : سەرکەوتن موڵکی هەموو ئینسانێکە، کەچی زۆرجار لێناگەڕێن بیریشی لێبکەیتەوە..

هەندێکیش دەڵێن: هیچ کەس ناتوانێ رێگە لەبیرکردنەوەکانت بگرێ، ئەگەر خۆت نەتەوێ .

**پرسیار ئەوەیە ( لێناگەڕێن یان خۆمان نامانەوێ )؟**

(5)

د. عەلی وەردی دەڵێ : هەموو سەرکەوتنێك تۆوی دارمانی لەسروشتی دروست بوونیەوە هەڵگرتووە.. بەڵگەش ئەوەیە، کە هیچ بزووتنەوەیەك نەبینراوە دوای سەرکەوتن وەك خۆی مابێتەوە!! کەچی کۆمەڵێك کەس هەیە سوود لەو سەرکەوتنە وەرئەگرن .

**باشە تۆی خوێنەر ئەتوانی پێمان بڵێی( جۆر )ی سوود وەرگرتنەکە چییە ؟**

(6)

( زلاتا ) ناوی ئەو کیژۆڵە 11 ساڵە بوو، کە لەناو گەرمەی شەڕی سەرایڤۆدا ژیانی بەسەر دەبرد، لە چاوپێکەوتنێکی خێرادا، کە کاتی خۆی دونیای هەژاند گوتی : **مردن هێندەی کراسەکەی بەرم لێمەوە نزیکە.**

**کامیان لەبەدبەختی( زلاتا ) کەم دەکاتەوە ( شەڕ) یان (ئاشتی) ؟**

(7)

هەر نهێنییەك، یان هەر حەرامێك، یان هەر رازو گرفت‌و گلەییەك قابیلی ئەوەیە هەر هەموومان بیزانین، شاردنەوەی نهێنییەکان، قەدەغەکردنی حەرامەکان‌و گوێ نەگرتن لەڕازو گلەییەکان، دەمانباتە بەردەم گومان‌و پرسیاری زۆر، بەلام دواتر پرسیارە زۆرەکان بێ وەڵام دەمێننەوە. **بۆیە دەگوترێت: زانیاریەکانتان مەشارنەوە، چونکە هیچ نییە !**

( 8 )

**ئاگاداری فیڵەکانی ڕاو بن، هەر ڕاوچییەك فیڵی خۆی هەیە بۆ ڕاو.**

# میدیای ئازاد



فەرحان جەوهەر

**بنـــەماكانی** راگەیانــدنی ئــازاد لەرۆژهــەڵات بەگــشتی، نەبۆتــە كولتــورو میللەتانیـــشیان لەســـەری رانـــەهاتوون، ئـــەوەی هـــەبووە تـــەنها راگەیانـــدنی ئاراستەكراوبووەو لەخزمەتی دەسەڵاتدا بووە، چونكە سیستەمەكانیان تۆتالیتاریی‌و دیكتاتۆری بوونە. بۆیە خەڵكەكەیان ئاشنایەتی لەگەڵ میدیای ئازادنەبووە، بەڵكو نـەیان هێشتووە راگەیانـدنی وڵاتـانی دیمـوكراتیش بگاتـە وڵاتـەكانییان، بـۆ نموونـە سـۆڤیەتی جـاران نەیدەهێـشت پەخـشی رادیـۆی (بـی بـی سـی)ی لەنـدەنی بگاتـە وڵاتەكەیان، جا ئەگەر دەنگی رادیۆ قەدەغەبێت، ئەوا لەجۆرەكانی تری راگەیاندن هـەر مەپرســـە. ئـــەمڕۆش دوای نـــەمانی بەشـــێكی زۆر لـــەو سیـــستەمە دیكتاتۆریانـــەو پەیـدابوونی جۆرێـك لـەئازادی لەهەنـدێ وڵاتـانی رۆژهـەڵات، ئـەوا لەگـەڵ ئەمەشـدا راگەیانـدنی ئازاد گەشـە دەكـات. بەتایبـەتی لەسـەردەمی ئـەمڕۆی جیهانگیریـدا، كـە راگەیانـدن هـەموو سـنوورەكان دەبـەزێنێت، بەناچـاری دەبێـت هـەموو لایـەك پێـشوازی لـێ بكـەن، وڵاتـی خۆشمـان كوردستـان كە سالآنێكی زۆر بوو گیرۆدەی سیستەمی دیكتـاتۆری بـوو، خەڵكەكەشـی دووچاری چـەندەها چەوسـانەوە ببـوون، ئێـستا ئـازادو سەربەسـت‌و لـەبارە بـۆ گەشـەكردنی راگەیانـدنێكی ئـازاد، بەمـەرجێك ئەگـەر لـەڕووی ئابوورییـەوە ببێتـە هێزێكـی كاریگـەر، چـونكە بـەبێ پاڵپـشتی سـەرمایەو كـەرتی تایبەت ناتوانرێ راگەیاندنی ئازاد پەیدابێت (لێرەدا مەبەست لەڕاگەیاندنی ئازاد راگەیاندنی ئەهلییە)، كە دووربێت لەسانسۆرو چاودێریی‌و هاوكاری دەسـەڵات، خـۆی توانـای دابینكردنـی هـەموو پێداویستیەكانی ماددی هەبێت لەڕووی ئابوورییەوەو پشت بەخۆ ببەستێت.

كوردستان سیستەمەكەی دیموكراسی‌و دەسەڵاتەكەشی سكیۆلارە، لێ تاكو ئێستا راگەیانـدنی ئازاد وەكو پێویـست گەشـەی نـەكردووە. فاكتـەری سـەرەكی رێگـر لەبـەردەم ئـەو پرۆسـەیەدا فاكتـەری ئـابووری‌و سـەرمایەی تایبەتـە، كـە كـەرتی تایبـەت نـەیتوانییوە راگەیانـدنیش بكاتـە بەشـێك لەپڕۆژەیـەكی سـەرمایەگوزاری، كـە قـازانج‌و سـوودی لـێ ببینێـت. لێرەشـدا پرسـیارێك دەكـرێ، بۆچـی كـەرتی تایبـەت راگەیانـدن ناكاتـە بەشێك لـەپڕۆژەكانی؟ لەبەرئـەوەی ئاسـتی وشیاریی‌و رۆشـنبیریی گەلەكـەمان بەجۆرێكـە بـەهیچ شـێوەیەك كـەرتی تایبـەت قـازانج لـەپڕۆژەی راگەیانـدنی ئـەهلی ناكـات، لەمەشـدا ناحـەقییان نییـە، چونكە بەپێی بنەماكانی سیستەمی ئابووری‌و بازاڕی ئازاد لەهەموو شوێنێكدا سەرمایەدار بەدوای قازانجدا دەگەڕێ، پڕۆژەیەك ناكات زیانی هەبێ‌و سوودی نەبێ. لەكوردستان راگەیاندن ئازادە، بەڵام ئەوەی هەیە راگەیاندنی حكومەت‌و حزب‌و لایەن‌و هێزی سیاسییە، كە هیچیان خاوەن ئابوورییەكی سەربەخۆ نیین‌و بەپاڵپشتی ئەو لایەنانە بەڕێوەدەچن. كـاتێكیش كەسـێك یـان لایـەنێك هاوكاریـت بكـات بـێ گومـان چـاوی لەوەشە تۆش هاوكاری بكەیت، كە هاوكاریشت كرد مسداقییەت لەدەست دەدەیت، چونكە ئەمە سروشتی راگەیاندنە. كەواتە ئەوەی رێگرە لەبەردەم دروست نەبوونی راگەیاندنی ئازاد لەكوردستان حكومەت نییە، بـەڵكو ئاسـتی وشیاریی‌و رۆشـنبیریی خەڵكەكەیـەتی كـە نەبۆتـە نـەریت، هـەموو ماڵێك بـەر لـە نانخواردنی بەیانی رۆژنامە بكڕن، لە كۆی 5 ملیۆن دانیشتوانی، رەنگە رێژەی لەسەدا دە خوێنـەری رۆژنامـەو كتێبمـان هەبێت.

لەكوردستان هیچ رۆژنامەیەك خەرجی چاپەكەی ناهێنێتەوە، جا چۆن‌و بە چ شێوەیەك بیر لەپڕۆژەیـەكی راگەیاندنی ئەهلی دەكەیتەوە. دروست نەبوونی ئەم جۆرە راگەیاندنە وای لەهەندێ نووسەرو رۆژنامەوان كردووە بەهەڵە لەڕاگەیاندنی ئازاد تێبگەن‌و گلەیی لەحكومەت بكەن ، كە بوار نادەن بە ئازادی بنووسن، كەچی حكومەتی كوردستان رێگای بەنووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنووسان داوە، لەسەر بوودجەی حكومەت رۆژنامەو گۆڤار دەربكەن‌و هەر حكومەت مووچەو هاوكارییان بۆ دابین بكات‌و رەخنەی توونـدیش ئاراستەی حكومەت بكەن، ئەمەش هەنگاوێكی دڵخۆشكەرو جێگای ئومێدە، لەوڵاتانی رۆژئاوای دیموكراسی رۆژنامەی ئازاد یان ئەهلی بەگشتی لەڕووی داهاتەوە پشت بەخۆی دەبەستێت، چونكە پڕۆژەكەی سەرچاوەیەكی داهاتی باش بۆ خاوەنەكەی پەیدادەكات، ئەویش مووچەو هاوكاری بۆ كارمەندان دابین دەكات، تەنانەت باجیش دەداتە حكومەت. ئەگەر كوردستانیش هاتباو لەڕووی سەرمایییەوە خەملیباو پڕۆژەی لەم جۆرە دروست بووبان، ئەوا زەمینەی سیاسی زۆر گونجاوەو من هیچ ئاستەنگێك لەم بارەیەوە نابینم.

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح:

# لەو کۆمەڵگەیە کولتورێك هەیە پێمان دەڵێ ئێوە پلە دوون و تەنها بۆ ماڵداری و وەچەخستنەوەو بەخێوکردنی منداڵ باشن

**لە** پێدەشتەکانی گەرمەسێری ژێر مەینەتییەکانی تەعریب، عیشق دوو لەتی دەکات و بەشێکی دەبەخشێتە شاری قەڵاو منارە..لەمناڵیی بێنازی کووچەو کۆڵانەکانی جەلەولا، قەدەری هاوسەرگیری بوخچەی یادەوەرییەکانی دەداتە دەست گەڕەکێکی هەولێر..ئەو ژنێکی رەنگ ئەسمەری لەروخساردا هێمن و لەناخدا پڕ جووڵەیە..گۆشەگیرو ناجێگیر، تەنیاو سەرقاڵ، کە بڕیار دەدات ببێتە هاوڕێت بە بزەو نوکتەی خۆش و قسەی نەستەق رایەڵەکانی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی پتەوتر دەکات.. لە قسەکردندا بێدەنگ و لە بێدەنگیشدا پڕ قسەیە، گرنگ ئەو کلیلە بدۆزیتەوە تا ناخی پێ بکەیتەوە.. ئەو لە پەیوەندیدا سنوردار و لەهەڵسوکەوتدا کراوەو ئاوەڵاٌ.

ئێوارەیەك لەکافتریای تەلەفزیۆنی زاگرۆس و بەدەم خواردنەوەی چایەو لەنێو غەڵبەغەڵبی هۆڵەکەدا، کە رەنگە هەر لەسەر ئەو مێزە هەفتانەو بەر لەدەسپێکردنی بەرنامەی (ئارێشە) قاوەیەکی لەگەڵ میوانەکانیدا فڕ کردبێت، لەوێ لەگەڵیدا دانیشتین و کەوتینە گفتوگۆو بوخچەی ژیانیمان کردەوە و بەیەکەوە سەرمان لەماڵی ژیانیداو پیاسەیەکمان بەنێو وێستگەکانی تەمەنیدا کرد و ئەو درێژ دادڕییەی لێ بەرهەم هات.. ئەو کەسەش (ئەڤین ئیبراهیم فەتاح)ی رۆژنامەنووسە..با بەیەکەوە چاوێك بەسەر هەندێ لاپەڕەکانی ژیانیدا بخشێنین.

**بەڕێوەبەری نووسین**

***ئەڤین کێیە؟**

_ رۆژنامەنووس و توێژەری کۆمەڵایەتی.

***تۆ وەك ئێستا، جارانیش مناڵێکی هاروهاج و پڕ جووڵە بووی؟**

_ ئەریٚ وەڵڵا زیاتریش، بەڵام ئێستا کە بەشی کۆمەڵناسیم تەواوکرد، زیاتر بابەتییانە بیردەکەمەوەو قاچم لەسەر زەوی دەوەستێ.. کاتێ بیردەکەمەوە یان شتێك دەنووسم، بۆیە دەتوانم بڵێم ئێستا هێورترم لەجاران.

***دەکرێ بگەڕێیتەوە دواوەو لەهەگبەی بیرەوەریتدا کەمێك باسی مناڵی خۆتمان بۆ بکەیت؟**

_ مناڵی من وەك هەر کچێکی کوردی گەرمیان، کە ماڵمان لە جەلەولا بوو پڕیەتی لەناسۆر، ئەو دەمە شارۆچکەی جەلەولا کەوتبووە بەر شاڵاوی تەعریب و ماڵەکانی دەوروبەرو هاوسێکانمان هەموویان عارەب بوون.. وەکو خەیاڵ بەبیرم دێت کاتێ ماڵیان بارکردین و خستیانە سەر پشتی زیل و بردیانین بۆ باشووری ئێراق، ئەو کاتە زۆر مناڵ بووم، خێزانی ئێمە من و خوشکەکانمیان ناردە لای ماڵی مامم لەگوندێك و براکانیشم لەگەڵ دایك و باوکم چوون بۆ باشوور، باوکم بە رەحمەت بێت بەو راگواستنە نارەحەت بوو، بۆیە دوای هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر توانی بگەڕێتەوە جەلەولا، ئیدی کە گەڕاینەوە، جەلەولا



تەواو گۆڕا بوو، قوتابخانەکانمان.. هاوسێکانمان هەموویان عارەب بوون، ئەمەش هۆکارێك بوو لەوەی ئێمە ئازادیمان سنووردار بێت، لەبەرئەوەی پێشتر پۆلیس و سەربازمان بینیبوو چۆن ماڵیان خستینە سەر پشتی زیل، بۆیە ئەو دیمەنانەمان هەر لەبەر چاوبوو و هەر دەترساین، ئەمەش وایکرد کە ئەو عارەبانەشمان دەبینی هەمان وێنامان لا دروست دەبوو.

***ئەوە بەرهەمی شۆڤینیەت و جیاکاری نەژادی، ئەی لە ماڵەوە وەك کچ گیرت بەدەست جیاوازی رەگەزییەوە نەخواردووە، خێزانەکەت جیاوازییان لەنێوان کچ و کوڕەکانییان نەکردووە؟**

_ راوەستە باشتێکت بۆ بڵێم، بۆ ئەوەی باکگراوندێکت لەسەر خێزانەکەمان هەبێت، زنجیرەی مناڵەکان لەناو خێزانی ئێمە چۆنە، ئێمە شەش کچ و پێنج کوڕین، من ناوەنجییەکەیانم، واتە پێنج لەمن گەورەترو پێنج بچوکتر هەن. بڵێیت و نەڵێیت لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا کوڕ مافی زیاترە، کچەکان وا پەروەردە دەکرێن کە خزمەتی کوڕەکان بکەن و خزمەتی ماڵەوەو خۆشیان بکەن، بێگومان ئەو شتە هەبووەو هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە پێی خۆشبەخت بووین ئەوەبوو، کە بەلای دایك و باوکمەوە زۆر گرنگ بوو هەمووومان خوێندن تەواو بکەین، هەموو قوربانیەکیان بۆ کچ و کوڕەکانیان دەدا تا بخوێنین، لەو لایەنەوە لەزۆر کەس بەختەوەرتربووین، بەڵام شتەکانی تر بێگومان، کوڕەکان

ئازادیان زیاتر بوو.

***پێت وایە ئەو هەڵوێستو هەڵسوکەوتانەی ئێستا هەتە، هەوڵێکە بۆ سەلماندنی مێیینەی خۆت، یان کاردانەوەیەکە دژی ئەو چوارچێوە کولتورییەی نێو کۆمەڵگەو خێزانی کوردەواری، یان هەوڵێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی رابردوو؟**

_ بێگومان ئەوەی یەکەمیان، چونکە من هەر لەمناڵیەوە لە باوکمەوە نزیک بووم، ئەو سەردەمە باوکم هەمیشە کتێبی بەدەستەوە بوو، ئەمەش وایکرد بتوانم کتێبەکانی باوکم، کتێبخانەی ماڵەوە بخوێنمەوە، بەڵام لەبیرمە زۆرجار بە قژ رایانکێشاوم و ( دوای گریانێکی بێدەنگ و فرمێسک سڕینەوە)، زۆرجار لەسەر خوێندنەوە هەڵیان ستاندووم و گوتوویانە قاپ بشۆ، یان حەوشە بشۆ، فێری چێشت لێنان بە، ئیشێک بکە، شتێک فێربە، یاخود زۆرجار پێیان دەگوتم ئەو سیفەتانە سیفاتی کوڕن کە تۆ دەیکەیت و هی کچ نین.. بەهەر حاڵ شتێکی ئاشکرایە، کە لەو کۆمەڵگەیە کولتورێك هەیە فێرمان دەکات و پێمان دەڵێ ئێوە پلە دوون، ئێوە هیچتان پێناکرێ، ئێوە تەنها بۆ ماڵداری و وەچەخستنەوەو بەخێوکردنی مناڵ باشن.

***ئەڤینێکی گەرمیانی و خالیدێکی دەشتی هەولێر، چی گەیاندنیە یەکتری؟**

_ لە کۆتایی هەشتاکان من لەبەشی بایۆلۆژی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین بووم، ئەو دەمەش خالید لە هەمان زانکۆ لەبەشی ماتماتیکی کۆلێژی زانست بوو.. ئیدی کوردەکان لەهەر کۆلێژێك بوایە زۆر تێکەڵاو دەبووین، یەکتریمان ناسی، ئەو ساڵێك لەپێش من بوو، کاتێ خوێندنی تەواوکرد من لەقۆناغی چوار بووم، هات پێی وتو بۆ خۆیشی چووە سەربازی، چەند مانگێکی نەبرد وازی لەسەربازی هێناو راپەڕین دەستی پێکردو دوای چوار ساڵ لەو ماوەیە، کە پەیوەندیی ژێر بەژێرو نهێنیمان (بە پێکەنینەوە) هەبوو هاوسەرگیریمان کرد.

***کەوابێت هاوسەرگیریتان بەرهەمی عیشق و پەیوەندییەکی سۆزداری بوو؟**

_ ئەرێ وەڵلا یەکترمان خۆشدەویست و خەباتی ژێرزەمینیشمان هەبوو.

***دەڵێن ئەڤین زۆر حەز بە تەنیایی و بەپێ رۆیشتن دەکات، بە بێ ئەوەی هەست بەماندوو بوون بکات، تا چەند ئەمە راستە؟ ئەگەر وایە نهێنی ئەوە لەکوێدایە؟**

_ دیارە پزیشکەکانی بواری دەروونناسیش دەڵێن ئەگەر هیلاك و بێ هێزو دڵتەنگ بوویت ماوەیەك بەپێ بڕۆ.. کاتێ پیاسەیەك دەکەیت و ئەو هەوا سروشتییە لێت دەدات، دڵتەنگیەکەت کەم دەبێتەوە، راستە پێشتر من زۆر حەزم بە پیادەڕۆیی و پیاسە دەکرد، بەڵام ئێستا لەو حەزەی خۆم بێبەش بوومەو ناتوانم بە پێ بڕۆم..

***پێت وابووە ئەو سروشتی تەنیایی و گۆشەگیرییە گرفتێك بخاتە نێو تۆو هاوسەرەکەت؟**

_ نا، دەزانی چۆن؟ ئێستا وتم لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆم نییە بچم هەفتەیەك بەتەنیا لەشوێنێك بمێنمەوە، کەواتە نەچوومەو شتی وام نەکردووە، دواتر خالید کەسێکە بە سروشتی خۆی مرۆڤێکی هێمنە، دووەم ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە ئەو کلیلی ئەو دەرگایەی داوە دەست من، کە بچمە دەرەوەو لەودیو چوارچێوەی ماڵ، تواناکانی خۆم دەربخەم و کاربکەم.

***چی وایکرد بێیتە نێو بواری رۆژنامەنووسی و رۆشنبیری؟**

_ هەر لەمناڵیەوە حەزم لەخوێندنەوە بووەو سەروکارم لەگەڵ کتێب بووە، زۆر سەیرە تۆ باسی تەنیایت کرد، باوەڕبکە ئەگەر ساڵێك بە تەنیابم، کە کتێبم لەگەڵ بێت هەرگیز هەست بە تەنیایی ناکەم، ئەو زۆر خوێندنەوەو بەردەوام بوونەم باکگراوندێکی رۆشنبیری لەلام دروست کرد.

***ئەی بۆ ئەو رایانە چی دەڵێت کە پێیان وایە (ئەڤین)و زۆرێکیش لەو کچ و ژنانەی ئەمڕۆ لەنێو دونیای راگەیاندن و رۆشنبیریدان، ئەوەندەی لەسەر بنەمای پەرچە کرداری ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگەی کوردەواری و میزاجی هەندێ کەس لە نێوەندەکە دان، هێندە لەسەر بنەمای هوشیاری و توانا و باکگراوندی مەعریفی و درك کردن بە کێشەکان و هەستی رۆژنامەنووسیانە نییە؟**

_ دەتەوێ بڵێی خەڵکێك هەیە دەڵێن کاری ئافرەتانی



رۆژنامەوان کار نییە، کاردانەوەیە؟ بەخوا نازانم بڵێم تا چ رادەیەك ئەمە راستە.. ئەی ئەگەر وایە کاری ژنە پزیشکەکان چییە؟ ئەی کاری ژنە ئەندازیارەکان چییە؟ ئێ ژیان هەمووی بریتییە لە کارو کاردانەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کاردانەوەکە کاریگەری هەبێت.

***ئەوەی جێی سەرنجە لە تۆدا، ناجێگیریتە لەشوێنەکانی کاری رۆژنامەنووسیدا.. سەردەمێك لەبرایەتی، دواتر بۆ گوڵان، پاشان بۆ میدیا، دوای ئەوە بۆ دەزگای موکریانی، لەوێوە بۆ ناو (صوت الاخر)و لەوێشەوە بۆ زاگرۆس و ... هتد، نهێنی لە چیدایە؟**

_ وەڵڵا زۆر پێم خۆش بوو ئەو پرسیارەت کرد.. خەتای خۆم نیە، نازانم لەشوێنەکان جێگام نابێتەوە، یان ئەگەر بۆتی

# هاوسەرەکەم کلیلی ئەو دەرگایەی دایە دەست من، کە بچمە دەرەوەو لەودیو چوارچێوەی ماڵ تواناکانی خۆم دەربخەمو کاربکەم


ئەڤین ئیبراهیمو خالیدی هاوسەری

بگێڕمەوە بۆچی لەوێوە بۆ ئەوێ، کاتی بوێت، جارێ سەبارەت بە (میدیا) لەوێ کارم نەکردووە و تەنها وەك هاوکارێك نووسینم تێدا بلاّودەکردەوە، بەلاّم لەبرایەتی بۆ ماوەی (6) مانگ کارمەند بووم، دوایش کە گەڕامەوە.. ئیتر دەزانی چی؟ ژن زۆر بە زەحمەت جێگای دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەو ژنەی ئەوە ڕابگەیەنێ کە حزبایەتی ناکات، منیش دەمێکە ئەوەم گوتووە، کە نە حزبایەتی و نە کاری سیاسی ئەکەم، نەك لەبەر ئەوەی پێم عەیبە، نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی من وەکو (ئەڤین) ئەو کارە لەگەڵ کەسایەتیمدا ناگونجێ.

***ئەی بۆ ئەو قسەیە چی دەڵێیت، کە لەبەر هۆکاری ئیستیغلال کردن، یان هەوڵی ئیستغلال کردنی کچ و ژن لەلایەن بەرپرس و کەسەکانی نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئافرەت تخونی ئەم بوارە ناکەوێت؟**

_ ئەوە کاریگەرییەکی زۆری هەیە، بۆیەشە دەبینی کە ئافرەت لەو نێوەندانەدا ڕێژەو ژمارەیان کەمە، ئێستا ئێمە ئەو ئافرەتانەی لەو بوارەدا ماوینەتەوە کاتێکی زۆرو بەشێکی گەورەمان لەمێشکی خۆمان تەرخانکردووە بۆ ئەوەی چۆن پارێزگاری لەخۆمان بکەین.. چۆن بتوانین ئیستغلال نەکرێین.. ئیستغلالییش تەنها لایەنی سێکسیو جەستەیی نییە، بگرە ئیستغلال ئەوەیشە وات لێبکەن بەناوی خۆتەوە تۆزێ شت بخوێنیتەوەو بنووسیت و بلاّوی بکەیتەوە کە بڕوات پێ نیە، ژنانی ئێمە زۆر لەو لایەنەوە ئیستغلال دەکرێن، هەیە ئاگایشی لەخۆی نییە ئیستغلال کراوەو چەندین ساڵە بەردەوامیشن لە ئیستغلال کردنی، ئینجا دیسان دەڵێم ئەوەش تەنیا بۆ ژن نییە، بەڵکو پیاویش ئیستغلال کراوەو دەکرێت، بەلاّم هی ژن زیاترە.

*** ئەڤین لە رابردوودا دۆست و هاوڕێ و هاوکاری هەندێ دەنگو سیمای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی بوو، بەلاّم ئێستا ئەگەر نەڵێین دژن، ئەوا لێك دابڕاون و پەیوەندییان ساردو سڕو لاوازە، هاوکات جار هەبووە رقی لەهەندێ لەو سیماو دەنگانە بۆتەوە، کەچی دواتر ئامادەی کارکردن بووە لەگەڵیاندا، هۆکاری ئەمە چییە؟**

_ دەمەوێ ئەوە ڕاشکاوانە بڵێم، من حەزم لەوشەی رق نییە و لە ژیانیشم رقم لەکەس نەبۆتەوە، بەلاّم دەتوانی بڵێیت هەندێ کەس هەبوون جاران ئامادە نەبوویت کاریان لەگەڵ بکەیت، کەچی ئێستا وانیە، با لەوە دەستی پێبکەین ئەوانەی کاتی خۆی برادەرم بوون لەهەفتەنامەی میدیا، ئێستاش برادەرمن و لە یەکتری دانەبڕاوین، تەنیا (نورەدین سەعید وەیسی) نەبێت، کە لە کەنەدایە، بەلاّم ئێستاش لەڕێگەی ئیمەیلو تەلەفۆن پەیوەندیمان بەیەکترەوە ماوەو هەر برادەرین.

***هەندێ هەڵسوکەوت و رەفتارت هەن، هێشتا بە سروشت و نەریتی کوردەواری نامۆن.. ئایا ئەمە تەنها رووکەشە و بۆ خۆ جیا کردنەوەیە لەخەڵك، یان باوەڕت پێیان هەیە و لەو بارەیەوە چی دەڵێی؟**

_ لەوانەیە هەموومان ژیانی تایبەتی خۆمانمان هەبێت، کە حەز نەکەین کەسێك، جا بە هەر ناو و بیانوێکەوە بێت تخونی بکەوێت.. شتێك هەیە پێی دەڵێن (منی پاوان)، ئەوە لە دەروونناسیدا هەیە، ئەمە بەو مانایە دێت، کە کەسایەتی هەموو کەسێك بازنەیەکی هەیە لەناوەوەی خۆیداو پاوانی خۆیەتیو کەس بۆی نییە تخونی بکەوێت، تەنانەت بڵێین ژنو مێردێك کە شەوانە لەباخەڵی یەکتریدا دەخەون بۆیان نییە تخونی پاوانی یەکتر بکەون.

***سەروەختێك بابەتێگ لەیەکێك لەسایتەکانی ئینتەرنێت بلاّو بووەوە، گوایە (ئەڤین) لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراو هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، ئەوکات چەند بابەتێکیش بۆ پشتیوانی تۆ نووسران. ئەو شتە تاچەند پەیوەندی بەڕاستیەوە هەبوو؟**

_ خوا ئاگادارە راست بوو، ئەتوانم بڵێم دوای ئەو هەڕەشەیە من لەگەڵ ڕاگەیاندنی پارتی ئیشم کرد، من ئەو هەڕەشەیەم بۆ هات تەنها لەیەك شت دەترسام، راستیت دەوێ من لەکوشتن نەترساوم و ناترسم.. ئەوکات من قوتابی زانکۆ بووم، بەپێ دەچوومە دەوامو دەگەڕامەوە ماڵەوە، لەو ڕۆژەوە تا ئەم چرکەیە پیادە ڕۆییم لێ قەدەغە کراوە، ماوەی دوو تا سێ مانگ هەر هاوسەرەکەم هاتوچۆی پێدەکردم، شتێکی زۆر ناخۆش بوو.. بەشێوازێکی زۆر ناشیرین نووسیبوویان، لەسەر وتارێك، تەنانەت وتارەکەش شتێکی وا نەبوو، بەلاّم کێشە ئەوەیە، کە خەڵکی ئێمە، بەتایبەتی گرووپە تۆندڕۆکان، گوێت لێناگرن و ناتخوێننەوە.

***دەڵێن لەگەڵ هەموو ئەو کرانەوەیەی خۆی، (ئەڤین) زۆر هاوڕێی مامۆستا (عومەر چنگیانی)یە ئەمە چۆنە؟!**

_ من هەقم لەمێژووی نییە، بەڵام ئەوەی مامۆستا عومەر دەیکات شتێکی زۆر جوانە و جێگای رێزە، ئێستا خەریکە هەوڵ دەدات ئایینی ئیسلام لەگەڵ هەستی نەتەوەیی بگونجێنێ، ئەوەش کارێکی باشە.. دواتر لیبرالیەت و کرانەوە بەمانای ئەوە نایەت مەلاو مامۆستا رەت بکەیتەوە، بەڵکو مانای ئەوەیە من چەندە رێزم بۆ بیروبۆچوونی خۆم هەیە.

***تۆیەکی گەرمیانی و لە هەولێر نیشتەجێیت، کەچی دەڵێن پێت خۆشە وەک سلێمانی بناسرێیت، ئەم شتە وایە؟**

_ نەخێر راست نیە، قەت نەمگوتووە سلێمانیمو هەر گوتوومە و دەڵێم گەرمیانیم، گوتوومە گەرمیانیم و شانازی بەوە دەکەم، کە لەشارێکی وەکو هەولێر توانیومە خۆم بسەلمێنم.. لەشارێکا پێچەوانەی زۆر شارو شوێنی تری کوردستان ژن ناتوانێ بە ئاسانی تیایدا دەرکەوێ و هەڵکەوێ، جا چ جای خەڵکی ئەو شارەش نەبێت، تەنانەت من هاوسەرەکەشم هەولێرییە...

***کەیبانوویێکی چۆنی؟**

_ زۆر باشم، بەدەمی خۆم نەبێت، هەق وایە ئەو پرسیارە لە خالید بکەیت..

***چەند کاتژمێر بۆ خەوتن و مکیاژ تەرخان دەکەیت؟**

_ بە خوا خەوم زۆر کەمە، جاری نیوەرۆیان هەر ناخەوم و شەوانیش درەنگ دەخەوم، بەیانیانیش ئەگەر کارێکی زەرورم نەبێت کەمێك درەنگ لەخەو هەڵدەستم.. بەڵام بۆ مکیاژ هەر جاری بچمە دەرەوە بە نیوسەعات تەواو دەبم..

***ئەگەر لەبەرپرسیاریێتی بەشێکی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و سەرنووسەری رۆژنامەیەک، یان هەفتەنامەیەك سەرپشك بکرێیت، کامیان هەڵدەبژێری؟**

_ بە خوا ئەزانی چی، کەمێك لەمەسەلەی بەرپرسی دەترسم، وەکو ئیشیش بۆ نموونە ئەگەر لەبەشێکی چاودێری کۆمەڵایەتی کار بکەم ئەتوانم لەرۆژنامەنووسیش بەردەوام بم، بەڵام بە پێچەوانەکەی ناتوانم بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاری کەسی تر بکەم.

***کامیان زیاتر لەژێر کاریگەری ئەویتر دایە، ئەڤین لەژێر کاریگەری خالید دایە، یان پێچەوانەکەی؟**

_ ( بە پێکەنینێکی قوول و تریقانەوە) بەخوا بڵێم چی، هەر کامەیان بڵێم غەدرم لەوەی تر کردووە، خالید پیاوێکە وەکو پیاوانی تر نیە بیەوێت هەموو شت لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا بێت، یەعنی ماڵی ئێمەو ژیانی ئێمە ببینی رەنگی هەر دووکمانی تێدا بەدی دەکەیت، ئەتوانم بڵێم رەنگی هەرسێکمان، چونکە ئێستا لاوێنیش ڕای خۆی هەیە لەزۆر مەسەلەدا.. وەکوتر شتێك لە بواری یەکێکمان نەبێت و پسپۆری و بواری یەکێك بێت، ئەویترمان دەست ناخەینە ناوی.. ئیتر ناتوانم بڵێم هیچ کاممان بەسەر ئەوەی دیکەوە زاڵە.

*** قەت رۆژێك وابووە غیرەی لێکردبیت، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەو لەدەزگا گەلێك کارت کردووەو دەکەیت؟**

_ وەختێ لەسەر شاشە دەردەچم غیرە دەکات، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی لەتەلەفزیۆن کار دەکەم، ئەو کارەم بۆتە هۆی ئەوەی بۆ هەر شوێنێك بچم خەڵك دەمناسن، هەست دەکەم غیرە دەکات و بەراشکاوی دەڵێم پێم خۆشە غیرەم لێدەکات، چونکە نیشانەی خۆشەویستیە..



ئەڤینو لاوێن_ی کوڕی

*** ئەی پێچەوانەی؟**

_ من زۆر غیرە ئەکەم، زۆر زۆر غیرەی لێدەکەم، بەس پێم خۆشە ئەو لەشوێنێك کار دەکات، کچی جوانی زۆر تیا نییە.

*** واتە غیرەی ژن لەهاوسەرەکەی لەوەدایە، کە لەشوێنێك بێ کچی جوانی لێ بێت؟**

_ مەرج نیە، هەر بۆ گاڵتە وا دەڵێم، بەس غیرەکردن خۆشە و حەزی لێدەکەم، ئەگەر ژن و پیاو غیرە لەنێوانیان نەبێ، کەواتە خۆشەویستی نیە.

*** تا چەند ئارەزووی گەشت و سەیران و زەماوەند دەکەیت؟**

_ من لەشوێنی قەرەباڵغ زۆر بێتاقەت دەبم، لەزەماوەند و پرسە وەکو یەك دڵم تەنگ دەبێت، لەو شوێنانە چەندە زیاتر خەڵکی تێدابێت، ئەوەندە زیاتر هەست بەتەنیایی دەکەم، ئەوە سروشتی منە، بەڵام بۆ گەشتو سەیران منو خالیدو لاوێن، هەتا بەهار تەواو دەبێت هەموو پێنج شەممە و رۆژانی هەینی دەردەچین.

*** خۆشترین خواردنی تۆ چییە؟**

_ بە خوا شتێکی دیاریکراو نیە زۆر حەزم لێی بێت، بەس حەز لە قەرەخەرمان دەکەم و ئەمرۆ ئەوم لێنابوو.

*** ئێ باشە قەرەخەرمان لەخواردنە گران بەهاکانە!**

_ بە هەرحاڵ زۆر حەزم لە شتی سەوزو تەڕ و زیندووە، ناتوانم بڵێم شتێکی تایبەت هەیە و حەزم لێیەتی، بەڵام بەگشتی ئەو دۆڵمەیە و کفتەیە و ئەو خواردنە قورسانە خۆشن.

*** بە چی دڵت دەکرێتەوە؟**

_مۆسیقا و گۆرانی.

*** ئەی بە چی دڵتەنگ دەبیت؟**

_ بە خوا بە زۆر شت، جار هەیە بەوێنەیەك دڵم تەنگ دەبێت، جار هەیە بە دیمەنی توند، تۆ هیچ مەکە لێرە نیوسەعات بە پیاسە برۆ، بزانە چەند دڵت تەنگ دەبێ، هەزارویەك کێشە و دیمەن دەبینی، کاتێ کە کێشەکانی خۆت دێنیتە بەرچاو و کێشەی خەڵکی تر دەبینی هی خۆتت بیردەچێتەوە.. بە کورتی لەوڵاتی ئێمە گرفتی زۆر هەیە مرۆڤ دڵی پێ تەنگ بێت.

*** چ رەنگێك سەرنجت رادەکێشێ؟**


_ شین و پەمەیی.. زۆر حەزم لەم دوو رەنگەیە.

# بەغدا... سەرزەمینی پیرۆزو شووم

فوئاد ڕەوەند

**بەغدا**، ناوی پایتەختی عێراقی فیدراڵە، ناوێکی پڕ کێشە و ئاڵۆز بۆ سەرزەمینێك، كە قەت ئاشتی بەخۆیەوە نابینیٚ، دەڵێن مزگەوت لەسەرزەمینی داگیرکراو دروست نەكریٚ و نوێژكردنیش لەمزگەوتی وا باش نییە، عەباسییەكان لەدوای سەركەوتنیان بەسەر ئەمەویەكان، بەدوای شوێنێكی شیاو بۆ پایتەخت دەگەڕان، تا گەیشتنە سەر ئەو ڕایە كە لەسەرزەمینێكی نێزیك بەپایتەختی كۆنی ساسانیەكان‌و لەسەر ڕۆخی ڕووباری دیجلە شارێك دروست بكەن، كە ئێستا بە(بغداد) ناسراوە، زمانزانی عارەب دان بەوەدەنیٚ، كە وشەكە عەرەبی نییە و دوو بۆچوونم بەرچاو كەوتووە، یەكەمیان كە زۆر بەهێزەو دەڵیٚ: لەزمانی ئاڤێستا كە كوردی كۆنە، بەخودا گوتراوە (بەگ یا بەغ)، تێكڕای وشەكە دەكاتە (خودادادا)، ئەم ناوەش تاكو ئێستا لەنێوان كوردەكانی دەڤەری گەرمەسێر هەر باوە، كەواتە ئەم سەرزەمینە لەئاییینی زەردەشتی بەناوچەیەكی پیرۆز دێتە ژماردن، نابیٚ ئەوەش لەبیر بكەین، كە بیابانە گەرمەكانی عەرەبستان، لەچاو ڕۆخی ڕووبارێكی پڕئاو بەهەشتە. باوەڕی دووەم باس لەوە دەكا، كە (داد) ناوێكی ئارییە، باغێكی گەورەی لێرە هەبووە، كە خەڵك بەم ناوچەیان دەگوت باغی دادو بە تێپەڕبوونی كات بووەتە بەغداد، لەمانای تێدەگەین كە ناوەكە كوردییە.

حاشا هەڵنەگرە هۆزی (گاوان)، كە عەرەب بە (جابان) ناویان دەهێنن، نەوەی یەكێك لەیارانی پێغەمبەرە (د.خ)، كە جابان كوردییە، لە حیلە دادەنیشتن، لەكاتی هێرشی بویهیەكانی ئێرانی دەبنە هاوپەیمان‌و زۆر هۆزی تری كورد دەگەنە ئەوان‌و شاری بەغدا داگیردەكەن، شاری بەغدا لەبن دەستی كورد دەمێنیٚ، ئاساواری كورد چ ناوی گەڕەك وەك (تەپەكورد)، (ئەبو دەودە)و (سەرچۆل)، یا زۆر وشەی كوردی وەك (بەربووك)، (پاچە)، (چرپایە) و (سادە) ئێستاش لەزاراوەی عەرەبی بەغدادی بەرگویٚ دەكەویٚ، بوونی فارسیش لەم شارە بەرچاو بووە، وشەگەلی زۆر وەك (زورخانە)، (خەستەخانە)، (زەنانە)، لەزاری بەغدادیەكان ئاساییە، بێجگە لەماوەیەكی دوورو درێژی حوكمداری تورك، كە وشەی (قاپی)، (قشلە)، (قرمزی)، (ئاغا)، (خانم و خان) لێیان بەمیرات بۆ بەغدادیەكان بەجیٚ ماوە، تا جەنگی جیهانی یەكەم، شاری بەغدا سیماییێكی عەرەبی نەبووە، كوردو جوولەكە زۆرینەی خەڵك بووینە و كەمایەتیەكی كلدانی سوببی، توركی، چیچانی و فارسیش لەویٚ دەژیان، بەڵام بەری كەرخی بەغدا، عەرەبی سوننی تێدا زۆرینە بوونە، كەمایەتییێكی عەرەبی شیعەش لەناوشار هەبوونە، كە لەبازاڕ كاریان كردووە، دامەزراندنی پادشایی هاشمی لەسەر دەستی بەریتانیا، لەهەر سیٚ ولایەتی بەسراو بەغداو موسڵ‌و دەستنیشان كردنی شاری بەغدا وەك پایتەخت، بووە هۆی كۆبوونەوەی عەرەب‌و بەهێزبوونی دەسەڵاتیان، دەستپێكردنی خوێندن لەقوتابخانەكان بەعەرەبی، لەباتی توركی‌و بەفەرمی بوونی زمانی عەرەبی‌و كۆچی هاشمیەكان و هاوپەیمانەكانیان بۆ ئەم شارەش، هۆكارێكن بۆ زیادبوونی ڕێژەی عەرەب، ئینگلیزەكان لەبەر ئەو زەبرە كوشەندەیە، كە لەشۆڕشی بیست لەلایەن شیعەكان بەریان كەوتبوو، دژی شیعە دەجوولانەوە، یاسای زۆریان جاڕدا تا لە دەسەڵاتیان كەم بكەن‌و كەمتر بەهایان پیٚ دەدرا، زۆرینەی كوردی بەغداش كە شیعە بوون، زیانیان لیٚ كەوت، دەرپەڕاندنی جوولەكە لەدوای 1948 لەعێراق بووە هۆكاری بەهێز بوونی عەرەب، دەركردنی كورد بەبیانووی ڕەچەڵەكی ئێرانی‌و بەرزبوونی نرخی نەوت، عەرەبی لەبەغدا كردە زۆرینە و عەرەباندن بەشێوەیەكی سیستەماتیك دەستی پێكرد، هەر لەتێكدانی گەڕەكە كۆنەكان بە ناوی ئاپارتمانسازی، تا دەگاتە گاڵتەكردن بەوانەی كە بەزمانی زگماكی قسەیان دەكرد. لەم كاروانەی كۆچكردنی عەرەببییە، تەنیا شتێكمان لەبیركرد، زوڵم و زۆریی دەرەبەگەكانی (عمارە، كوت و بەسرا بوو). جووتیارەكانیان بۆ پەیداكردنی پاروێك نان بەرەو بەغدا هەڵدەهاتن، ئەم عەرەبانە بە شەرگاوی دەناسرێن، كە پادشای ڕووخاو (عەبدولكەریم قاسم) بووە سەرۆك كۆمار، زەوی بەسەر ئەم عەرەبانە دابەشكردو بووە هۆی كۆچی خزمەكانیان بەرەو بەغدا، شەڕی ئێران‌و عێراقیش هێڵی سنووری چۆڵكردو ئەو خەڵكە ڕوویان كردە بەغدای دەوڵەمەندو نازدار، تاساڵی 2003 ئەو ڕەگەزی عەرەبە، كە حوكمی بەغدا دەكا، بەڵام هاوكێشەكان هاتنە گۆڕین، عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننی لە دوو بەرەی نەیارو دژ بەیەك وەستان و چەقۆیان بۆ یەكتر تیژكرد. شیعەی زۆرینەی 65٪ ، كە مەستی سەركەوتنی، كە سەرۆك





بەغدا.. شاری ململانێی خوێناوی.. سەرزەمینی بێ ئایندە

وەزیران لەوانەو زۆربەی وەزارەتەكان بەدەستیانەوەیە، بەنیاز بوون حوكمی گشت عێراق بكەن، بەڵام هەرزوو سوننیە عەرەبەكان هەستیان بەمەترسی كردو دەستیان دایە چەكو ستراتیجی تۆقاندنیان هەڵبژارد، شیعە لەو باوەڕە نەبوون كە بەعسیو تەكفیریە رووخاوەكان زوو خۆیان كۆ بكەنەوەو دەست بكەنە هێرش كردنو پارێزگای بەغدا دەكرێتە دوو بەش، شاری بەغدا بە زۆرینەی شیعەو دەرەوەی شار بەزۆرینەی سوننی، عەرەبی شیعە لەبیری دامەزراندنی دەوڵەتێكی شیعیدا بوون، كە ئەگەر پشتیان بە هەڵبژاردن و دیموكراسیش بەستبا، سەركەوتنیان مسۆگەر بوو، سوننیەكان كە ئەزموونی دەسەڵاتداریان لەم وڵاتە هەبوو، دەیانزانی كە شیعە خۆیان رێك نەخستووەو ناوماڵیان یەك نیە و ئامانجیان ئەگەر دیاركراوە، ئەمما هەنگاوەكانیان خاوەو پلانیان نیە. هەر زوو سوننە دەستیان دایە بڕینی جادەكان، كە دەگەیشتە بەغدا و دەركردنی ماڵە شیعەكان لەشارۆچكەكانی پارێزگا. شیعە دڵیان بەپۆستی وەزارەتەكانی پایتەخت خۆش بوو، لەڕاگەیاندن تەنیا باسیان لە دەمامكدارەكانی نەناسراو دەكرد، كە گوایا عێراقیش نینو خەڵك چەواشە دەكرا، بەڵام سوننیەكان كە پسپۆری پلانی تەعریب بوون، لەماوەی سێ ساڵ توانیان شارۆچكەكانی دەوری بەغدا، لەشیعە خاوێن بكەنەوە، شەڕ گەیشتە ناو بەغداو چەكدارەكانی (فیلق عمر) كەوتنە هەڕەشەكردن لەشیعەكانی بەری كەرخی بەغدا، تا پەیمانی مەككە شیعەكان لەبەرەی بەرگری دابوون نەك هێرش كردن، بەڵام لەساڵی 2006 شیعەش پلانی تایبەتی خۆیان هەبوو، دەستیان دایە ئابڵوقەدانی گەڕەكی (الاعظمیة)ی سوننی نشین. تیرۆری كەسایەتییە سوننیەكان زیاتر بوو، بۆ شیعە درەنگ دەست بەكاربوون؟ بێگومان لەبەر شەڕی نێوان هێزی (فیلق بدر)ی سەر بە (حەكیم)و هێزی (جیش المهدی) سەر بە (موقتەدا)یە.

لە پەیماننامەی مەككە بۆ عێراقییەكان، كە هیچ زانایەكی پایەبڵند بەشداری تێدا نەكردبوو، پێش ئەم پەیماننامەیەش ئەفغانیەكان لە مەككە رێككەوتن، بەڵام تەنیا سێ رۆژ ئاسایش لە وڵاتەكەیان هەبوو، پەیماننامەی مەككە بووە هۆی سەركەوتنی تاڵیبان لەوێ. عێراقیەكان هەركە پەڕەكانیان مۆركرد، كوشتار لەجاران زیاتر دەستی پێكردو شیعەكانی بەغدا هەستیان بەوەكرد، كە بەتەواوی گەمارۆ دراونو نەفەری ئۆتۆبۆسێكی پڕ لەشیعە، كە لەشاری دیوانیە بەرەو مەزارەكانیان بەڕێ بوون كوژران، شیعەكانی سەر بە جەیشی مەهدی ئەمجارە بەئاشكراو بە بەرگو دەزگای پۆلیسەوە، هێرشیان كردە سەر خوێندنی باڵاو 150 كارمەندی سوننیان بە بارمەتە گرت، وەك دیارە هەندێكیان گوللە باران كراون، سوننە لەتۆڵەی ئەمەدا شەش ئۆتۆمبێلیان لەناو گەڕەكی سەدر تەقاندەوەو زیاتر لە 150 كەسیان كوشت.

دەگوترێ لەعێراق (150000) كەس كوژراوە، ئەم ژمارەیە ئەوانەن، كە جەستەیان دەدرێتە پزیشكی داد، داخۆ ئەوانەی كە دەبنە خۆراكی ماسیەكانی دیجلە چەندن؟ هەردوولا دەستیان داوەتە كوشتار، دەركردنی خەڵك لەسەر ماڵیانو لاقەكردنی ئافرەتان بۆتە دیاردە، هەردوولا خاوەن دەیان گرووپی چەكدارن، كە بەهیچ شێوەیەك یەكناگرن مەگەر لەسەر تایفەگەری، بەغدا گۆڕەپانی ململانێیە لەنێوان هەر دوولا، شەوێك دەخەوین و بەیانی گوێمان لەدەنگو باسی شەڕێكی سامناكی ناو بەغدایە، تاكی بەغدادی سەر بەهەر لایەنێك بێت بەرامبەرەكەی بەتایفەگەری تۆمەتبار دەكا، ماڵو خێزانی بەرامبەرەكەی بەحەڵاڵ دەزانێ، ئەم سەردەمە كۆتایی دەسەڵاتی عەرەبییە لەبەغدا، جا چ شیعە سەركەونو چ سوننە زاڵ بن، كورد و توركمانە شیعەكانیش خەریكە دەبنە بەشێك لەبەرەی شیعەی عەرەب، مۆڵەتی ژیان بۆ ئەو خێزانانە كە لایەنێك شیعەیەو ئەوی تر سوننە نەماوە، بەسەدان، عومەر، عوسمان، ئەبوبەكر، سەددام ، عودەی و قوسەی ناوی خۆیان دەگۆڕن، قاچاغترین ناو لەبەغدا عەلیو عومەرە، سەرنوشتی كوردەكانی بەغدا نادیارە، پێموایە ئەگەر شەڕی ناوخۆ لەبەغدا ڕوو بدات، ئەزموونی لوبنان دووبارە دەبێتەوە، كورد ناچارە بۆ خۆپاراستن پاڵ بەهێزێك بدات، ئەم حاڵەتەی بەغدا زۆر ترسناكە، كۆچ كردنی یەك ملیۆن كورد بۆ هەرێمو ناچاركردنی كورد لەبەشداریی لەبەرەیێك دژی ئەوی تر، سوببیەكانی بەغدا پێش هەمووان پێوەندیان بەكورد كرد بۆ كۆچكردن بەرەو كوردستان، مەسیحیەكان كە فریوی دروشمی چەند شۆڤینیێكیان خواردبوو، زوو بەئاگا هاتن، كە تاقە پەناگا تەنیا كوردستانە، عەرەبو توركمانیش روویان لەكوردستان كردووە.

ئەوانەی كە هیوای خۆیان بە بەغدا دەبەستن زەرەرمەند دەبن، شەڕی ئەهلی لەم شارە دەستی پێكردووەو هەموو عێراق هەڵدەوەشێو ڕق و قینەی دەیان ساڵ پەنگی خواردووە و دەرفەتی دەربڕینی لەزاری ملیشیاكانی بینیوە، باش وایە كوردیش بیر لەوە بكاتەوە، یا ئەم یەك ملیۆنە لەكوردستان نیشتەجێ بكا، یان بۆ خۆپاراستن بەشێكیان چەكدار بكا، كوشتن لەسەر پێناسە لەهەموو عێراق بەردەوامە، چەند ساڵی تر تەنیا شوێنەوار ناسەكان لەنێوان كەلاوەكانی بەغدا بەدوای شاردا دەگەڕێنو عەرەبیش دەگەڕێنەوە بیابانەكان. تۆ بڵێی لەئایندە، شار بگەڕێتەوە دەست خاوەنە رەسەنەكەیو ئاشتیشی بۆ بگەڕێنێتەوە.

تشرینی دووەمی

2006


# وازم لێبێنن تەنیاییم پڕیەتی لەژیان و بێدەنگیم تژییە لەحیکمەت

نوری بێخاڵی

"وازم لێ بێنە، باتەنیاو بێدەنگ بم، ئەگەر جگەرەیەکت هەیە مەمنوون، ئەگەرنا لەڕێی خوا ڕێگەم بەردە"ئەوەی سەرەوە قسەی حەکیم و حیکمەتی فەیلەسوفێك، یان بەرهەمی خەیاڵدان و قووڵبوونەوەی منێکی دەستەپاچەش لەحیکمەت نییە، بەڵکو ئەوە نزای بەریئانەی نێو قوڕگی مرۆڤێکی لانەوازو سادەو پەڕپووت و بێنەوایە، کە نایەوێ بەهالاوی گەنیوی هەناسەکانمان فەزای ژیانی بۆگەن بکەین و ژەهری دڵڕەشی خۆمان بڕژێنینە دونیای پڕ لەجوانی و شرینی ئەو، کەسێك خوا خوایەتی تەمی وڕێنەکانمان ئاسمانی ڕەنگاڵەیی خەیاڵەکانی تەڵخ نەکات و ناخی نەرجسیانە و روخساری جانەوەرییانەی زۆربەمان سیمای پڕ نورو ناخی ژیانویست و مرۆویستی ئەو نەشێوێنێ و ناشیرین نەکات، ئەوێك کە ڕەنگە زۆربەمان بەگێل و گەمژەو زۆرجاریش بە شێت ناوزەدی بکەین و لەپۆلی ژیرو عاقڵمەنداندا فڕێی بدەینە دەرەوە..کەسێك، کە پێم وانییە کەسمان و هەر یەکەو لەولات و شارو شارۆچکەو گوندو گەڕەك و کۆلانی خۆی نموونەیەکی نەبێت..ئەوێك کە بەهەموو گەمژەیی خۆمان ناومان ناوە شێت و لەکووچەو کۆلان و شەقامەکاندا سووکایەتیی و گاڵتەی پێدەکەین..کەسێك چەندی کۆششم کرد لەگەڵم دانیشێ و قسەبکات، هەوڵمدا پێی بڵێم نەهاتووم گاڵتەت پێبکەم، بەڵکو دەمەوێ ببینە برادەر، بەلام لەبەر ئەوەی هێندە جاڕس و بێزار کرابوو، تەنانەت نەك لەسێبەری خۆی، بگرە لە سیمای هەرچی بەناو مرۆڤە دەسڵەمییەوە، لەوێوە هەستمکرد ئەگەر منیش هێندەی تر زۆریی لێبکەم، ئەوا بێویژدانییەکی ترە دەرهەق بەو کەسە، بۆیە ناچار ملی ڕێگام گرت، بەلام بڕیارمدا هەر هیچ نەبێت شتێك لەدونیای ئەو مرۆڤە پاك و بەریئانە هەڵێنجم و بۆخۆمیان بکەمە پەندی ژیان..ئەوە تکاو نزای "حەمە" بوو تا وازی لێ بهێنم و بێزاری نەکەم.

باش دێتەوە بیرم و وادەزانم ئەو چرکە ساتەیە، کاتێ منال بووین هەرکە کەسێکی نائاسایی و بێسەروبەرمان دەدیت، ئیدی بەفیکەو هەراو هۆریاوە دوای دەکەوتین و بەردمان تێی دەگرت و هاوارمان دەکرد "شێتە". ئەو مرۆڤە بەسەزمانەش تا بۆی بکرایە هەوڵی دەربازبوونی دەدا لەدەست چەقاوەسوویی و هاروهاجیی ئێمە، زۆر جاریش وابوو دەستی بۆ زەوی نەوی دەکردو هانای بۆ دەبردو زەویش بە بەزەییەوە بەردێکی دەدایە دەست و لە ئێمەی دەگرت، ئیدی پیاو ئەو پیاوە بوو خۆی لەبەردەکە بپارێزێ، جارناجاریش یەکێکمان دەکەوتینە دەستی ئەو کەسە، مەگەر هەرخوا بۆ خۆی بزانێ چۆن تێرشەقی دەکردین و دەستی دەنایە بیناقاقامان و ئەگەر خەڵکی گەڕەك و کۆلان و قیژەی دایك و ژنە دراوسێکانمان نەبوایە چاوی ژیانی لێ کوێر دەکردین.

ئەوان ناهەقیان نەبوو، ئاخر ئێمە شەڕمان پێ دەفرۆشتن، هۆیهامان بەدوادا دەکردن، بەردمان تێیان دەگرت و فیکەمان بۆ لێدەدان، ئەوانیش لەناچاریی و بێزاربوونی خۆیان پەلاماریان دەدایین، کەچی هێشتاش هەر لەئێمە پڕ بەزەییترو ئاودامانتربوون لەسۆزو ویژدان. ڕاستە کە دەکەوتینە بەردەستیان زۆریان لێ دەدایین، بەلام کە لەدەستیشان دەرباز دەبووین ئاهێکی ساردیان هەڵدەکێشا و لەلێدانمان پەشیمان دەبوونەوە.. زۆر کەڕەت بینیوومە هەیانبووە بۆمان گریاوەو فرمێسکی بێدەنگی ڕشتووە، تومەز ئێمەی منال لێیان نەدەگەیشتین و نەماندەناسین، کەسێکیش نەبوو پێمان بڵێ ئەوانەش مرۆڤی ئاسایی وەك ئێوەن، بەلام ناشرینییەکانی ژیان بەو دەردەی بردوون، بەڵکو هەر وەك دڕوجانەوەر پێیان دەناساندین..ئای کە ئەو مرۆڤە جوانانەی ئێمە ناومان نابوون شێت و پێمان وابوو بەم وشەیە لە بەهایان کەم دەکەینەوە، تالاوو ناخۆشییان بەدەستی ئێمەی منال و بێ ویژدانیی گەورەکانمانەوە چەشت، ئەوانەی ڕۆژێك فێریان نەکردین ئەو کەسانەمان خۆش بوێت و بەچاوی بەزەیی و مرۆبوونەوە تێیان بڕوانین، کەچی تازە لەوە حاڵی دەبم، کە شێتی چ



توخوا چیتر بەرددمان تێمەگرن و فیکەمان بۆ لێمەدەن



رۆحی شەڕانگێزی بەلاوە بنێن.. بەحەیاوە دێمە حزورتان و بەئەدەبەوە سوژدە دەبەم

دونیایەکی پڕ جوانی و بەرائەتە..چ بێدەنگییەکی پڕە لەتوڕەیی لەژیان و دیاردە قێزەونەکانی..چ ئازایەتییەکە بەرامبەر چەرخی چەپگەردی رۆژگارو رۆحی شەڕانگێزی و نابوودیی مرۆڤەکان.. ئەوە ئێمەین سیاچارەو بەدبەخت، کە مانایەکمان بۆ جوانیی و تەفسیرێکمان بۆ ژیان پێ نەبووەو نییە، ئەگین بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمێستا ئەوانەی هۆیهامان بەدواداکردن لەئێمە سەربەرزو بەختەوەرو خۆشنوودترن!


کە لەهەندێکیان نزیك دەبوومەوە یادەوەری ژەهراوی دوێنێم رێگەی نەدەدا تخونیان بکەوم و هەروام دەزانی دیسانەوە پەلامارم دەدەن، ئیدی بەدوای زمانێکدا دەگەڕام بەهۆیانەوە بیاندوێنم و پێیان بڵێم ئیتر ئەوە منی دوێنێی گۆشکراوی کولتوری مرۆناشرینکردن نیم، وەك خۆم و بەحەیا دێمە حزورتان و بەئەدەب سوژدە دەبەم..دەگەڕام پردێك بدۆزمەوە لێیەوە بپەڕمەوە دونیا پڕنهێنیی و ئاڵۆزو پڕ پرسیارە بێ وەڵامەکانیان، کە لەیەکێکیان نزیك کەوتمەوە مۆڕەیەکی کردو هەروا تێدەگەیشت تەشقەڵەی پێ دەکەم، دەستم بردەوە گیرفان نوقڵێکی بدەمێ، بەڵکو دڵی نەرم بێت، ئەو لێم راپەڕمی و گوتی **"بڕۆ عارەبانەت راکێشە..پارەم ناوێ، ئێوە بۆ هێندە پووچن و بەو هیلاکییەشمانەوە، هیلاکترمان دەکەن"**..ئەو کە چەند پەڕۆیەکی شڕو شیتاڵی رەنگاوڕەنگی کردبووە جلوبەرگ و کردبوونیە بەری و لەبەر کڕێژو چڵك، رەنگەکانی مردبوون و بۆخۆیشی سەروڕیشێکی ماش و برنجی درێژی بەردابووەوە، هەوڵی دەدا بەو رەفتارو هەڵسوکەوت و قسانەی پێم بڵێ، بڕۆ یەخەم بەردە، ئێوە کوتلەیەکن لەدرۆو فێڵ، ئێوە هەر ئەوەندە دەخوازن هاوڕێیەتیمان بکەن، کە دەست بەتاڵ و بێکارن و بۆشاییەکانتان بەبریندارکردنی هەستی مرۆییانەی ئێمە پڕبکەنەوە، راستیش دەکات ئەوەتا تا هەنووکەش خەڵکی بودەڵە و ناکەس هەیە، کە خۆی و هەموو دونیای دۆڕاندووە، کەچی دەیەوێ گرەوی دۆڕانەکانی لەو خەڵکە بێدەرەتان و سادەو بێنازانە بکاتەوە.

هەرچۆنێك بێت رازیم کرد، بۆ چەند چرکەیەك لەگەڵم دانیشێ و چایەك بخۆینەوە، خواکردی دڵی نەرم بوو، ئیتر دەستم گرت و بەیەکەوە لاماندایە سووچی چایخانەیەك و لەسەر سەکۆیەك لێی دانیشتین و جگەرەیەکم دایە دەست، کە دیار بوو زۆر تامەزرۆی بوو، داوای دوو چاشمانکرد، هەستم دەکرد ئەو مرۆڤە ناسك و جوانە پڕ بەرائەتە هێشتا هەر دەترسێ، ئێ ناهەقی نەبوو هەرچی خەڵکی ئەو ناوەبوو بەخوێندەوارو نەخوێندەوار، منداڵ و هەرزەکارو زەلام، ئەفەندی و کرمانج، بەچاوێکی مۆنەوە تێیان دەڕوانین، جارجارەش چرپەی هەندێکیانم بەرگوێ دەکەوت و دەیانگوت بەخوا کابرایەکی کەرەو لەگەڵ ئەو شێتە چا دەخواتەوەو پێدەکەنێ و قسان دەکات، من دەمزانی ئەوە من نیم کەرو ئەوە "شینە"ی هاوڕێم نییە کە شێتە، بەڵکو ئەوە ویژدانی مردوو و ناخی بۆگەن و ناچیزەیی ئەوانە ژیان بەتەنها دیوێکەوە دەبینن، دیوی مشەخۆری لەسەر پشتی ئەوانیترو حیزەبخۆیی..

ئەوکات و لەمیانی قسەو گفتوگۆ پچڕپچڕو نوکتەو پێکەنینمانەوە باشتر تێگەیشتم، کە ئەوانەی بوێریی ئەوەیان نییە، کەمێك بچنەوە ناوەوەی خۆیان و هالاوی هەناسە ژەنگاوییەکانی ژیان لەناخیاندا بناسنەوە، بەرامبەرەکانیان، ئەوانەی هەمیشە پڕن لەتوڕەیی بەشێت و گەوج ناو دەبەن، ئەوا با گومان لەخودی خۆیان بکەن، چونکە گەوجیی و گەمژەیی بریتییە لەهەست نەکردن بەناسۆرییەکانی

ژیان..ئەو کەسە گەوج و گەمژەیە، کە بەتاڵە لەڕامان و یاخیبوون و سەری ئەشهەدوبیللا لەبەرامبەر ژیانێکی رۆتین و رووکەشانە دەلەقێنێ.. ئەوە ناچیزەیی و هاوسەنگی بێ هەورازو لێژی مرۆڤەکانە درك بەو دیو پێداویستییە رۆحییەکانی ژیان ناکات و تەنها ژیانێکی رۆتینی دوور لەداهێنان، دوور لەتووڕەیی و هەڵچوون و هەڵشاخان بەڕووی نەهامەتییەکان، دوور لەخواستی گەڕان بەدوای مانا و بەهای نوێ بۆخۆی بەکیفایەت دەزانێ و بەسیەتی بخوا و بخواتەوە و بخەوێ..

ئەرستۆ دەڵێ "شڵەژانی فیکریی، لەمەیلی مرۆڤ بۆ تەنیایی و دوورەپەرێزیی و تێڕامانەوە دەستپێدەکات و هەندێ جار بە ڤێ لێهاتن یان شێتبوون، یان تەنانەت بەخۆکوشتن کۆتایی دێت".. لەبەر ئەوەی هیچ تەفسیرێکی لۆژیکیمان بۆ تەنیایی و دوورەپەرێزیی نییە، چونکە هەمیشە رووکەشانە دەڕوانینە



ئەو هەموو توڕەییە لە کوێوە هات؟

بوون و ژیان و دوێنێ و ئێستا و ئایندە، تەنیا ئاسودەیی خۆمان دەبینین و توانای رامان و لێوردبوونەوەمان لەخۆمان و دەوروبەرو دەرکەوتەکانی نییە، بۆیە هەمیشە جوانی بەعەقڵی ئێمە نامۆیە و بەردەوام مەرگێکی رەزا قورس میوانمانە و هەر بەو چاوە نادیدە و کورتبین و زەینە داخراوەشەوە، سەیری کەسی دوورەپەرێزو تەنیا و پڕ لەبیرکردنەوە و رامان و رۆچوو بەناوخۆیدا دەکەین و بەخەڵکی ریزپەڕو گێل دەیانخوێنینەوە، لەکاتێکدا گێلی و بوودەڵەیی و ناچیزەیی کەسێك لەوێدا دەست پێدەکات، کە لەهاوسەنگییەکی بەردەوامی دەروونیی و بایۆلۆژی و زهنی و کۆمەڵایەتی دابێت و هیچ دیاردە و دەرکەوتەیەکیش موچڕك بەلەشیدا نەهێنێ و کەسێکی خاڵی لەپرسیارو بەتاڵ لەگومان و هەژار لەتێڕامان بێت..کەسێك درك بەبوونی بەشێك لەشێتی ناوەوەی خۆی نەکات و جورئەتی دەرخستنی نەبێت.. بەهایەکی مرۆییش بۆ ئەوانە دانەنێت، کە قەدەرێك داونیەتە دەست ئەو بێنەوایی و لانەوازییە.

دەڵێن کەسی بلیمەت هەروەکو شێت ئارەزووی لەیاخیبوون و ملنەدان بۆ داب ونەریتە باوەکان و ملکەچ نەکردن هەیە، لەکاتێکدا بیرمان چووە کە هەر یەکێکمان لەناوەوەدا نەخۆشین و ناخمان گرفتارو گیرۆدەی بێدەسەڵاتیی و ترسنۆکییەکی کوشندەیە و بێباکانە ملکەچی هەموو کۆت و بەندێکین و کڵاوی خۆمان گرتووە با نەیبات و بێدەنگیی و ترس لەبەرامبەر بەکۆیلەکردنمان گیانی تەنیوین و سوپاسگوزاریی پاروە نانێکین، هاوکات بەچارەگی ئەو کەسەی ناومان ناوە شێت و وێنەکەمان لەزاکیرەی خۆمان و منداڵەکانمان بێزراو و ناشرینکردووە، جورئەتی توڕەیی و تێڕامان و بیرکردنەوەمان لەنهێنییەکانی ژیان و رووبەڕووبوونەوەی بێدادییەکانی خودی مرۆڤ خۆی نییە، کە لەبەرامبەرماندا پەیڕەوی دەکات..

هەموومان پەلەمانە کەسێك، کە ناومان ناوە شێت، ڕەوانی شێتخانە بکرێ و ببرێتە (شەماعیە)، وەك ئەوەی پێمان وابێت بەماڵئاوایی ئەو لەئاوەدانییە وێرانەکەی ئێمەدا، عەقڵ دەبێتە سەرتۆپی ژیانمان و حیکمەت دەڕژێتەوە نێو دەمارەکانی هزرو بیرکردنەوەمان، کەچی نازانین ئەوە ئێمەین لە بێ عەقڵییەکی کوشندە و خافڵگیرییەکی ترسناك داین و پەی بەناچیزەیی خۆمان نابەین، ئاخر جیرار دۆنیرڤاڵی شاعیر گوتەنی "دەترسم بمخەنە خانەی عاقڵانەوە – نەخۆشخانەی عەقڵی– لەکاتێکدا خەڵکی لە دەرەوە هەموویان شێتن"..ئەو شێتییەی ئێمە بێزراوی دەکەین، حیکمەتێکە خواوەند نایکاتە دیاری هەموو کەس..بەخششێکی ئیلاهییە و بەدەگمەن نەبێت، بەکەسی ڕەوا نابینێ، ئەو شێتییەی ئێمە زراومان لێی تۆقیوە و هۆیهای بۆ دەکەین، کاکڵی مرۆڤبوونی مرۆڤە، مرۆڤێك کە ناتوانێ فێڵ لەخۆی بکات و بەدەم گەوجەکانی دونیا و گەمژەییەکانی رۆژگار بتریقێتەوە و بەندی پووچییەکانی ژیان بێت، مرۆڤێك لێوڕێژ لەجوانییەکانی توڕەیی و مەست بەنەشئەی یاخیبوون و سەرقاڵ لەباوەشی تەنیایی، شێتی ئەوانە شێتی حیکمەت و خۆشویستنی ژیان و

مرۆڤـه، ئـەوەی ئێمـه ئـەو شـێتیەیە کـه مایـەی گاڵتـەجاڕیی و پێکـەنین و هۆیها لێکردنـه، شـێتیی ئێمـه بەرهـەمی دەبـەنگی و گەوجی و گەمژەییە، لەئاست قبوڵکردنی ژیانێکی بێمانا!!

**هاشم ساڵح دەڵێت "دەشێ بلیمەتیی لەمنداڵدانی شێتییەوە بێتـه دەرێ و بگـره بەسـەر شێتیـشدا سـەرکەوێ"**، لـەو گەڕانەمداو لەمیانی نزیك بوونەوەم لەو مرۆڤە رۆح سووکانە، بەتایبەتی دانیشتنی چەند ساتیم لەتەك هـەر یـەك لـه "عەبەو مـەلۆ" و گـوێگرتنم بـۆ هەناسـەکانیان و چرپەی دەم و ئاوازی قسەکانیان، زانیم کـه هێـشتا بەشـێکی گـەورەو پانتاییـەکی فـراوان لـەدونیای فـەنتازیا و خـەیاڵ، وا لـەناوەوەی ئەوانـە، کەچی نەمانتوانیوە درکیان پێبکەین. ئەگەرچی ئـەو بیرمەنـدە لەمیانی بابەتەکەیدا قسە لەبارەی شێتی بلیمەتەکانی دونیای نووسین دەکات، بەڵام ئەگەر رەوشەکە خوردتر بکەینەوەو ئەو زەمینە بۆ زۆرێك لەوانە بڕەخسێ، کە تـەنیا سوڕانەوەی نێو کووچـەو کۆڵانـەکانیان بـۆ ماوەتـەوەو سـەرگەردان لەشـەقامەکاندا دەسـوڕێنەوەو خـەڵکێك گاڵتـەیان پێدەکات و هەسـتی مرۆییانـەیان بریـندار دەکـات، شـتێکی سروشـتییە بلیمـەتی مـەزنیان لێ دەربـچوایە، یـان بلیمـەتی گـەورەیان لێ دەربـچێت..ئـاخر چیرۆکی زۆرێـك لەوانـەی ئەمێـستا لـەوڵاتی ئێمـە سەوداسـەرو بـێ مـەئوا دەسـوڕێنەوەو سـەرخەوی ئاسـوودەیی و ئـۆقرەیی لـەژێر گوێـسوانەی مـاڵ و ساپیتەی دوکانەکانـدا دەشـکێنن، پڕیانـه لەفـەنتازیا و خـەیاڵی جـوان، پڕیانـه لەبەسـەرهات و دیمـەنی جـوانی ژیـان، کـه کولتـوری کۆمەڵگـه بەمـەرگی سـپاردن و ناشـرینیکردن.. لـەو پیاسـە کورتەمـدا بـەناو دونیـای ئـەو مرۆڤانـه بـۆم دەرکـەوت هەیانـە گرفتاری ئەوینێك شێتی کردووە، هەیانە کارەساتێکی مرۆیی جـەرگبڕ شـێتی کـردووە، هەیانـە زمـانی تژییـە لەشـیعرو هۆنراوەو لەگوڵزاری زمانگەلی تریشەوە چەپکەگوڵی جوانی شیعرو گرتەی سینەمایی سەرنجڕاکێشی دەسکەنە کردووە، بەڵام ئەفسوس کە ئێمە نەمانتوانیوە بوخچەی نهێنییەکانیان بکەینەوەو سەرێك بەماڵی رۆحیاندا بکەین و دەرگای تەلیسم و سـیحری ناوەوەیـان بـشکێنین و ئاوڕێـك لەسـووچ و کەلەبـەرە جوانـەکانی ناخیـان بدەینـەوە..چـوون ئـەوان لەنائاگاییـەوە لەگـەڵ نـاخی خۆیانـدا دەکەونـە دمـودوو و دونیـای نـاوەوەی خۆیـان دەدوێـنن، نـا ئاگاییـەك زۆرجـار پڕیـەتی لەحیکمـەت..پڕیـەتی لەبـەها جوانـەکانی مرۆڤبـوون..پڕیـەتی لـەمانا جوانـەکانی ژیـان، گـرنگ چۆن ئێمـە دەتـوانین بـەودیو دنیـای نائاگـایی ئـەوان بگـەین، بـەو خودئاگاییـەی خۆمـان، ئەگـەر هـەمان بێـت، بـەهرەکانیان..تواناکانیـان..خـەیاڵ و فەنتازیاکانیان بتەقێننـەوە، ئەوە نییـە هـەر ئـەو بیرمەنـدەی، کە لە سەرەوە ناومان برد، ئاماژە بەسیحری ئەو نائاگاییـەی بلیمەت و شێتەکان دەکات و دەڵێ **"بلیمەتیی و شێتیی لەیەك سەرچاوەدان، واتە هەردووکیان لەنائاگییەوە دەردەچن، ئەو نائاگاییەی لەیەك کاتدا کیشوەرێکی تاریك و مەجهولە، لەو بورکانـە قووڵـە دەچـێت، کـە لـەژێر چینە جیۆلۆجییـەکانی زەویدایە، جاری وا هەیە بلیمەتی لێ دەتەقێتەوە،جاری وایش هەیـە شـێتیی"**.بێگومـان هـەر هـەمووشمان ئـەو راسـتییە دەزانـین، کـە دونیـای شـێت، دونیایـەکی پـەنهان و شـاراوەیە، جیهانی ئەوان جیهانێکی نادیارو ئەو کیشوەرە تاریکەیە، کـە



پەی پێبردنیان ئەستەمە، ئەگینا ئەگەر ئـەو هێـزو وزەو رامان و بیرکردنـەوەمان هـەبێت، کـە بەهۆیانـەوە کلاوڕۆژنەیـەك بـۆ چوونە نێو ئەو دونیا جوان و جیهانە ئەفسوناوییە ببینینەوە، ئـەوکات هەسـت بـە رووناکـایی نێـو ئـەو پانتاییـە تاریکـەی رۆحیان و دوڕو گەوهەرە نادیارانەی دونیای ئەوان دەکەین و دەتـوانین مانـای تـرو بـەهای دیکـەی جوانتر بۆ بوون و ژیان بدۆزینـەوە، چـونکە خـودی راهـاتنی ئـەوان بـە شـتگەلی نامەئلوف و هەڵس وکەوت و رەفتاری نامۆو ریزپەڕ (شاز)، بۆ خۆی نهێنییەکی قووڵ و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە..

دەگمەنن ئەوانەی لەنێو ئێمـەدا خۆیـان بـەکامڵیی نەناسێنن و لەسـەرووی ئەوەشـەوە لەبـەهای ئـەوانی دیکـە نەهێننـە خـوار..کـەم نین ئـەو کەسانەی لەکۆمەڵگـەی ئێمـەدا لـەبورجی عاجەوە لوتبەرزانە نەڕواننـه بەرپێی خۆیان و لـەناخ و خـودی خۆیشیان تا بڵێی بچووك و ناچیزەن و ئیدی بچووکی خۆیان لەچاوی کەسانی دیکـەدا مـەزن دەکـەن، کـە ئەمـە هەقیقـەتی تـاڵی ژیـانی هـەر یـەکێکمان بـێ، کـە هـیچ کاممـان کوتلەیـەك نەبین لەجوانی، کە پارچەیەك نەبین لەنور، کە دونیایـەك نـەبین لەحیکمەت، کە چاومان لـەو دیـو بـەرپێی خۆمان شتێکی تـر نەبینێ، کە پڕبین لەتاوان..لێوڕێژ بین لە گوناه..پارچەیەکمان لەدڕنـدەیی و بەشێکیـشمان لـەژیانکوژیی بێـت، باشـتر وایـە سـەرێك بـەماڵی خـودی خۆمانـدا شـۆڕ بکەینـەوەو ئاوڕێـك لـەحاڵی زاری ناوەوەمـان بدەینـەوەو لەچاکییەکانی بەرامبـەر خراپییـەکانمان ببیـنین و لـە جوانییـەکانی ئـەوانیتر ناشرینییەکانمان بدۆزینەوەو لەمەزنی ئەوانی دیکەدا مرۆڤی بـچووك و رۆحـی بـچووکی ناوەوەمـان بکـوژین و سـەر لـەنوێ بونیادی بنێینەوە، چونکە پاولۆ کۆیلیۆ وتەنی **"ئەوەی خۆی بە لێوڕێژ لەتەقوا بزانێ ئیفلیج دەبێت، ئەوەیش کە خۆی بـە لێوڕێژ لە گوناه بزانێت ئیفلیج دەبێت"**.

**تشرینی دووەمی**

**2006**

## خەسرەو جاف:

# من تەواوی وڵاتەکانی دونیاو راقیترین هۆتێلەکانی دنیام بینیوە، وەلێ تا ئێستا تەمەنم 62 ساڵە نەمتوانیوە پرسگەلێکی خێلایەتی و لادێگەری بەلاوە بنێم

**( 2-1 )**



**مرۆڤێکە** لە سەروسیما نورانی، لە وێنەی زاهیدێکی مەرقەدی باوەنوور، شاهانەو فیوداڵئاسا، بەرزەفڕ دێتە بەرچاو و ئوتومبێلی هامەر داژوا، سیگاری چرووت دەکێشیٚ، جلوبەرگی میرو مسیۆ وسینیۆران دەپۆشیٚ، وەلی لە ئەتوارو سادەییدا کەم سەخت و ئاسان وحازر بەدەستە، وەك فەلامەرزەکەی هەزار فامیل، خەییامییانە دەڕوانێتە نهێنییەکانی ئەدیو، لە چنینەوەی کانی تەقیوی ناخی شیعردا هەرزەکارێکی بەئازارە،لەنووسینی رۆمانێکی هەشت بەرگیدا خودان قەڵەمبازی ئەسپێکی بە غارە، لە کۆڕی زمان و شێوەزار و ئیدۆیمدا هاوتای هێمن و مەلا شوکرو هەژارە، هۆگری مەجلیسی شەوانی بەزم و رەزمە، سەلیقەو زەوقی ئەندازیارییەکەی بە میزاجێکی هونەرمەندانە دەردەبڕیٚ، باپیرەی چەند نەوەیەکە، خولیای شتی دانسقە و دەگمەن و کۆنە، بەڵام بۆ کەنیزك و رەگەزی نیان، هەمیشە چاوی لە خونچە وپشکوژە. بەبۆنی ئافرەت هەستناك و بێبارە، لەکۆنگرەی ئێلی جافا برا گەورەو دەم راست و سەرۆك هۆزە. لە نێو ئەو هەموو کەسایەتی و بوارانەدا، خۆی دێتە پەیڤین و وەڵامی ئەو پرسیارنەی (کۆوار) دەداتەوە.

**کۆوار**

***خەسرەو جاف لەروانگەی خۆیەوە چییە؟**

_ من خزمەتکاری هەموو کوردێکم، ئینجا کەسێك لەپێناو مرۆڤایەتی هەنگاو بنێت و بیربکاتەوە، چ گوفتاری و چ رەفتاری و چ کرداری مرۆڤانە بێت، من خۆم بە خزمەتکاری ئەو هەوێنە مرۆییە دەزانم، جا وەك گوتم رەگەزایەتی لەناخ و قووڵایی دەروونمان دەکوڵێت، بەڵام نەك رەگەزایەتییەکی دوژمنێتی، هێرشبەر بێت یان دەمارگیریی، دەستدرێژی ناحەق بێت یان بچێتە سەنگەرەوە بەرامبەر خەڵکی دی، من وەك مرۆڤێك و وەکو کوردێك هەمیشە بەرگری لەخۆم و میللەتەکەم دەکەم.

*** لەو هەموو شتانەی کە باستان کرد، دەتەویٚ چی بڵێی؟**

_ ئیدی ئەوە دیکۆمێنتە، پرسگەلێکە کە تۆ بەچاو یان بەگویٚ یان بەرکەوتن، ئەمانە هەرسیٚ حاڵەتێکن دیوتە یان کردووتە، ئەوە کتێبە ئەوە گوێیە دەبیستی و ئەوە چاوە دەبینێت و بەهەرحاڵ...

*** لە کام بوار نزیکی؟**

_ وەڵڵا من روحیەتێکی حەقیقەتم(ناجێگیرم) هەیە، کە چۆن سکالای هەیە و لەداخا شەڕەقۆچیەتی.

**- بەرامبەر بەچی؟**

بەرامبەر بە زۆر بابەت، بە تایبەت هەندێك پرس هەن بەلای منەوە چار نەکراون، یان باشتر بڵێم چارەکراو نین.

**- بەرامبەر بە ئیلاهیات رات چییە؟**

من باوەڕم بە یەکتایی هەیە، بەڵام باوەڕم بە میکانیزم نیە، ئەو پرسە بڕیك وای لیٚ کردووم، کە حاڵەتێکی سەیر لە دەروونما هەیەو ئامادەیە، ئێستاش بۆ ئاگاداری جەنابتان خەریکی کتێبێکم، کە سیٚ بەرگە بەناوی (فەلسەفەی عیرفان)، کەم باسی ئەو پرسانە دەکەم کە هێشتا تەواو نەبوونە، چەند ساڵێکە لەکوردستانەوە دوور بوومە، وەك مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵیٚ (زوڵمێکی زۆریشیان لە من کردووە) لەبواری رۆشنبیری و لەوەیش حەقیانە، لەبەرئەوەی ئەگەر پیاو لەماڵ نەبیٚ ژنی بەشوو دەدەن، ئیدی ئەوەتا هاتوومەتەوە بۆ وڵات و هەم، باوەڕ ناکەم لەمەولا بهێڵم هیچ جۆرە دەستدرێژییێك، هیچ جۆرە بێحسابییەك وەك ئەو بیٚ کتابییەی کەوا بووە بەرامبەر بەرهەمەکانم، بەرامبەر ئەوانەی کە من نووسیومە بکریٚ، چونکە لە دیدگایەکی چینایەتی و تەسکیان بۆ کراوە، دواتر لەولایەنەشەوە دیسان دەڵێم کە خوێنەران ، زۆربەی زۆری برادەرانی نێوەندی رۆشنبیری ئالیەتەکەیان دروست نیە، لەبارەی چۆنیەتی پێگەیشتن و تێگەیشتنی رۆشنبیری میللەتەکەمان، لەسەر ئەساسی پەیوەندییەکی نەکولاوی نەبڕاوی نێوان ئەدیبان لەسەرتاسەری کوردستان هەیە، زۆر بابەت بە چەك چارە دەکرێت، لەسەر گۆڤارەکان تانە دەخەنە بەر نووسەر، گەنجەکان بەرەو قۆناغێك هان نادەن، رێزم بۆ ئێوە هەیە، ئەم واقعیەتە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان سستە بازاڕییەکی بیٚ حساب هەیە لەبواری ئەدەب و هونەر، هیچ شتێکمان ئێستا نەگەیشتۆتە قۆناغێکی وا، کە ئێمە بڵێین وەڵڵا خاوەنی فلان شتین، ئێمە تاکو ئەمڕۆ خاوەنی هیچ نین. رۆمانمان نیە، شیعر کە دەڵێی شیعر، لە بنەڕەتدا میللەتی کورد کە لە دایك ئەبێت شاعیرە، لە زەمانێکا کەڵەشاعیری زۆر زۆر گەورەمان هەبوو، بەڵام من پرسیار لەئێوە دەکەم، ئەو هەموو کەڵەشاعیرانەی کە هەن و منیش خۆم یەکێکم لەوان، بۆچی ناگەنە دامێنی چیای بڵندی یەکێکی وەك(نالی یان شێخ رەزا، یا وەفایی و مەحوی)؟، کوا ئەو و بۆشایی و دابڕانە بۆ هێندە زۆرە، پرسێکی تر بۆ



# رۆمانی دونیا لە بابەت و پرسی مەزنی مرۆیی سەرچاوە دەگرێ، کەچی رۆمانی ئێمە ئەبێ لە فلان کوێخاو ئاغاو سەرۆك هۆزا بێتە دەرەوە

نموونـــە هونـــەری بیناســـازیی و هونـــەرە جوانـــەکان لەســـەردەمی رێنیسانس قۆناغێك بوو، ئێستا بەمەرجێك لەچاو ئەمڕۆ توانایەکی سادە و سەرەتایی هەبوو، کەچی ئێستا بەم توانا میکانیکییەوە کە هەیەتی، توانایەکی لە رادده بەدەر (فـوق العـادە)، ئەدی بۆچی ناتوانێت ئەو کۆشك و تەلارانەی کە لەسەردەمی رێنیسانس هەبوون، ئێستا دروستی بکات؟ بێگومان ناتوانێت، ئەمە قۆناغێکە دەکرێ وەك قۆناغێکی نەزۆك سەیری بکرێ، کە تا ئەو ساڵانەی دوایی سك و زای دەکرد، بەڵام دوای ئەوە وەکو ئافرەتێك چۆن لە بێنوێژی دەکەوێت، سەرنجی لێبدە ئەمێستا رەوشەکە وای لێهاتووە، بەبڕوای من ئێستا شیعری کوردی وەك ئافرەتێکی نەزۆکی لێهاتووە.

***بەس بواری شیعریی یان بوارەکانی تریش ؟**

_ من باسی شیعر دەکەم بۆ نموونە شیعری تازە، من خۆم پەیڕەوی حاڵەتی نوێگەرایيم لەهەموو کارەکانم لە کۆمپۆزیشن و لە هونەرە جوانەکان، لە ژیانی شەخسی خۆم دیارە، باوەڕ ناکەم کەس ئەو بوێرییەی هەبێت وەك من قژی وا درێژ بێ و بەم سەرە سپییەوە گوێ نادەمە هیچ حاڵەتێك، لەبەرئەوەی پێم وایە هیچ زیانی بۆ کەس نییە.

*** ئەو لایەنەی باست کرد، لە روانگەی قەناعەتی عەبەسییە، یان لە روانگەی قەناعەتێکی عیرفانیەوەیە؟**

_ من بۆ خۆم دەژیم، مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە کە بژیت و مافێکی رەوای خۆیەتی، بەمەرجێك زیانی بۆ خەڵکی دیکە نەبێت و شێوەی ژیانی بەجۆرێ بێت کە زیانبەخش نەبێت، وەك گوتم من کەسێکی نوێگەرم، حەزیش لە شیعری تازە دەکەم، بەڵام ئەوەی من دەیبیستم ئەمە شیعر نییە، ناوی هەرچی دەنێیی بنێ، ئەوە حیکمەتە، ئەوە عەقڵە، بەڵام شیعر نییە، شیعر بۆخۆی مۆسیقایە، چۆن کاتێك گوێ لە مۆسیقا دەگری و لەگەڵی دەڕۆی و پێت خۆشە و دەتلاوێنێتەوە شیعریش وایە.

***بەو مانایایەی کە جاران شیعری کوردی خەڵکی دەجووڵاند، ئێستا پێت وایە شیعری کوردی ئەو جووڵەیەی نییە؟**

_ رەنگە خەڵکی دیکە پێی ببزوێت، بەڵام من خۆم پێی نابزووم.

***باسی ئەوەت کردو گوتت کورد تائێستا رۆمانی نییە، ئەی رۆمانەکانی تۆ دەچنە چ خانەیەك؟**

_ یەك رۆمان و 15 رۆمان نابێتە هۆی ئەوەی بڵێی رۆمانمان هەیە.

***رۆمانەکانی خۆت چۆن دەبینی وەك نووسەرێك؟**

رۆمانەکانی کوردی کەم دەخوێنمەوە، ئەوەی کە خوێندوومەتەوە هیچ چێژێکم لێنەبردووە، کە پەڕێکی لێدەخوێنمەوە ناتوانم دووەم و سێیەمی لێ تەواو بکەم.

***دەگەڕێینەوە سەر ئەو شێوە ژیانەی جەنابت باسی دەکەی لە بارەی دەروونناسیەوە، زۆر جار دەڵێن مرۆڤ لەمنداڵی و لەقۆناغێك لە قۆناغەکانی تەمەنی خۆی کۆمەڵێك شت لەدەست دەدات، یاخود بۆی مەیسەر نابێت و دواتر لەداهاتوو دەیەوێت قەرەبووی خۆی بکاتەوە، ئەو سەرکێشییەی ئێستات، ئەگەر بتوانین ناوی بنێین سەرکێشی، لەژیانی د.خەسرەودا وەك قەرەبوویەك نییە بۆ رابردووی منداڵیت، کە لەوانیە لەنێو هۆزێکی گەورەی کورد گەورە بووی، کە کۆمەڵێك ئەرکی کۆمەڵایەتی لەسەر بووە، دەیەوێت وەك مرۆڤێکی کراوەتر بەشکاندنی ئەو تەوقانە بچێتە دەرو وەك خۆی بژیێت؟**

– من یەکێکم لەوانەی شانازی بەوە دەکەم کە لەلادێ گەورە بووم، خەڵك هەیە پێی ناخۆشە پێی بڵێی لادێیی، یان ئەوە رەت دەکاتەوە کە لەلادێ گەورە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا من تەواوی وڵاتەکانی دونیا و راقیترین هۆتێلەکانی دنیام بینیوە، بەس تا ئێستا ئەوە تەمەنم 62 ساڵە نەمتوانیوە پرسگەلێکی خێلایەتی و لادێگەری لەبەر ئەوەی لەناخم دایە و لای هەموومان خۆی مەڵاس داوە بەلاوەیان بنێم، ئێمە کە خۆمان بەخوێندەوارو خاوەن بڕوانامە دەزانین، لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی گەورە بووینە. زۆرجار دەڵێین ئێمە خەڵکی شارین، بەڵام خودی شارەکە بنەڕەتەکەی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بووە، من هەتا لە رۆمانی (دەربار)یشدا ئاماژەم بەمە کردووە، خوێنەری کوردم هێناوە وشتی پێشان دەدەم و هانی دەدەم کەوا کۆمەڵگای تر هەیە، بە رووداوەکان دەستی دەگرم و پێشانی دەدەم، کە دونیایەکی دیکە هەیە، کە پەیوەستە لەگەڵ حاڵەتی لادێگەری، کە بە شەش حەوت جۆر لەم رۆمانە پێشانم داوە و هەرچی نووسیومە لەناخی نەتەوەکەم هەڵقولاوە، لەکاتێکدا رۆمانی دونیا لەبابەت و پرسی مەزنی مرۆیی سەرچاوە دەگرێ، کەچی رۆمانی ئێمە ئەبێ لەفلان کوێخا و ئاغا و سەرۆك هۆزا بێتە دەرەوە.


***ئەدەبیاتی (هەمزەتۆف)ت خوێندۆتەوە، ئەو دەڵێ ئەوەی گوللە بە رابردووی خۆی وەبنێت، داهاتوو گوللە تۆپی پێوە دەنێت. لە قەسیدەکەی خۆتدا، کە ئەم ئێوارە خوێندتەوەو لەوێوە سەیری ئەو**

**دیمەنەی خەسرۆ جاف بکەین لەو رابردووەی گەلی خۆی یاخییە، بۆ یاخیت لەو مێژووە؟ بۆ حەز لەسووتاندنی ئەو مێژووە دەکەی؟**

_ دوو وەڵامم هەیە: یەکەمیان من رابردووم وەك ناوچەگەریی، وەك کۆمەڵگای نەتەوەکەم جیاوازیی هەیە لەگەڵ قووڵایی مێژوو، ئێمە وەك کۆمەڵگایەکی کوردی تا ئێرە ئەمەمان نەبەزاندووە، بەڵام کۆمەڵگای دونیا هەر ئەوە نییە، میللەتانی دیکە بەم قۆناغە تێپەڕبوون و ئێستایەکی نوێیان بۆ خۆیان دروستکردووە، بۆ دەبێ ئێمە هەر لەو بازنەیە بخولێینەوە!، دەبێ ئەو قۆناغە بڕین، ئەگەر بێینە سەر شیعرەکەی من، هاتووم چەقۆم هێناوە دەیدەم لەمێژووی میللەتانی دیکە، چونکە ئەوەی من هەمبووەو هی میللەتی من بووە، ئەوەی بەکەڵکە هەموویان دزیو ئەمڕۆ هی خەڵکە، کەواتە ئەگەر بێینە سەر راستی، ئێمەی کورد ئێستا هیچ دیکیۆمێنتی مێژوویمان بەدەستەوە نییە، دەڵێن ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ (ماد)، من رۆمانێکم نووسیوە، رۆمانی (راست) لەسەر ئەو بنەمایەیە. ئەگەر ئەم ئێوارەیە سەرنجی ئەوەت دابێت دەڵێم (دێی پێکەوە مێژوو بسووتێنین، لە کوانووی حەقیقەتا گڕێ گەورە هەڵگیرسێنین)، مادام قووڵایی مێژووەکەمانیان دزیوەو پێشێڵ کردووەو لەژێر سمو ناڵی ئەسپی داگیرکەران رووتیان کردووە، مانای ئەوەیە کە میللەتی من ئەبێ دەستەوەستان بوەستێت؟ نەخێر هەر لە ئەمڕۆوە دەست پێدەکەم، میللەتێك 2500 ساڵ بە هەموو کوشتن و بڕین و دەربەدەرییەوە تا ئێستا مابێتەوە، مانای وایە ئەو میللەتە حەقی ژیانی هەیە، یان زمانی ئێمە ئەو زمانە هێندە بەهێزە، ئەگەر ئەو زمانە نەبوایە ئەوەی بەسەر کورد داهاتووە بەسەر عەرەب هاتبا یەك دانە وشەی عەرەبیت نەدەبیست، بە قورئانیشەوە، قورئان بەو گەورەییەی کە دەیبینی. ئەگەر ئەو رووداوانەی بەسەر ئێمەی کورد و ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی بەدرێژایی 3000 ساڵ، هێشتا دەبینی ئێمە بۆ وشەیەك لەجیاتی یەك وشە 10 وشەمان هەیە، ئەمڕۆش دەربارەی یەکگرتنی زمان قسەیان دەکرد، ئەم قسانە هەمووی خەیاڵە، ئێمەی سۆرانی هێشتا نەمانتوانیوە ئەو شێوازەی وشانە، کەوا هەیە تۆ نایزانی، من نایزانم، کام دەزگاو دامەزراوە هاتووەو گەڕاوە بەناو عەشائیرەکاندا، بەناو دەورووبەری شارەکاندا، ئەو وشانە کۆبکاتەوە؟، من لە رۆمانی (دەربار)دا، ناچار بووم بە دەستی ئەنقەست وشەگەلێکم بەکار بردووە، کە خوێنەری شار هەر نایزانێ. تۆ دەتوانی زاراوەی سۆرانی و بادینی بکەیتە یەك؟ ئەمە هەر نابێت، 40ساڵی دەوێت 50ساڵی دەوێت، بەحاڵەتی ئەکادیمیەوە، بە ئیمکانیاتێکی زۆرو بە بابەتێکی لۆژیکییەوە، هەتا ئەوانەی ئەمڕۆ ئەو قسانەیان دەکرد، خۆیان بۆ خۆیان کە قسە دەکەن، شێوازی بیانی بەکار دەبەن، ئادەی بابە تۆ جارێ کوردیەکەی خۆت فێربە، تۆ دیارە کوردیەکەی خۆت نازانی، تورکی بەکاردێنی، ئەڵمانی بەکاردێنی، نازانم چ شتێك کە من نەیزانم، ئەم نەزانییە بۆتە گرێ، لە بوارەکانی تریش وایە، حاڵەتەکە حاڵەتێکی تێنەگەیشتووە، پێنەگەیشتووە، هاتووینەتە سەر قۆناغێك لەسەر لێواری حەقیقەتەوە وەستاوین، ئەگەر بەشێوەیەکی ئەکادیمیی و لۆژیکی لەگرفتەکانمان بیر نەکەینەوە نابێت، مانای ئەوەیە ئێمە لەگەڵ زەمانا شەڕەتۆپ دەکەین! زەمانیش وەك شمشێرێکی دوولایە، وامان دەبڕێت بێ حساب.

***ئەو ئاڵۆزیەی کە تۆ باست کرد، پێت وانیە پێویستی بە موعجیزەیەك هەیە، بۆ ئەوەی جارێکی تر تەکان بداتەوە.......؟**

_ئەوە پەیوەندی بە موعجیزەوە نییە، ئێمە ئەبێ لەئێستاوە دەست پێ بکەین، لەسفرەوەو لەیەکەم هەنگاو دەست پێ بکەین، ئەمەش بە بڕوای من بە فیستڤاڵ ناکرێ، ئەو قسانەی کە لە فیستڤاڵ دەکرێن هەر ئەو کاتەیە، دوایی ئاو دەیبا و با دەیبا و دەڕوا، ئەبێ دەوڵەت بێتە ناو



ئەو پرسانە، دەوڵەت دامەزراوێکی وا پێکبێنێت و کەسانی چاوساغ و لێزان بخاتە نێو مەسەلەکە، بەشێوەیەکی لۆژیکیانە بەدوایدا بڕوات، بۆیە ئێمە بووینە خاوەنی یەکەمین هەنگاو، نەك هەر ئەو بوارە، بەڵکو بواری تریش، بیرمە جارێك کۆڕێکم پێشکەش کرد دەربارەی بیناسازی، یەکێك هەستاوەو وتی کوا بیناسازیمان نیە؟ وتم نیمانە، عەرەب بەو هەموو توانایەوە، بەو هەموو دەوڵەتەوە، بەو هەموو نەوتەوەوە نیەتی، لە راستیشدا نیەتی، لەوانەیە بڵێیت بۆ لە یەمەن وایە؟ یەمەن حاڵەتێکی تایبەتییە، ئەکادیمی نیە، ژینگەیە، ژینگە خۆی جار جار حاڵەت پێکدێنێت، هەتا لەمرۆڤدا ژینگە ئەوەندە کاریگەری هەیە، کە تۆ دەبینی ئەمە ڕەشە، ئەمە سوورە، ئەمە زەردەو ئەمە سپییە، کچێك بۆ نموونە رەنگە لەوڵاتێکی گەرما لە 10 ساڵان پێ بگات، لەوڵاتێکی تر رەنگە لە 17 ساڵانیش هێشتا پێ نەگات، بۆیە ژینگە رۆڵێکی گرنگی هەیە.

***من هەست دەکەم لەو هەوڵەی جەنابت دەیدەی، گەڕانەوەیەکە بۆ دوێنێ و سوود وەرگرتنە لەمێژووی مرۆڤایەتی، بۆ نموونە ئەزموونی رۆژئاوا کە لێکدابڕانێکی مەعریفی لەنێوان دوو نەوە، لەنێوان دوو مێژوو دروست دەکات، ئایا کۆمەڵگای ئێمە ئەو زەمینەی لەبار دایە بۆ ئەوەی ئەو لێکدابڕانە دروست بکەین و لەخاڵێکەوە دەست پێبکەین، کە بتوانین ئەو هەناوە هەڵگرین، بە تایبەتی ئێستا من پێم وایە تا ئەو لەحزەیەش لەزۆر شوێندا کورد لەپەیوەندی نیمچە کۆیلایەتیشدا دەژییێت، چۆن دەکرێت ئەم وشیاریە دروست بکەین، قەناعەت بەکۆمەڵگا بێنین بەدوامانەوە بێت؟**

_ کۆمەڵگای ئێمە تەماعگری ژیانە، میللەتانی دی خۆ لەئاسمانەوە بۆیان نەهاتۆتە خوارێ، ئەوانیش وەکو ئێمە بەو قۆناغانەدا تێپەڕیون، هەمان گرفتی ئێمەیان هەبووە، بەڵام کاریان کردووەو زەحمەتیان کێشاوە، ئێمە هەروا خۆمان بدەینە دەست سبەی، کوا سبەی؟ چ سبەیەکە، سبەی بۆ ژیان، واتە بەم ئەمڕۆیەوە سبەییێك بوونی نیە، تۆ بتەوێت هەنگاو بنێی بەرەو ژیان، بەرەو دواڕۆژێکی رۆشەن، ئەبێ لەئێستاوە دەست پێ بکەی، میللەتانی دی بۆ نموونە کرێکاری چالاك و بەرهەمهێنی هەیە، کرێکاری ئێمە چالاك نین، بەرهەمی کارێکاری کوردی خۆمان بێنە بەراورد بکە لەگەڵ بەرهەمی کرێکارێکی هەر

# زمانی کوردی هێندە بەهێزە، ئەگەر ئەو زمانە نەبوایە ئەوەی بەسەر کورد داهاتووە بەسەر عەرەب هاتبا، یەك دانە وشەی عەرەبیت نەدەبیست، بە قورئانیشەوە

مللەتێکی تر، بزانە30٪ بەرهەمی ئەوان زیاتر نیە، باشە ئێستا تۆ لەم کوردستانە بەدوای کرێکاردا دەگەڕێی نییە، ئەمە من باسی هەڵەیەك دەکەم، لەوانەیە خەڵکی تر بیر لەوە نەکاتەوە، ئەی باشە خۆ دەوڵەتیش ئابوورییەکی وا گەشەپێکردووی نییە، کە بنێرێت لەدەرەوە کرێکار بێنێت، کرێکار یشمان نیە، ئەی چ بکەین، ئاوا راوەستێت؟ ئێستا کرێکارت هەیە ئیش بۆ تۆ دەکات، دوو هەفتەی ترت دەداتیٚ و دەبیٚ سەرەی بۆ بگری، کرێکارێکی زفت، کرێکارێکی نەزانی تەمبەڵ، ئیدی ئەمە خەلەلە، کە ناگونجیٚ لەگەڵ ئێمەی کورددا لەو قۆناغەدا، کە قۆناغێکی زۆر گرنگە، بەتەمای ئەوەین کە ئێمە بتوانین دەست لەچمکی کراسی فەرهەنگێکی پێگەیشتوو گیربکەن. بەم شێوەیە وابزانم ساڵانیکی زۆر دەخایەنێت، یان دەبیٚ لەئێستاوە دەست پیٚ بکەین، یان لەوە باشتر درویٚنە ناکەین.

***ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە کار بۆ سبەی ناکەین، ئێمە چاو نابڕینە ئایندە، وەك لە شیعرەکەی تۆش، کە لە دێڕێکیدا دەڵێیت: ( ئەی کوردی پەروەردەی ئینشائەڵلاٚ)، ئەوە ناگەیەنێت خاوەن پڕۆژەیەك نین بۆ سبەی، تەنها لە ئێستادا وەستاوین؟**

_ ئێمە مەنهەجیەتمان وایە، مللەتێکیش مەنهەجیەتی نەبێت مانای ئەوەیە پسپۆری نیە، ولاٚتێکیش پسپۆری تیا نەبێتو رێز لە پسپۆرو شارەزا نەگرێت تۆ هەرگیز بەتەمای پێشکەوتن مەبە، ئەمانە زنجیرەیەکی تاقیکراوەن، کە میللەتانی تر پێیدا رۆیشتوون، ئامار لەتەواوی کوردستان نیە، من تەحەددای هەر وەزارەتخانەیەك دەکەم ئەگەر ئامارێکی هەبێت دەربارەی کاتی کاری فەرمانبەرەکانی، نەهاتنی فەرمانبەرەکانی، چەند فەرمانبەر ئەوەندە مۆڵەتی وەرگرتووە و ئامادە نیە، ئەمە بەو مانایەیە کە ئامارومەنهەجییەت لەولاٚتی ئێمەدا بوونی نیە، بەلاٚم کە بوونی نییە، ئایا ئێمە هەروا خۆمان بدینە دەست سبەی؟ تەماعگیری ئەوە نەبیت کە بەدی بهێنیت، بە پێچەوانەوە ئەبیٚ بیهێنیتە دی، ئەوە ئەگەر بەتەمای کومەڵگایەکی پێشکەوتووبین. با ئەوەش لەبیر نەکەین، کوردستانی ئێمە بەو رەوشە هەژارییەی کە هەمانە، بەو کرێکارە تەمبەلاٚنەی کە هەمانە، بەو هەموو کەموکورتیەی کە هەیە، ئەگەر بێتو بەراوردی بکەین لەگەڵ دەرودراوسێکانمان، دەبینین ئیرەییمان پیٚ دەبەن، ئەوە دراوسێی رۆژهەلاٚتمان، ئەوە دراوسێی باکوورمان، عەرەبی خوارو ئەملاو ئەولاو چەندی تر، پێیان سەیرە کەوا کوردێکی ژێر دەستەی 100 ساڵەو چەند هەزارساڵە گەیشتۆتە قۆناغێکی وا، کە ئەمڕۆ دونیای پێشکەوتن لەفلاٚن پایتەختەوە هەڵدەفڕیٚو دێتە هەولێرو لەگەڵ سەرکردایەتی کوردان دادەنیشێت، ئەمانە هەمووی بووەتە مایەی ئیرەییو ئەگەر بتوانن هەزاران گرفتمان بۆ دروست دەکەن.

***ئەو مەنهەجیەتە چۆن و کیٚ دروستی دەکات؟**

– حەتمەن میللەتی کورد ئەوەی لەدەستی هاتووە کردوویەتی، ئێمە هەموومان پێشمەرگە بووین، هەزاران شەهیدمان داوە، هەزاران قوربانیمان داوە، تالاٚن کراوین، کۆڵ بەپشت بووین، بەلاٚم لەهەمان کاتیشدا ستراتیژیەتی سیاسی یارمەتی ئێمەی داوە، کە لەقۆناغێکەوە بچینە قۆناغێکی تر، ئەمەش مافی رەوای خۆمانە وەکو میللەتێك و ئەگەر بدەینە بەرخۆمان و کاری جددی و بە پلانی بۆ بکەین کارێکی ئەستەم نییە.

*** بەلاٚم ئایا هەمیشە خۆ بەستنەوە بە ستراتیژیەت لە بواری سیاسی بەسە بۆ ئەوەی کومەڵگا بەرەو مەدەنییەت بچێت؟ یان دەبێت لە کایەی کۆمەلاٚیەتی، لە کایەی کولتورو لە هەموو ئەمانە گۆڕان دروست بێت....؟**

– لە پێشدا باسی ئەوەم کرد، کە ئێمە دەبێت مەنهەجییەتمان هەبێت، لە حاڵەتێکی ئەکادیمیو مەنهەجییەتو ژیان، بۆ نموونە بەرنامەی 5 ساڵە، 10 ساڵە، 25 ساڵەمان هەبێت، لەبەرئەوەی ئێستا کورد وەکو دەوڵەتێك مومارەسەی ژیانی سیاسی و ئابووری خۆی دەکات، بەلاٚم دەبیٚ داوو دەرمانی کەمو کورتیەکان بدۆزرێتەوە.

***تۆ هەر لە سەرەتاوە کەسایەتییەکی نزیکی کەشو هەوای کۆڕی زانیاری کوردو چالاکی ئەو بوارەی، بەڕای تۆ ئەو کەموکوڕییەی ئەم دامەزراوەیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا تێیکەوتووە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– بەش بەحاڵی خۆم لەبواری رۆشنبیریی، کە دەیبینم وا دەزانم کەموکوڕی زۆری تێدایە، ئەمەش وەك بوارەکانی دی، بڕێك لە ئێمەیش، واتە هەتا لە کەسایەتییە رۆشەنفکرو رۆشەنبیرەکانیش بیٚ خەلەل نین، خۆم یەکێکم لەوانە، ئێمە هەموو شتێك بۆ بخەینە ئەستۆی دەوڵەت، ئێمەش خەلەلمان زۆرە، ئێمەش شەڕەقۆچ لەناخمان هەیە، ئێمەش جار جاران بیٚ حسابو بیٚ کتاب هەڵدەچین، ئێمەش بۆئەم بابەت و کارانە، ئەگەر بمانەوێت دەزگایەکی پاكو خاوێن هەبێت ئەبیٚ هەوڵی بۆ بدەین، چونکە تەنها بە دەوڵەت ناکرێت، منو تۆش ئەرکێك کەوتۆتە سەر شانمان دەبیٚ ئەنجامی بدەین، چەپڵە بەدەستێك لیٚ نادرێت، دەبینی رۆژنامەوانێکی گەنج، (من گەنجەکانم زۆر خۆش ئەوێن)، ئەوەی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەبێت لەپڕ هەڵدەکوتێتە سەر بابەتێکی زۆر هەستیار، بەبڕوای من ئەمە حەقی خۆیەتی، بەلاٚم دوای خوێندنەوە و لێدوانێکی باش یان دیکۆمێنتی، ئەو دەم ئیشی لەسەر بکا، جارو بار لەخەو هەڵدەستم بۆ نووسینی فلاٚن شت، یان نووسینی یاداشتی بیر یان کار، سەرنجی ئەم شتانە دەدەم.. ئەمە وەك جووڵەیەکی هونەری وایە. بۆ نموونە لە کێبڕکێی بیناسازی لەولاٚتانی تر لە کوردستان بەشدار بووم، لە ماکێتی تری بیناسازی بەشدار بوومو یەکەم دەرچووم، بەلاٚم هێشتا ناکاتە ئەوەی بڵێم ئیدی تەواو.

***ئەی دەرەوە؟**

– لە دەرەوە کاتی خۆی بەشدار بووم.

***قەناعەتت بە بڕوانامەو خەلاٚتی کوردستان هەیە؟**

– وەڵلاٚ ئەوەیان ناتوانم، ئەوەش هەروەکو نێوەندی رۆشنبیری، ئەبینی کە زۆر بیٚ حسابی تێدایە و( نە نان بۆ نانەوایە، نە گۆشتیش بۆ قەساب) لەو بارەیەشەوە هەمان شتە.

# ناکۆکی و دۆڕاوی عەرەب

## هەوێنی سیخوڕی ( هیبە سەلیم )

غازی حارس

چیرۆکێکی سەیر و سەرنج راکێش.. چیرۆکی یەکەم سیخوڕ، کە نەك لە پێناو پارە، یان دەستکەوتێکی دیکە سیخوڕی کردبێت، بەڵکو تەنها لە ئەنجامی هەستکردن بەوەی عەرەب نەتەوەیەکی تەوەزەڵن و بە سووکایەتی پێکردن و دۆڕان راهاتوون و ئەو چیرۆکە دژووارترین کێبەرکێی نێوان دەزگای هەواڵگری سەربازیی میسری و دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلیە.

"جوڵدا مایلڵ"ی سەروك وەزیرانی ئەو کاتی ئیسرائیل، گریا و کەوتە خەمێکی قوڵ سەبارەت بە چارەنووسی (هیبە سەلیم) و بەوە وەسفی کرد (هێندە خزمەتی ئیسرائیل کردووە، کە سەرکردەکانی ئیسرائیل نەیانکردووە).

کاتێك (هێنری کیسنجەر) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا چووە میسر بۆ ئەوەی تکا لە ئەنوەر سادات بکات، حوکمی سەر ئەو سیخوڕە سووك بکات، (هیبە) لە ژوورێکی ئینفیرادی بەندیخانە چاوەڕوانی چارەنووسی دەکرد و نەیدەزانی گیرانی ئەو وەزیری دەرەوەی ئەمریکای هێناوەتە میسر.

بە گەیشتنی (کیسنجەر)، (سادات ) درکی بەوەکرد رەنگە مانەوەی (هیبە) لە مپەرێك بێت لەبەردەم پرۆسەی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرائیل، لەبەر ئەوە دەستبەجێ فەرمانی لە سێدارەدانی دەرکرد، کە کسینجەریش بە ساداتی گوتبوو، کەی لە سێدارە دراوە؟ سادات پێی گووتبوو ئەمڕۆ.


شکست و دۆڕانە یەك لە دوایەك و داتە پینی ورەی عەرەب بەو هەموو دەوڵەت و سەرکردانەیەوە، کە هەیبوون، وایکرد بوو باوکی(هیبە) (بریکاری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن) نەتوانێت ئەم بیرکردنەوەیە لە مێشکی کچەکەی نەهێڵێت تەمی نائومێدی لەلادا بڕەوێنێتەوە.

هەر ئەم بیرکردنەوەیەشی وایکردبوو، ببێتە ئەندامی یانەی (جەزیرە) بەناوبانگترین یانەی قاهیرەی پایتەخت، (هیبە) لەگەڵ گەنجانێك پەیوەندی و دۆستایەتی هەبوو، کە تاقەتی ئەوەیان نەبوو سەری خۆیان بە شەڕ و شۆڕی سیاسەت بیەشێنن، تەنها دنیای فاشیۆن و دوامۆدەی جلوبەرگ و خۆ رازاندنەوە نەبێت.

سەرەڕای دۆڕانەکەی ساڵی (1967)ی عەرەبەکان و کاریگەری دەروونی بەسەر تێکڕای خەڵك، (هیبە) بە دوای لەبەرکردنی جلوبەرگی کاوبۆیی و گوێگرتن لە گۆرانییەکانی (ئەلفیس بریسلی) وێڵ بوو.

دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواوکرد، زۆری لە باوکی کرد بۆ خوێندنی زانکۆ بینێرێتە پاریس، ئەوسا زۆربەی گەنجانی دایك و باوك خواپێداو (های لایف) نە ئەچوونە زانکۆکانی میسر و خوێندنی زانکۆکانی ئەوروپایان لا باشتربوو.

لە پاریس کچە زۆر خۆی پێنەگیرا لەبەردەم تەوژمی ژیانی ئازادی ئەوێ، لەبەرئەوەی بەمنداڵیش زمانی فەرەنسی خوێند بوو، ئاسان توانی تێکەڵی ژیانی ئەوێ ببێت، کورسیەکانی کۆلیژ بە کچە جولەکەیەکی پۆڵەندی ناساند، (هیبە) شەوێك داوەتی ئەو هاوڕێ تازەیەی بوو لە شوققەکەی و چەند لاوێکی دیکەی جولەکەی ناسی، کە سەرسام بوون بە بوێری ئەو کچە عەرەبەی زۆر بەبێ دوو دڵی رەخنەی لە ژیان و شێوازی بیرکردنەوەی عەرەب دەگرت



ئەنوەر سادات

و بایەخی بە شەڕ و شۆڕی عەرەب و ئیسرائیل نەدەدا.

لەسەردانێکی دیکەیدا بۆ شوققەی هاوڕێ پۆڵەندییەکەی، زۆر بە ئاشکرا (هیبە) رەخنەی لە شەڕگرت و پێی راگەیاند دەخوازێت ئاشتی لە هەموو دنیا بەرقراربێت.

هاوڕێکەشی فیلمێکی نیشاندا سەبارەت بە شێوە ژیانی کۆمەڵایەتی، خەڵکی ئیسرائیل و پێی راگەیاند"ئیسرائیلیەکان مرۆڤن.. درندە نین، وەك راگەیاندنی عەرەبی ناویان دەبات".

فراوانبوونی بازنەی پەیوەندی (هیبە) لەگەڵ لاوانی دیکەی جولەکە، راستیی ئەوەی سەلماند"عەرەبەکان هەرگیز و هەرگیز ناتوانن بارتەقای ئیسرائیل بکەن ئەگەر سەد هێندەش بن کە هەن"، هەروەك دڵنیا بوو لەوەی ئەمریکا پاڵپشتی ئیسرائیل دەکات لە کاتی تەنگانە"، جگە لەوەی بڕوای وابوو عەرەبەکان پیادەی دیموکراتیەکی درۆزنانە دەکەن و هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن سەرکردەکانیان بە هەموو عەیب و عارەکانیەوە بپەرستن.

کەڵەکەبوونی ئەو باوەڕانە و دڵنیابوون لەوەی ئیسرائیل دۆستانی خۆی دەپارێزێت، هەوێنی کارکردنی ئەوەبوو لەگەڵ (موساد).

(هیبە)(موقەدەم فاروق فەقێ)ی بیرکەوتەوە، کە بەردەوام لەناو یانەی جەزیرەو لە دەرەوەی یانەش بە دوایەوە بوو، بەڵام ئەو دەرفەتی پێ نەدا بوو لێی نزیك بکەوێتەوە. تا جارێکیان بە تەلەفون بە (هیبە)ی گوتبوو "خۆشم ئەوێ کچە جوان.. ئەتپەرستم"، بەلام (هیبە) بە توندی رەتی کردبووە.

(هیبە) بیری کەوتەوە ئەو پلەدارە، لە دەزگایەکی سەربازی گرنگ کاردەکات و بە هەر نرخێك بێت دەبێت بیخاتە داو.

دوای دروستبوونی پەیوەندییان بەرە بەرە پرسیاری هەندێك زانیاری سەربازی لێدەکرد. بە تایبەتی شوێنی ئەو رۆکێتە روسیانەی تازە گەیشتبوونە میسر، ئەویش بە وردی و بە بایەخەوە باسی ئەو نهێنیە سەربازییانەی دەکرد بە نەخشەوە.

(هیبە) لە زووترین دەرفەتدا ئەو زانیاریانەی ناردنە پاریس، کاتێك ئیسرائیل بۆی دەرکەوت ئەم زانیارییانە دروستن، بایەخێکی زۆر زیاتری پێداو ئەم جارە داوایان لێکرد شوێنی گردبوونەوەی هێزە چەکدارەکان و رۆکێتە دژە ئاسمانی و پلانە ئایندەییەکانیان، بۆ جاری دووەم ئەو زانیاریە گرنگانەی دەست (هیبە) کەوتن گەیاندنیە پاریس، پاداشتەکەی لە بەرامبەر دا (15) هەزار فرانکی فەرەنسی بوو، بەلام (هیبە) پارەکەی رەتکردەوە، تەنها خەرجی هاتن و چوون و مانەوەی (3) مانگەی نەبێت لە پاریس.

(موقەدەم فاروق) هەرگیز دوودڵ نەبوو لە پێدانی زانیاری سەربازی بە مەعشوقەکەی، بە تایبەتی دوای ئەوەی بە ئۆتۆمبێلە فیاتە (124)ەکەی پیاسەیەکی ناوچەی هەرەمییەکانیان کردبوو و

(هیبە) خۆی بۆ والاکردبوو.
کە دواجار (موقەدەم) ببووە سیخوڕو لەسەر نەخشە شوێنی ڕۆکێتی (سام- 6) دژە فڕۆکەکانی دەستنیشان کردبوو.
فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان هەستی کرد شوێنی (قاعیدەی) ڕۆکێتە دژە ئاسمانییەکان، کە تازە دانرابوو زوو تێکدەدرێت لە لایەن ئیسرائیلەوە.
ئەم ڕەوشە هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی هەندێ زانیاری هەواڵگری سەربازی، کە سیخوڕێکی سەربازی لە نێوانیاندا هەیە و زانیاری هەواڵگری زۆر نهێنی داوەتە ئیسرائیل.
گومانەکە هەر لە وەزیری بەرگری گرتەوە، تاکو گەیشتە بچووکترین ئەفسەری سەربازی (عیسا سەراجەددین) باڵوێزی میسر لە کۆپنهاگن و دواتریش بریکاری وەزارەتی دەرەوەی میسر لەو بارەیەوە گووتبووی "چاودێری سەر پۆست بەرزکرایەوە بۆسەدا سەد، هەر وەك چاودێرییەکی توندیش خرایە سەر ڕەفتار و جوڵانەوەی هەموو فەرماندە سەربازییەکان و یاریدەرەکانیان".
(هیبە) لە پاریس ئەوروپیانە ژیانی دەکرد و فێری خواردنەوە و جگەرەکێشان بوو بوو، تەنانەت حەزی نەدەکرد، میسری بیریش بکەوێتەوە.
(هیبە) حاشای لە عەرەبایەتی خۆی کرد، بە تایبەتی کاتێك داوەتکرا بۆ ئیسرائیل و دوو فڕۆکەی جەنگیش بە دوای فڕۆکەکەیەوە بوون، وەك پاسەوانی شەرەف، کە بە تەنها بۆ پادشا و سەرۆك وڵاتان ئەنجامدەدرا، وێڕای مەراسیمی پێشوازی نێو فڕۆکەخانە، هەروەها (مائید عامیت)ی سەرۆکی دەزگای موساد و لە نووسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لێکرد.
کە داوای ئەوەشیان لێکردووە ئاخۆ ئیسرائیل چی بۆ بکات، (هیبە ) تەنها داوای ئەوەی کردووە (جولدا مایلد)ی سەرۆك وەزیران ببینێت، (جولدا مایلد) لە هزری (هیبە)دا، ئەو پاڵەوانەبوو کە عەرەبەکانی بەزاندن و کەرامەتی رووشاندن، (هیبە) دەڵێ "دەیان جەنەڕاڵی گەورەی سەربازی لەبەر دەرگای سەرەك وەزیران وەستابوون سڵاویان بۆ وەرگرتم".
لە کاتی ناساندنیشم (جولدا مایلد) گووتی "ئەو خانمە خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە ئیسرائیل کردووە، کە هیچ لە ئێمە مانان نەمانکردووە".
لە قاهیرەی پایتەخت چاودێری کردن و گەڕان بەردەوام بوو بە دوای دۆزینەوەی سیخوڕەکە، تا ئەو کاتەی چاودێری نامەیەك دەکەن کە پەیامێك بووە بۆ خۆشەویستەکەی لە پاریس و لە بەشێکی پەیامەکەیدا دەڵێت "ئاریالی رادیۆکەم بەستووە"، چاودێرەکەش بە لایەوە سەیر بوو کە باسی لە هەڵدانی ئاریالی رادیۆ دەکرێت لە کاتێکدا هەڵدانی ئاریالی رادیۆ بەسەرچووبوو.
چەند لیژنەیەك دروستکران بۆ دۆزینەوەی ئاریالەکە و لەگەڵ هەر لیژنەیەکیش، فەرمانی دادگا هەبوو بۆ گەڕان و پشکنینی هەر ماڵێك، کە دواجار لەسەر باڵەخانەیەك ئاریالەکەیان دۆزییەوە (ئەحمەد ئیسماعیل)ی وەزیری بەرگریان راسپارد کە سادات ئاگادار بکاتەوە.
دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت شوققەکە هی (موقەدەم فاروق فەقێ) یە. کە ئەو کات بەڕێوبەری نووسینگەی فەرماندەییەکی گرنگی سوپا بوو، جگە لەوەی ڕۆڵێکی زیندووی دەگێڕا لە سینا.
کاتێك موقەدەم لە ژووری (لیوا حەسەن عەبدولغەنی) جێگری بەڕێوبەری هەواڵگری سەربازی چووە ژوورەوە، بەو پەڕی توندوتیژی چاوەڕێی دەکردو پێی گووت(ها. تۆی).
لە کاتی لێکۆڵینەوە موقەدەم دانی بەوەدانا، کە دەزگیرانەکەی


هینری کیسنجەر

دوای شەوێکی سوور کردوویەتیە سیخوڕ، کە ماڵەکەشیان پشکنی جیهازێکی پەیوەندی و هەندێك مەرەکەبی نهێنیان دۆزییەوە لەنێو شووشەیەکی دەرمانی سکچوون، لەگەڵ چەند لاپەڕەیەك زانیاری سەربازی.
زۆر بە نهێنی و خێرا درایە دادگا و فەرمانی ئیعدام کردنی درا بە گوللە.
ئنجا لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بڕیاردرا، بە جۆرێك (هیبە) بهێنرێتەوە قاهیرە و رانەکاتە ئیسرائیل.
پلانیشیان بۆ هێنانەوی کچەکە بۆ قاهیرە ئەوەبوو لیوا حەسەن عەبدولغەنی خۆی بچێتە لیبیا و قسە لەگەڵ باوکی کچەکە بکات، کە ئەوسا بە پلەی وەزیفەییەکی گەورە لە لیبیا بوو، واشیان دانابوو بە باوکی بڵێن کچەکەی لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی، تێوە گلاوە لە رفاندنی فڕۆکەیەك و ئەگەر (پاریس)یش جێ نەهێڵێت دەستگیر دەکرێت، وایان دانابوو باوکی پێی بڵێت نەخۆشی دڵی گرتووە و دوور نییە بمرێت.
باوکی بروسکەیەکی بە پەلەی بۆ نارد بگەڕێتەوە، ئەویش وەڵامی دایەوە کە تەرابلوس جێبهێڵێت بەرەو پاریس و ئەو لەوێ نەخۆشخانەیەکی بۆ عەجز کردووەو لە فڕۆکەخانەش بە ئەمبولانس چاوەڕێی دەکات.
بەڵام ئەوان بەرێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی لیبیا و بۆ ئەوەی لە دەستیان دەرنەچێت، وەڵامی (هیبە) یان دایەوە و گووتیان باوکی باری تەندروستی زۆر خراپە و ناتوانێت سەفەر بکات، لە نەخۆشخانەی سیناریۆکەیان وارێکخستبوو، کە باوکی لە ژێر چاودێری پزیشکیدایە، ئیسرائیل دووکەسی نارد بۆ دڵنیا بوون لەوەی باوکی نەخۆشە، دوو کەسەکەش کە چوو بوونە نەخۆشخانە و پرسیاریان کردبوو، وا تێگەیندرابوون کە باوکی (هیبە)نەخۆشە.
(هیبە) بەرەو لیبیا کەوتەڕێ، لە فڕۆکەخانە دوو ئەفسەرە میسرییەکە لە چاوەڕوانی دابوون.. لە دووری چەند مەترێك (هیبە) زانی ئەو ئەفسەرانە بۆ گرتنی ئەو هاتوون و لێی پرسین بۆ کوێ یەکێکیان وەڵامی دایەوە و گووتی: (موقەدەم فاروق) ئەیەوێ چاوی پێت بکەوێت، ئەمیش گووتی لە کوێ ؟ لە وەڵامدا پێی گووت لە قاهیرە، (هیبە) گووتی" بۆ ئێوە کێن؟".
لیوا حەسەن عەبدولغەنی گووتی "ئێمە هەواڵگری میسریین"،
دواتر (هیبە) گواسترایەوە میسر و بە گەیشتنی (هینری کیسنجەر) بە فەرمانی خێرای (سادات) لەسێدارەدرا، چونکە (سادات) دەیزانی (کیسنجەر) داوای سووك کردنی سزاکەی دەکات..

# ئەم سەعاتە پێویست نییە، هەست بەزەمەن ناکرێت

و/ ڕێبەند



ئەنیس مەنسور

**لەمێژە** پێشنیارم کردووە میلی چرکەژمێری سەعاتەکانمان دەربێنین، چونکە ئێمە هێندە ورد نیین، دواتر پێشنیارم کرد میلی خولەکەکانیش دەربێنین، ئێمە تەنها لە کاژێر دەزانیین و چیمان داوە لە خولەکێك و چەندین خولەك، تەنانەت لە یەك کاژێریشدا گرفتمان نییە.

بۆ نموونە لەژیانی ئاساییماندا دەڵێین: دوو کاژێر یان سێ کاژێر چاوەڕێت دەکەم، یان دەڵێین: توخوا کاژێر حەوت یان هەشت سەرێکم بدەو، کاژێر نۆ دەمبینیەوە، تا کاژێر دەو چارەکیش چاوەڕێت دەکەم..

ئەوەی بیر لەم دەربڕینە بکاتەوە، دەزانێ کە زەمەن لای ئێمە هیچ مانایەکی نییە، وەك ئەوەی هەستی پێ نەکەین.. ئێمە نەوەی ئەم فیرعەونانەین کە ژماردنی تەمەنی شوێنەوارەکانیان بەساڵەها ناکرێت، بەڵکو بەسەدەها سەدە دەژمێردرێن.

جارێك لەگەڵ سێ هاوڕێ ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کاژێر یەك کۆ ببینەوە، یەکێك بچێتە نووسینگەی هاوڕێیەکمان و لەوێوە بێنە لای من و، ئینجا بەلای کەمەوە نیو کاژێر دابنیشین..

کاژێر یەك کەسیان ئامادە نەبوون، تا کاژێر دوو چاوەڕێم کرد.. ئینجا هەستام و ڕۆیشتم.. ڕۆژی دواتر بەیەك گەیشتینەوەو وەك عادەتی ئاسایی دەستمان بەقسەکردن کردو دواتر هەر یەکەو چووە شوێنی مەبەستی.

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو، کە کەس لەهاوڕێکەی نەپرسی: بۆ دوێنێ ئامادە نەبووی؟ بۆیە نە ئەو داوای لێبووردنی کردو نە ئێمەش پرسیارمان لێ کرد.

ئێمە ڕێککەوتبووین لەسەر وادەیەك، کەواتە وادەو ڕێککەوتنی ئێمە بەجدی نییەو بڕواشمان بەپاراستنی بەڵێن و وادەکان نییە. ئەوەی زۆر سەیریشە ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێك ڕێك دەکەوین لەسەر وادەیەك، هەموو جارێکیش لە وادەکاندا ئامادە نابین. پێدەچێ پێداویستی ڕێککەوتن تەنها عادەتێك بێت.. ڕێزنەگرتنی ئەم وادەیەش بۆتە عادەتێکی تر.. دیالۆگ نەکردنیش لەسەر ڕێزگرتنی ڕێککەوتنەکان عادەتی سێهەمە. کەواتە بۆچی خەڵك کاتژمێر لەدەست دەکەن؟ شتێکە بۆ جوانکاری.. یان بیانوویەکە بۆ ئەوەی بەگژ هەر مرۆڤێکدا بچینەوە، کە بەڵێنی جێبەجێ دەکات و لە وادەی خۆیدا دێت!! بۆیە من جارێکی تر پێشنیار دەکەمەوە کە میلی کاژێریش لە سەعاتەکان دەربێنین، بەڵام خودی سەعاتەکان با لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە، چونکە وا ڕاهاتووین لەوێ بیانبینین!

* ڕۆژنامەی: الشرق الاوسط ع:10204
2006.11.5

# بەرپرس و پرسگە و ژووری ڕازاوە !

محەمەد مێرگەسۆری

**بــوونی** مرۆڤ لەسەر زەوی و بەوردبوونەوە لەخود لەم گێتییەداو پرسیارکردن لەماهییەتی ئەو بوونە، ڕەنگبێ ئەوە چەنگ هەر مرۆڤێك نەکەوێت کە ئەو بوونەمان لەپێناوی سەلماندنی خود، ئەویش بەڕێگاییێکی یاسایی و ڕێزگرتنی مرۆڤایەتی و دەرنەچوون لەبوارو سنووره ئەخلاقییەکان بالاّ بەرزترو بڵندتر دەبێ. لەم ڕێڕەوەشدا ڕەنگبێ هەر کەس و تاکێك ئەو بوارەی بۆ نەلوێت، کە بەهەموو هیواو ئامانجەکانی بگات و بتوانێ باشتر گوزارشت لەخۆی و لە هەست و بیروڕایەکانی بکات و بەردێك بخاتە سەر تەلاری بەرەو پێشڤەچوونەکان.

لێرەدا بەرپرس وەکو مرۆڤێك وەردەگرین، کە لە بڕینی قۆناغگەلێکەوە هاتووەو ڕەنگبێ لە بوخچەی مێشك و هەگبەی ژیانیدا سەربوردەی زۆر هەبێ و لەگەلێك بارودۆخدا ئەسپی خۆی تاو داوبێ. بەرپرس بوون، واتە بەرپرس بوون لە بەڕێوەبرنی لایەنێك لەلایەنەکانی ژیانی خەڵك و کاتێك پڕ بەمانای وشەکەوە دەچیتە ژێر پێناسەکەیەوە ئیتر ئەو کەسێك نییە لەدەرەوەی بەر پرس بوون و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسیارو ڕەخنەو گازاندەکان و شەن وکەو کردنی بارودۆخەکان وخستنەڕووی وەلاّمەکان، هەروەها تاکێکیش نییە نەتوانێ بابەتیانەو زانستییانە لەگەڵ پێشهاتەکان بجوولێ و ڕەفتاربکات، هەست وسۆز ڕاپێچی بکەن و هەمیشە کاردانەوەییێکی عاتیفیانەی بۆ کێشەکان هەبێت. بەرپرسیارێتی هەوەنتە نییەو دیاری و خەلاتێکیش نییە بتوانرێ ببەخشرێ، ئەوەتا لەبەڕێوەبردن و سیاسەتی هاوچەرخ و مۆدێرندا، عەقڵگەراکان ڕێبەرن و سروشتی ژیانی هاوچەرخ لەگەڵ دەمارگرژی و هەست وسۆزو تاریك بینی یەکناگرێتەوە. لە کۆمەڵگاییێکدا کە کار بەعەقڵ دەکرێ، کارو بارەکان کەسانێك بەڕێوەی دەبەن کە توانای لێکدانەوەی هەمە لایەنەی بارودۆخەکانیان هەبێت و کاریگەربێت بۆ پێشکەوتن و شیاوی ئەو پلەو پایەن و بنەماو کولتورێکی هێندە دەوڵەمەندو پێشکەوتووانەیان هەیە، کە ئیتر هەر مرۆڤەو وەکو مرۆڤ ڕێزی هەیەو هیچ پەیوەستییەکی بەباوك و خێزانیەوە نییە، هێندەی تەرکیز لەسەر لێهاتوویی و تواناکانی ئەو تاکە دەکەن، هێندە پەرۆشی ئەوەنین کوڕی کێیەو سەر بە چ بنەماڵەییێك وحیزبێکە. لە کۆمەڵگای ئێمەشدا کەم نین ئەو بەرپرسانەی دەورو ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگاش خۆی بە قەرزاریان دەزانێ و هەوڵ و ماندوو بوونەکانیان لەبەر چاو دەگرێ و بەچاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانن. بۆیە چەندە دڵخۆشکەرە کاتێك بەرپرسێکی خۆمان دەبینین لەکێشەو بارودۆخە ناهەموارەکان، داواکاری مافەکانمانەو بەپیر داخوازییەکانمانەوە دێ و پرسگەکانیشی شوێنێك نین بۆ سەرئێشەو کات بەفیڕۆ دانمان، چونکە کێشەوخەمی خەڵك بەهی خۆی دەزانێ و لەهەمووی گرنگتر هیواو ئومێدی خەڵکەو دەکرێ پێشکەوتن و سەربەخۆییشمان لەچاوانی ئەوانەوە ببینین، چونکە سەربەخۆیی ئەوەندەی دڵسۆزی و کاری دروست و ماندووبوون و ژیریی پێویستە، ئەوەندە پێویستی بەخەیاڵ و هەڵچوون و گەندەڵییەوە نییە. لەلایەکی تریشەوە بەپێچەوانەوە چەندە دڵناخۆشکەرە کاتێك بەرپرسێکی خۆمان دەبینین لەهەوڵی خراپ بەکارهێنانی پلەو پایەکەیەتی. لەبیرمان نەچێت مافی هەرکەسێکە هەوڵبدات بۆ گەیشتن بە هیواو ئارەزووەکانی و بوون بەبەرپرس و وەئەستۆگرتنی بەشێك لەخزمەتکردنی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی، لەلایەنێك لەلایەنەکانی ژیان و سەلماندنی خود، بەوەی کە بەدرێژایی زەمەنەوە هەوڵی بۆدابێت، بەمەرجێك گەیشتنی لەسەر حیساب و بەرژەوەندی و مافی گشتیی کۆمەڵگا نەبێت. بەلاّم ئەگەر بەرپرس بوون بۆ مەرام و مەبەستێکی ترەوە بووەو ئارمانج، ئەوا کۆمەڵگا بەرەو نائومێدییەکی نەویستراو پەلکێشدەکرێ.

بەرپرس ئەوکاتە دەبێتە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگاکەیەوە، کە نەتوانێ وەلاّمدەرەوەی هەموو ئەو پرسیارانە بێ، کە منداڵێك لەباوکی دەکاو قەناعەتی ئەوەی بۆ چێ بکات، کە دەکرێ پرسیاری زێدەتر بکاو پێویستیش بە سوور بوونەوەو شەرم کردن و ڕووبەڕوو بوونەوە بە تێهەڵدان نەبێت و دەمی پرسیارەکانی بە قوڕ سواخ نادرێت.بۆیە کۆمەڵگا کاتێك مەرگی ڕادەگەیەنرێت، کە هەندێك لەبەرپرسەکان هەموو جوانییەکان ناشیرین دەکەن و مێژوویێکی ڕەش و نەفرەتلێکراو تۆماردەکەن و ئەو دەرفەت و ماوەیە ناهێڵنەوە، کە خەڵکی هەست بەجوانییەکان بکەن. ئەو بەرپرسانەی کاروباری ئاسایی خەڵك بەڕێوە دەبەن و هەوڵدەدەن خۆیان لەخەڵك جیابکەنەوەو ژمارەی پرسگەکان زیاد دەکەن و بە ڕۆژان هاولاّتییان چاوەڕوان دەمێننەوە، ئیتر دڵسۆزبوون و پیرۆزییەکان هێدی هێدی بارگەی خۆیان دەپێچنەوەوبێ ئینتیمابوون و نائومێدی جێگەیان دەگرێتەوە.

بەرپرسەکان ژوورەکانیان جوان دەڕازێننەوەو مێزی جوان و گرانبەها دادەنێن و لەپشت مێزەکانیانەوە ناجوولێن، بۆ ئەوەی وا لە( ئێمە)ی هاولاّتی بگەیەنن جیاوازییەکانی نێوانمان ئەو مێزە بەنرخەیەو پێمان دەڵێ من لەئێوە جیام و بەشێکم لەپیرۆزییەکانی ئێوەو گەورەم(ئەوەش ناکرێ چونکە تەنیا خوا گەورەیە). ئەو دەیەوێ پێمان بڵێ لە دەرەوەی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانی من هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیێك نییە، گوزارشت لەواقع و ڕاستی بکات. بەرپرس کاتێك ئەو مافە بەخۆی دەدات لەسەرووی یاساوە بێت و بەرپرسیارێتییەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی و تاکەکەسی بەکاردێنێ، ئیدی ئەو لەدیدی ئێمەوە کەسێك نییە کە چاوەڕوانییەکی زۆرمان پێی هەبوو، ئایندەشمان لەچاوانی ئەوەوە دەبینیەوە. ئیدی لێرەوەیە کە بەرپرس خزمەتکاری میللەت نییەو خزمەتکارێکی جیدی بەرژەوەندییەکانیەتی. چونکە بەماوەییێکی کەم قارچك ئاسا هەڵدەکشێن و ڕێگای سەد ساڵە بەماوەییێکی زۆرکەم دەبڕن، ئەوەش جێگای لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆرە، کە هۆکارو دەرەنجامەکانی وەدیار بخات. چونکە هەر کارکردنێکی نایاسایی لە کۆمەڵگا دەکرێ تەشەنە بسەنێ و هەموو کۆمەڵگا بگرێتەوە، ئەمەش کۆمەڵگا لەجیاتی سەربەخۆبوون وابەستە دەکات. لەدیدی منەوە ئەو هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردن و دەکرێ ناویشی بنێین گەندەڵیە، کە پێی هەڵدەستن، بەوە لێکبدرێتەوەو شی بکرێتەوە، کە ئەوان بەتەمای مانەوەی خۆیان نین و باش دەزانن، کە شایستەی ئەو پلەو پایەیە نین و هەرکاتێك ئیمکانی لادانیان هەیە. هەروەها نەبوونی یاسایێك بۆ لێکۆڵینەوە لەڕێژەو بڕی داهات و ڕێگاکانی بەدەست هێنانی، یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە لەپەنای قۆستنەوەی هەل و بینینی دەرفەتەکان، کاری نایاسایی بکەن، بۆیە ئەگەر لەئایندەش یاسایێك بۆ لێپێچینەوە لەو کەسانە بێتە ئاراو یارمەتی گەڕاندنەوەی متمانە لەنێوان بەرپرسان و خەڵك دەدات و ژوورە ڕازاوەکانیش بەچاوێکی ترەوە دەبینرێن و ڕەنگبێ هێشتا قەناعەتی ئەوەیان بۆ چێ نەبووبێ، کە مرۆڤ بەخزمتکردنەوە جوانەو ئەو شتەی بەنەمری لەهزری خەڵکی دەمێنێتەوە، مرۆڤدۆستی و خزمەتگوزاری و دڵسۆزییە نەك هەڵپەرستی، گاندی دەڵێت: هەر ئەوەندەی کە بنەماکانی ئەخلاقیمان لەدەستدا، ئیدی کەسێکی ئەخلاقی نین. مەزهەبێك ناتوانێ بوونی هەبێت، کە ئەخلاق ژێرپێ بخات، بۆ نموونە کەسێك ناتوانێ دوور لەحەقیقەت و ویژدان، لەهەمان کاتدا بە بڕوا بێ و ئیدیعای ئەوە بکات، کە خوا هاوکاریەتی. تاك دەبێ لەدڵ و گیانەوە خوازیاری خۆشی و کامەرانی بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا بێت، چونکە کامەرانی و خۆشیی ئەویش لەوەدایە کە کامەرانی و خۆشی بۆ هەمووان بەدی بێت، تاکێك کەتەنیا خوازیاری کامەرانی بۆخۆی و خزمەکانی بێت،خۆپەرەست و خۆویستە، کە هەرگیز ناتوانێ بۆ خودی خۆیشی باش بێ .

m_mergasory@yahoo.com

تشرینی دووەمی

2006

# زمانی دووەمی سۆران



بۆتان تەحسین

**مامۆستا** هەژار لەچێشتی مجێور، خوێندنەوەی قەشەیەکی مارۆنی لەبارەی زمانی عەرەبی دەگێڕێتەوە، بەپێی قسەی ئەو قەشە مارۆنییە خودی ئاڵۆزیی و سەختی بنەوێکانی زمانی عەرەبی، وای لەخوێندەوارانی عەرەب کردووە، بێ داهێنان و بەهرە بن لە ژیان، چونکە هەر عەرەبێك تا ئەو بەرگ و کتێوانەی تایبەت بە رێزمانی عەرەبین تەواو دەکات، تەمەن کۆتایی دێت و فریای هیچ بوارێکی دیکە ناکەوێ.

من لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە وانەی عەرەبیم خوێندووە، ساڵانە پرسیارێکی ئەو وانەیە وەك کلێشە ئیعراب بوو، تا خوێندنی زانکۆشم تەواو کرد، نەمزانی کە وشەی ئیعراب بەشێکە لە پرۆسەی تەعریب، هەمیشە ئەو رستەیەی داوای تەعریبیان لێدەکردین، بە بێ وردبوونەوە لەناوەڕۆکی مەبەستەکەی بە ئەزبەرکردن، بە (مەرفوع و مەنصوب و مەجرور) وەڵامم دەدایەوە، بەبێ ئەوەی بزانم مەرفوع هەڵواسراوە، مەنصوب دانراوە، مەجروریش لێك وەکێشراوە. کوردێکی سنەیی لەبارەی قسەکردنی مام جەلال بە عەرەبی و ئینگلیزی–ەوە دەڵێ: من نە ئینگلیزی نە عەرەبی دەزانم، وەلێ کە مام جەلال بەو دوو زمانە قسەدەکات، لە هەردووکیان دەگەم.

لێرەشدا ئەو راستییە دەردەکەوێ، کە فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ کورد پرۆسەیەکی زەحمەتە، ئەگەر قورئان نەبوایە، لەوانەبوو رێژەی عەرەبی زانەکانی کورد بە ئەندازەی عەرەبی زانەکانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بێ، کە حەمەدەمین دەکەنە خەمەدەمین.

جا پرسیار ئەوەیە کە ئایا بەو شێوەیەی هەزم کردنی زمانی عەرەبی کارێکی قورس و زەحمەتە، زمانەکانی دیکەش وان، بە تایبەتیش زمانی فارسی، کە حاڵی حازر بە فرەوانی لە سۆران بەربڵاوەو زمانی دووەمی قسەکردنە و بۆتە جێگەی مشتومڕو قسەوباس..

دەڵێن لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا لە هەولێر خەڵکێك کە بەتورکمانی قسەیان کردووە، بۆ ئەوە نەبووە خۆیان وا نیشان بدەن نەتەوەیەکی دیکەن، بەڵکو بۆ ئەوە بووە، کەوا خۆیان دەربخەن شارنشینن و هەرکەسێك تورکمانی نەزانیبا بە کرمانج لە قەڵەم دراوە، ئەو توێژەی بەزمانی تورکمانی لەگەڵ یەکتر دەپەیڤین، بۆ ئەوەیان بووە خۆیان بەبەرزتر نیشان بدەن لەوانەی، کە تورکمانی نازانن.

خەریکە لە سۆرانیش زانینی زمانی فارسی وەك ئیمتیازێك سنووری نێوان فارسیزان و فارسی نەزانەکان دەچەسپێنێ. تێکەڵاویی و هاوسۆزیی و لەیەك نزیکبوونەوە پتر لەنێوان ئەوانە هەیە، کە زمانی فارسی دەزانن، وای لێهاتووە ئەگەر سێ کەس بەیەکەوە بن، دوو فارسی زانەکە، لە جیاتی کوردی بە زمانی فارسی لەگەڵ یەکتر بدوێن، تەوزیف کردنی زمانی فارسی بۆ لێکجوداکردنەوەی توێژەکان، بەر لەهەموو شتێك گورز لە زمانی فارسی دەدات و رق و کینێك بەرامبەر ئەو زمانە دروست دەکات، لە کاتێکدا پێویستە ئەو ئارێشەیە بە ئاراستەیەکی تر بچێ، زمانی فارسی زمانێکی زیندووی ناوچەکەیە، زمانناسان لە روانگەی مۆسیقایی بوونی فۆنەتیکەکەیەوە وەك زمانی فەرەنسی بە زمانی خۆشەویستی دەناسێنن، کرانەوە بە ئاراستەی ئەو زمانە کرانەوەیە بەرەو فەرهەنگێك، کە جێ پێی دیارە لەنێو کاروانی شارستانیەتی ناوچەکە، نووسەر و رۆشنبیرانی ئێران لە هەموو ناوچەکانی تر زیاتر حازر بەدەستن بۆ وەرگێڕانی هەرچی کتێب و بڵاوکراوەی تازەیە بۆ سەر زمانەکەیان، جا بەردەوام بوون لەگەڵ ئەو زمانە کەناڵێکی کاریگەرە بۆ گرێدانەوە و بەستنەوەی کورد بە فەرهەنگە زیندووەکانی جیهان، لێرەش دەکرێ ئاسانکاری پتریش بۆ ئەوانەی لەو دیو دەگەڕێنەوە بسازێنرێ، کە لەم زمانە دانەبڕێن و زەمینەی بەردەوامبوونیان بۆ خۆشبکرێ و هانی کتێبخانە و ناوەندەکانی فەرهەنگی بدرێ، بڵاوکراوەکانیان پێ بگات. لەم روانگەیەوە، پێویستە نەك بە هەنگاوێکی دژ بە کوردایەتی و زمانی نەتەوەیی لە قەڵەم بدرێ، بەڵکو برەو بە قسەکردن بەزمانی فارسی بدرێ، کە زمانی فەرهەنگێکی زیندووە، نەك زمانی خەڵکێکی خاوەن ئیمتیاز .

# سنووری بەهەشتو جەهەننەم

**بەمەبەستی** تاوتوێکردنی پڕۆژەی فیلمەکەیان، لەگەڵ ئەو گرووپە سینەماییە ئەڵمانییە، ئەو ئێوارە درەنگە، سەرەتا ئەم سنوورە بەستەڵەکە فەرمییە نەشکێندرا، وەکو بڵێی ساردی ولاتەکەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابێت!. بەلاّم کاتێك هاوکارم (هوشیار)ی سینەماکار، کە بەردەوام هەگبەکەی پڕ لە نوکتەیە، هاتە ناو گۆڕەپانی تەنزو تەعلیق، ئەوانیش دەستیان بە قسەی خۆش کرد. یەکێکیان نوکتەیەکی بەم شێوەیە گێڕایەوە: ((لە رۆژی قیامەت، بڕیاردرا کە هەر نەتەوەو گەلێك بە پێی کارنامەکەی بڕواتە بەهەشت یاخود جەهەننەم!. کاتێك نۆرە گەیشتە کورد، دوای هەڵسەنگاندنو هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەموو کارەساتانەی کە بەسەریدا هاتووە، چانسێکیان دایێ تاکو خۆی بڕیاربدات لە دەست نیشانکردنی دوایین مەنزڵگای!. بەلاّم کورد بێ یەكو دوو سنووری نێوان بەهەشتو جەهەننەمی هەڵبژارد. دوای ماوەیەك بۆ بەدواداچوونی رەوشی کوردەکان سەردانیان دەکرێت، دەبینن کە سەرقاڵی کاری قاچاغچیاتی نێوان بەهەشتو جەهەننەمن!!.)).

کاتێك ئەم نوکتەیە پەلار ئامێزەم لە ((بیانییەك)) بیست، بزەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوانم، بەلاّم دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، هەستم کرد ئەمە تەنزە یاخود بە رواڵەت نوکتەیەو فەلسەفەیەکی قووڵی تێدایە.. با چەند لایەنێکی ئەم فەلسەفەیە بخوێنینەوە:

_سنوور ئەو برینە قووڵو کوشندە، بە زۆر لکێندراوەی سەر جەستەی خاکی نیشتمانەکەمە، کە رەنگدانەوەی لەسەر هەموو بوارەکانی (رامیاریو مێژووییو ئابووریو ئەدەبیو هونەری) گەلەکەمدا هەبووەوە، ناوەڕۆکی چیرۆكو بەسەرهاتو فیلمەکانمان ناتوانن بە ئاسانی لێی دەربازبن. بۆیەشە جێگای سەرسوڕمان نییە ئەم دۆخە بگوازرێتەوە ناو ئەو نوکتەو جۆکانەی، کە خەڵکی بیانیش لەسەرمان دروستی دەکەن!... دووریش مەگرن ئەم دۆخە پێوانەییە بڕواتە ناو کتێبەکەی گیتس!!.

_ئەم دڵەڕاوکێی نێوان ئەمبەرو ئەوبەری سنوور، بۆتە کولتورێك کە هەندێك جار بەشێوەیەکی نەرێنیو نێگەتیڤیش بەسەرماندا شکاوەتەوە. بۆ نموونە، جارێك هەموو راگەیاندنی کوردی باسی کێشەی لاوان دەکاتو دەخوازێت کە ئازادی هەمە جۆری بۆ دابین بکرێتو خودی گەنجانیش بە هەموو توانا ئەم ئازادییە (هەمەلایەنە) داخواز دەکەن، لەوانەش ئازادی لە پەیوەندی نێوان کوڕو کچاندا، بەلاّم ئایا خودی ئەو کوڕانە رازینە بە پەیوەندی نێوان کوڕێك لەگەڵ خوشکەکەی!.. بێگومان ئەو گەنجە خۆی حەزدەکات لە دەرەوەی (سنوور)ی ماڵەوە بە (قاچاغ) ئەم پەیوندییە بۆ خۆی دابین بکات، بەلاّم لە ناوەوەی (سنوور)ی ماڵەوە نەخێر!!.

_ئێمە لە راگەیاندنی خۆماندا، یەك لایەنە بە شانو باڵی خۆمانو گەلی کورد هەڵدەڵێینو باسی ئەوە دەکەین، کە دەشێت ببینە نموونەو مۆدێل بۆ رۆژهەلاّتی ناوینو هەندێك جار سنووریش دەبەزێنینو دەڵێین ببینە پێشەنگ بۆ هەموو جیهان. ئەمەش زوڵمێکی گەورەیە بەرامبەر بە خۆمان دەکەین. ئەو تاکە کوردەی (بەهەموو چینو توێژەکانیەوە!) کە ئینتیماو هۆگریی بۆ پاكو خاوێنی، دارو درەخت، ئاوو خاك، شەقامو رێگا، بەهاو پیرۆزییەکانیو.. تاد!. ولاّتەکەی نەبێت، چۆن دەبێت ببێتە نموونەو مۆدێلی ئەرێنی!. ئەم کردەوەش جۆرێکە لە قاچاخچیەتی لە سنووری نێوان واقیعو خەیاڵدا!!.



فەرزین کەریم

گۆڤار 41